حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

# بەستەرەکانی دەق لە زمانی کوردیدا

## (دەقی کارگێڕی بە نموونە)

نامەیەکە

نژاد حسین شریف

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. محمد عمر عول

(٢٧٢٢)ی کوردی

(٢٠٢٢)ی زایینی

**ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو : پ.ی.د. محمد عمر عول**

**ڕۆژ :   /   /٢٠٢٢**

**بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

**ناو : پ.ی.د. محمد عمر عول**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**ڕۆژ :  /  /٢٠٢٢**

# ئەم نامەیە پێشکەشە:

- بە گیانی هەمیشە زیندووی مامم، کە زۆر وانەی ژیانی لێوە فێربووم.
- بە دایک و باوک و خوشک و براکانم.
- بە هاوسەری ژیانم و جگەرگۆشەکانم.
- بەو کەسانەی بە دیدێکی ڕەخنەییانەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم نامەیە دەکەن.
- بەو مامۆستا بەڕێزانەی لە سەرەتای خوێندنەوە هاوکار و هاندەرم بوون تا ئەم ئاستەی خوێندنم.

## سوپاسی زۆر و ڕێزی بێپایانم بۆ :

- زۆر بەڕێز (پ.ی.د. محمد عمر عول)، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبردووییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی لەئەستۆگرت.
- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و بەڕێزان لێپرسراو و فەرمانبەرانی (خوێندنی باڵا و کتێبخانەی کۆلیژی زمان)، کە پێمانەوە ماندوو بوون.
- بەڕێزان سەرۆکی بەش و بڕیاردەری بەش و سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی، بۆ دڵسۆزی و لەخۆبووردووییان.
- سەرجەم هاوڕێیانی ئازیزم، کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بوون.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Reference | ئاماژەکردن |
| Anaphori | ئاماژەی بۆ دواوە |
| Cataphori | ئاماژەی بۆ پێشەوە |
| Ideational | ئەرکی بیرییانە |
| Interpersonal | پەیوەندی نێوان کەسەکان |
| Textual | دەقیانە |
| Obligation | بەخورتیانە |
| Mental | ئاوەزی |
| | ب |
| Situationality | بارودۆخیانە |
| Theme | باس |
| Partial | بەشی |
| Nominalization | بەناوکردن |
| Immediate Tie | بەستەری ڕاستەوخۆ |
| Mediated Tie | بەستەری میانگیری |
| Remote Tie | بەستەری دوور |
| Conjunction | بەستن |
| Sub Category | بەشەپۆل |
| Inter Textuality | بەیەکداچوونی دەق |
| | پ |
| Cohesion | پێکەوەبەستن |
| Lexical cohesion | پێکەوەبەستنی لێکسیکی |
| Grammatical Cohesion | پێکەوەبەستنی ڕێزمانی |
| Cohesive | پێکەوەبەستراو |
| Coherence | پێکەوەگونجاندن |
| Coherent | پێکەوەگونجاو |
| Categories | پۆلە ڕەگەز |
| Functional category | پۆلە ڕەگەزی ئەرکی |
| Syntactic category | پۆلە ڕەگەزی ڕستەسازی |
| Inter Relationship | پەیوەندیی ناوەکی |
| Acceptability | پەسەندکردن |
| Converses | پێچەوانە |
| | ت |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Network | تۆڕ |
| | |

| | |
|---|---|
| | ج |
| InterNationality | جیهانی |
| Aesthetic | جوانی |
| | چ |
| Reiteration | چەندبارە کردنەوە |
| | خ |
| Rhyme | خواس |
| | د |
| Paraphrase | دارِێژانەوە |
| Structure | دروستە |
| Grammatical Structure | دروستەی ڕێزمانی |
| Information Structure | دروستەی زانیاری |
| Antonym | دژواتا |
| Antonymy | دژواتایی |
| Binary Antonyms | دژواتای دوانە |
| Multiple Antonyms | دژواتای فرە |
| Context | دەوروبەر |
| Utterance | دەربڕدراو |
| Text | دەق |
| Textual | دەقیانە |
| Inter Textuality | دەق ئاوێزان |
| Repetition | دووبارەکردنەوە |
| Expressive Repetition | دوبارەبونەوەی گوزارشتی |
| Salience | دیاربوون |
| | ڕ |
| Texture | ڕستن |
| Element | ڕەگەز |
| Rhetoric | ڕەوانبێژی |
| Mood | ڕێژە |
| | ز |
| Sequence | زنجیرەیی |
| Cohesive Chain | زنجیرەی پێکەوەبەستراو |
| Informatively | زانیاری بەخشین |
| Similarity Chain | زنجیرەی لێکچوون |
| Identity Chain | زنجیرەی ناسنامە |
| | س |
| Borderline | سنوور |
| Adjunct | سەربار |
| Alliteration | سەردەنگ |

| | |
|---|---|
| Optional | سەرپشکی |
| | ش |
| Discourse Analysis | شیکردنەوەی (دەق، ئاخاوتن) |
| Register | شێوە زمان |
| | ک |
| Instant ion | کاتی |
| | گ |
| Hyponymy | گرتنەوە |
| Super ordination | گشتگیری |
| General | گشتی |
| Expression | گوزارشت |
| Variation | گۆڕان |
| | ل |
| Ellipses | لابردن |
| Subordinators | لاشانی |
| Linkage | لکێنەر |
| Substitution | لەبریدانان |
| Semblance | لێکچوون |
| Iconicity | لێکچون لە نێوان هێما و واتادا |
| Lexical | لێکسیکی |
| | م |
| Material | مادییانە |
| | ن |
| Non-Structural | نادروستەیی |
| Naming | ناونان |
| Representation | نواندن |
| Incoherent | نەگونجاوی |
| | و |
| Pre supposing | وادانان |
| Pre supposed | وادانراو |
| General word | وشەی گشتی |
| | هـ |
| Co- Reference | هاوئاماژە |
| Mutual | هاوبەش |
| Co- Classification | هاوپۆلکردن |
| Equivalence | هاوتا |
| Parallelism | هاوتەریبی |
| Collocation | هاوڕێیەتی |

| | |
|---|---|
| Coordinators | هاوشانی |
| Cohesive Harmony | هاوگونجاوی پێکەوەبەستراو |
| Synonymy | هاوواتایی |
| Near Synonymy | هاوواتایی ناتەواو |
| | یـ |
| Structural Unit | یەکەی دروستەیی |
| Textual Unity | یەکڕیزیی دەقیانە |
| Unity of Texture | یەکڕیزیی ڕستن |
| Unity of Structure | یەکڕیزیی دروستەیی |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| ١ | ٠-١ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە |
| ١ | ٠-٢ گرنگیی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠-٣ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠-٤ تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢-٣ | ٠-٥ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ پێکەوەبەستن لە ڕووی تیۆرییەوە** |
| ٤ | ١-١ سەرەتا |
| ٥ | ١-٢ میتا ئەرکی ڕێزمانی ئەرکی |
| ٩ | ١-٣ سیستمی پێکەوەبەستن |
| ١١ | ١-٣-١ وادانان و وادانراو |
| ١٤ | ١-٤ دەق |
| ١٥ | ١-٤-١ شیکردنەوەی دەق |
| ١٦ | ١-٤-٢ دەقی ئاخاوتن و نووسین |
| ١٨ | ١-٤-٣ شیکردنەوەی دەق و ڕێزمان |
| ٢٠ | ١-٥ ڕستن |
| ٢١ | ١-٥-١ ڕستن و دەقییانە |
| ٢٣ | ١-٦ پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن |
| ٢٦ | ١-٧ مۆدێلەکانی پێکەوەبەستن لە زمانەوانیی ئەرکیدا |
| | **بەشی دووەم: بەستەرەکانی دەق و نواندنیان لە زمانی کوردیدا** |
| ٣٦ | ٢-١ دەروازە |
| ٣٧ | ٢-٢ جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی |
| ٣٧ | ٢-٢-١ ئاماژەکردن |
| ٣٧ | ٢-٢-١-١ نواندنی ئاماژەکردن |
| ٣٨ | ٢-٢-١-١-١ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا |
| ٣٩ | ٢-٢-١-١-٢ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقدا |
| ٤٠ | ٢-٢-١-١-٢-١ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی پێشەوەدا |
| ٤٠ | ٢-٢-١-١-٢-٢ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی دواوەدا |
| ٤١ | ٢-٢-١-٢ نواندنی نیشانەکانی ناسراوی لە ئاماژەکردنی دەقدا |
| ٤٢ | ٢-٢-١-٣ نواندنی جێناوەکان لە ئاماژەکردندا |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-١-٤ نواندنی نیشانە پراگماتیکییەکانی کات و شوێن لە ئاماژەکردنی دەقدا | ٤٥ |
| ٢-٢-١-٤-١ نواندنی نیشانەکانی شوێن | ٤٥ |
| ٢-٢-١-٤-٢ نواندنی نیشانەکانی کات | ٤٦ |
| ٢-٢-١-٥ نواندنی نیشانەکانی بەراوردکردن لە ئاماژەکردنی دەقدا | ٤٦ |
| ٢-٢-٢ لەبریدانان | ٤٧ |
| ٢-٢-٢-١ نواندنی لەبریدانان | ٤٧ |
| ٢-٢-٢-١-١ لەبریدانانی ناوی و جێناوی | ٥١ |
| ٢-٢-٢-١-٢ لەبریدانانی لێکدەری | ٥٢ |
| ٢-٢-٢-١-٣ لەبریدانانی کرداری | ٥٣ |
| ٢-٢-٣ لابردن | ٥٥ |
| ٢-٢-٣-١ نواندنی لابردن | ٥٦ |
| ٢-٢-٣-١-١ نواندنی لابردنی بکەر | ٥٨ |
| ٢-٢-٣-١-٢ نواندنی لابردنی کردار | ٦٠ |
| ٢-٢-٣-١-٣ لابردنی تەواوکەر | ٦١ |
| ٢-٢-٤ بەستن | ٦٢ |
| ٢-٢-٤-١ نواندنی بەستن | ٦٣ |
| ٢-٢-٤-١-١ بەستنی لێکدان | ٦٣ |
| ٢-٢-٤-١-٢ بەستنی پێچەوانە | ٦٧ |
| ٢-٢-٤-١-٣ بەستنی هۆیی | ٦٩ |
| ٢-٢-٤-١-٤ بەستنی کات | ٧٠ |
| ٢-٣ جۆرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی | ٧١ |
| ٢-٣-١ دووبارەبوونەوە | ٧٢ |
| ٢-٣-١-١ نواندنی دووبارەبوونەوە | ٧٢ |
| ٢-٣-١-١-١ دووبارەبوونەوەی ناو | ٧٢ |
| ٢-٣-١-١-٢ دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو | ٧٣ |
| ٢-٣-١-١-٣ دووبارەبوونەوەی کردار | ٧٤ |
| ٢-٣-١-١-٤ دووبارەبوونەوەی ژمارە | ٧٤ |
| ٢-٣-٢ هاوواتا | ٧٥ |
| ٢-٣-٢-١ نواندنی هاوواتا | ٧٥ |
| ٢-٣-٢-١-١ هاوواتای تەواو | ٧٦ |
| ٢-٣-٢-١-٢ هاوواتای ناتەواو | ٧٦ |
| ٢-٣-٣ گرتنەوە | ٧٨ |
| ٢-٣-٣-١ نواندنی گرتنەوە | ٧٩ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-٤ میرۆنیمی | ٨٠ |
| ٢-٣-٤-١ نواندنی میرۆنیمی | ٨٠ |
| ٢-٣-٥ گشتگیری (دژواتا) | ٨١ |
| ٢-٣-٥-١ نواندنی دژواتا | ٨١ |
| ٢-٣-٦ هاوڕێیەتی | ٨٢ |
| ٢-٣-٦-١ نواندنی هاوڕێیەتی | ٨٣ |
| **بەشی سێیەم : بەستەرەکانی دەقی کارگێڕی لە زمانی کوردیدا** | |
| ٣-١ سەرەتا | ٨٨ |
| ٣-٢ جیاوازیی دەق و نادەق لە ڕوانگەی دەقی کارگێڕییەوە | ٨٨ |
| ٣-٣ میتا ئەرکی دەقییانە | ٩١ |
| ٣-٤ بەستەرەکانی دەق | ٩١ |
| ٣-٥ دەقی کارگێڕی | ٩٣ |
| ٣-٦ پێکەوەبەستن لە دەقی کارگێڕیدا | ٩٣ |
| ٣-٦-١ جۆرەکانی پێکەوەبەستن | ٩٤ |
| ٣-٦-١-١ پێکەوەبەستنی ڕێزمانی | ٩٥ |
| ٣-٦-١-١-١ ئاماژەکردن | ٩٥ |
| ٣-٦-١-١-٢ لەبریدانان | ٩٧ |
| ٣-٦-١-١-٣ لابردن | ٩٩ |
| ٣-٦-١-١-٤ بەستن | ١٠٠ |
| ٣-٦-١-٢ پێکەوەبەستنی لێکسیکی | ١٠٣ |
| ٣-٦-١-٢-١ دووبارەبوونەوە | ١٠٤ |
| ٣-٦-١-٢-٢ هاوواتا | ١٠٥ |
| ٣-٦-١-٢-٢-١ هاوواتای تەواو | ١٠٦ |
| ٣-٦-١-٢-٢-٢ هاوواتای ناتەواو | ١٠٧ |
| ٣-٦-١-٢-٢-٣ نیمچە هاوواتا | ١٠٨ |
| ٣-٦-١-٢-٣ گرتنەوە | ١٠٨ |
| ٣-٦-١-٢-٤ میرۆنیمی | ١٠٩ |
| ٣-٦-١-٢-٥ دژواتا | ١١٠ |
| ٣-٦-١-٢-٥-١ دژواتای بەرامبەری | ١١١ |
| ٣-٦-١-٢-٥-٢ دژواتای پێچەوانەیی | ١١١ |
| ٣-٦-١-٢-٥-٣ دژواتای تەواوکەرانە | ١١٢ |
| ٣-٦-١-٢-٦ هاوڕێیەتی | ١١٢ |
| ئەنجام | ١١٦ |

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان | ١١٨ |
| الخلاصة | ١٢٣ |
| Abstract | ١٢٥ |
| سەرچاوەی دەقە وەرگێراوەکان | ١٢٧ |

# پێشەکی

## ٠-١ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوەکە بۆ (بەستەرەکانی دەق لە زمانی کوردیدا-دەقی کارگێڕی بە نموونە) تەرخانکراوە، مەبەستی سەرەکیی ئەم نامەیە، لێکۆڵینەوەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بەستەرەکانی ناو دەقە لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتیش دەقی کارگێڕی، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە هەردوو لایەنی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) لە ڕێزمانی ئەرکیدا بەستراوە، لە شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکانیشدا بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە ئاوڕ لە هەندێک لایەنی گرنگی دەق دراوەتەوە.

## ٠-٢ گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

دەق بابەتێکی گرنگ و فراوان و ئاڵۆزە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیردەکرێت، چونکە لە ڕوانگەی ڕێزمان و واتاوە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریيان لە بواری زمانەوانیدا هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی دەق لە نێوان قسەکەر/نووسەر لەگەڵ گوێگر/خوێنەر ئاڵوگۆڕ دەکرێت و کردەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و لەیەکترگەیشتن بەرهەمدێنێت، یەکێک لە پایە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی دەقیش پێکەوەبەستنە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی بۆ تەرخانکراوە.

## ٠-٣ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەستە و نموونەی دەقی شیکراوە لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگیراوە، بۆ بەشی دووەم ژمارەیەک دەقی نووسینی (ئەدەبی، زمانەوانی، مێژووی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی...هتد) بۆ نواندنەکان وەرگیراون و بۆ بەشی سێیەمیش جۆرێکی دەقی دیاریکراو، کە دەقی کارگێڕییە لێیکۆڵراوەتەوە و شیکراوەتەوە. بۆ ئەم جۆرەی دەقی کارگێریش، ژمارەیەک فەرمانی کارگێڕیی (زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێ) وەک داتا و نموونەی دەقی کارگێڕی بۆ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە وەرگیراون.

## ٠-٤ تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە بەشێوەیەکی سەرەکی سوود لە زاراوە و چەمک و تیۆری سیستەمی پێکەوەبەستن، لە مۆدێلی پێکەوەبەستنی (هالیدەی، ١٩٧٦-١٩٨٥) لە سیستەمی ڕێزمانی ئەرکی (هالیدەی) بینراوە، بۆ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش لە چوارچێوەی ئەم نامەیەدا، ڕێباز و شیکاری پەسەنکەرانە پەیڕەوکراوە، واتە پاش خستنەڕووی نموونەکان، بە پێی لایەنی تیۆری شیکراونەتەوە و پاشان پەسنکراون.

## ٠-٥ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: بەشێکی تیۆرییەو بریتییە لە (دەروازەیەک بۆ پێکەوەبەستن لە ڕووی تیۆرییەوە)، کە تیایدا پاش خستنەڕووی مێتا ئەرکی زمانی لای (هالیدەی) چەند بابەتێکی گرنگ وەک (پێکەوەبەستن و وادانان و وادانراو، دەق و شیکردنەوەی دەق و دەقی ئاخاوتن و نووسین و ڕستن و پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن....) باسکراون و خراونەتەڕوو، کە تیایدا مەبەستی پێکەوەبەستن بە وردی و تەواوەتی ڕوونکراوەتەوە و ئەوە خراوەتەڕوو،کە چۆن لە هەردوو ڕووی ڕێزمانی و لێکسیکییەوە دەق پێکەوەدەبەسترێت. پاشان چەند مۆدێلێکی پێکەوەبەستن لە ڕوانگەی ڕێزمانی ئەرکییەوە باسکراوە، کە تیایدا جۆرەکانی پێکەوەبەستن و پەیوەندیی نێوان جۆرەکان و جیاوازیی نێوانیان نیشاندراوە. لە هەڵبژاردنی مۆدێلەکانیشدا ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە تێڕوانینی زمانەوانەکان بۆ پێکەوەبەستن بۆ دەقی زمانی بە گشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی چۆن و لە چیدایە.

بەشی دووەم: بۆ (بەستەرەکانی دەق و نواندنیان لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، لەم بەشەدا بە پێی مۆدێلی پێکەوەبەستنی هالیدەی (١٩٧٦-١٩٨٥) جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی وەک (ئاماژەکردن، لەبریدانان، لابردن، بەستن) و پێکەوەبەستنی لێکسیکی وەک (دووبارەبوونەوە، هاوواتا، گرتنەوە، میرۆنیمی، گشتگیری (دژواتا)، هاوڕێیەتی) خراونەتەڕوو، پاشان لە دەقی زمانی کوردیدا ئەم

جۆرانە چۆن و بەچی دەنوێنرێن، نیشاندراوە لە نواندنەکانیشدا ڕەچاوی ئەوە کراوە سوود لە هەردوو ڕوانگەی پۆلەڕەگەزی ئەرکیی (بکەر،کردار، تەواوکەر) و پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ژمارە.....) بینراوە.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە (بەستەرەکانی دەقی کارگێری لە زمانی کوردیدا)، کە پاش دیاریکردنی جۆرەکانی پێکەوەبەستن و نواندنیان لە بەشی دووەمدا، هەوڵدراوە لە بەشی سێیەمدا ئەم جۆرانەی پێکەوەبەستن لە دەقی کارگێڕیدا پراکتیزەبکرێت، بۆ نموونەی دەقی کارگێڕیش ژمارەیەک فەرمانی کارگێڕیی (زانکۆی سلێمانی و کۆلیژی زمان و بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکان) بۆ مەبەستی شیکردنەوە وەرگیراون.

لە کۆتایی نامەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی)، لەگەڵ ناوی ئەو سەرچاوانە و پاشکۆیەکدا، کە دەقەکانی لێوەرگیراون خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## ١- دەروازەیەک بۆ پێکەوەبەستن لە ڕووی تیۆرییەوە

### ١-١ سەرەتا

لەم بەشەدا هەوڵدراوە، وەک دەروازەیەک بۆ پێکەوەبەستن لە ڕووی تیۆرییەوە، سیستمی پێکەوەبەستن و مۆدێلەکانی پێکەوەبەستن و ڕۆڵ و ئەرکیان لە پێکەوەبەستنی پارچەکانی دەقدا بخەینەڕوو. هەروەها هەوڵدراوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە پشتبەستن بە تیۆری هالیدەی، پێناسەیەک بۆ دەق و هەموو ئەو بابەتانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی دەق و پێکەوەستن و پێکەوەگونجاندنی دەق لە ڕووی واتا و لۆژیکییەوە هەیە، بخەینەڕوو.

لە سەدەی بیستەمدا چەند قوتابخانە و ڕێبازێکی زمانەوانی سەریانهەڵدا، کە هەوڵیاندا لە چەند گۆشەیەکی جیاجیاوە شیکردنەوە بۆ سروشتی زمان بکەن. یەکێک لەو ڕێبازانە، ڕێبازی زمانەوانیی ئەرکی بوو، کە هەوڵیدا ئەو کێشە و گرفتانەی لە ڕێباز و قوتابخانەکانی پێش خۆیدا هەبوو، چارەسەریان بکات. بەمەش بایەخی بە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان و بەهای پەیوەندییەکانی زماندا، چونکە پێش ئەم ڕێبازە، زمانەوانە دروستەکارەکان دەربڕینە ڕێزمانییەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی ئەرکی ڕێزمانیدا سەیردەکرد، نەک ئەرکی واتایی، واتە جیاوازییان لە نێوان واتا و دەربڕینە ڕێزمانییەکاندا دەکرد، پێیانوابوو دوو هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەم جیاوازییە هەن، یەکەمیان واتایان وەک بابەتێکی تەمومژاویی سەیردەکرد، بەستنەوەی ڕستە بە واتاوە دەبێتەهۆی لێڵیی واتا، هۆکاری دووەمی ئەم جیاوازییەش، پێیانوابوو ئەگەر دەربڕینە ڕێزمانییەکان بە واتاوە ببەستنەوە، ئەوا پەیوەندییەکان جیاوازدەبن.(فەرهادی،٢٠٠٨:١٣). لە دوای دەرکەوتنی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی، بە شێوەیەکی تر گرنگیدان بە واتای ڕستە سەریهەڵدایەوە، کە ئەوان پێیانوابوو ڕستە خاوەنی دوو دروستەیە: (دروستەی واتایی، دروستەی ڕێزمانی)، ئەم دوو دروستەیەش لە ڕێگای یاساکانی

ڕستەسازییەوە بە یەکەوە دەبەستڕێنەوە، دروستەی ژێرەوەی ڕستە تەنها پشت بە دروستەی واتایی دەبەستێت، کە ئەرکی سەرەکی دیاریکردنی واتای ڕستەیە، دروستەی سەرەوەش پشت بە دروستەی ڕێزمانی دەبەستێت، بەڵام کەموکورتیی ئەم ڕێبازەش لەوەدا بوو، هیچ لایەنێکی ئەرکی بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەکان لە بەرهەمهێنانی ڕستە و هیچ گرنگییەکی بۆ باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی قسەکەر دانەناوە، لەگەڵ ئەوەدا بابەتی دەوروبەریان پشتگوێخستبوو، تەنها زمانیان بە چالاکییەکی هۆشەکی داناوە، چونکە چۆمسکی پێیوابوو زمان ئەو شتەیە، کە دەیزانین، بەڵام بە بۆچوونی ئەرکییەکان، زمان ئەو شتەیە، کە جێبەجێیدەکەین و ئەرکی سەرەکیی زمان گەیاندنە و پێکهاتەی ڕستە بەستراوەتەوە بەو ئەرکەوە، ئەمەش وایکردووە پێکهاتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەرک بێت و بنیاتی زمان و ئەرکەکەی بە یەکەوە ببەسترێتەوە و زمان لە کۆمەڵ دوورنەخرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە، ئەرکییەکان وای بۆ دەچن، ئەرکەکان بۆتەی ڕێزمانی دادەڕێژن، (هالیدەی) پێیوایە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە گەشەسەندنیدا پشت بە گەشەسەندنی ناوەوە و شێوە واتاییەکانی دەبەستێت، (هالیدەی) زیاتر ئەمە ڕووندەکاتەوەو وای بۆ دەچێت: (لە تواناماندایە ئاستی فەرمی (Formality) لە قسەکردن و نووسینمان بگۆڕین و لە شێوە و ژینگەیەکی دیاریکراوەوە بڕۆینە ژینگەیەکی تر)، (Halliday,1973: 23). واتە دەتوانین جارێک زمان بۆ وانەوتنەوە و جارێک بۆ پلان داڕشتنی چالاکییەک و جارێکی تر بۆ کاروباریماڵەوە....هتد بەکاربهێنین.

## ١-٢ مێتا ئەرکی ڕێزمانی ئەرکی

لە ڕێزمانی ئەرکیی سیستەمی هالیدەیدا، جەختکراوەتە سەر زانستی نیشانە و کۆدی زمان و چۆنێتیی دەربڕین و بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی دەق، کە تیایدا سەرجەم ئەگەری واتاکان دیاریدەکرێت و ئەرکی زمان و دۆخی زمان لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا ڕووندەکرێتەوە، لەم سیستەمەدا، سێ جۆر مێتا ئەرکیی زمان دیاریکراون، کە ئەمانەن:

١- میتا ئەرکی بیرییانە.

٢- میتا ئەرکی نێوان کەسەکان.

٣- میتا ئەرکی دەقیانە.

هەر یەکێک لەم ئەرکانەی زمان دەربارەی لایەنێکی جیاوازی جیهانە (ئەرکی بیرییانە دەربارەی جیهانی سروشتییە بە واتایەکی گشتی، واتە بە ئاگایی و هەستی ئێمە بەرامبەر سروشت لەخۆدەگرێت و بریتییە لە ئەرکی ناوەڕۆکی زمان. ئەرکی پەیوەندیی نێوان کەسەکان جیهانێکی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان ئاخێوەر و گوێگر. میتا ئەرکی دەقیانە دەربارەی جیهانی زارەکییە، بەتایبەتی بەدەستخستن و هەڵقوڵانی زانیاری لە دەقدا). (Halliday,2007:183).

بەپێی سیستەمی ئەرکیی زمانەوانی، میتا ئەرکی بیریانە و پەیوەندیی نێوان کەسەکان و دەقیانە لە سیستەمێکی تۆڕی گەورەی ئەگەرەکانی واتادا ڕەنگدەداتەوە، ئەم میتا ئەرکیانە باس لە سێ جۆر واتا دەکەن، واتای بیریانە و واتای پەیوەندیی نێوان کەسەکان و واتای دەقیانە. ئەم سێ جۆرە واتایە (بیریانە دەق وەک نیشاندان)، پەیوەندیی نێوان کەسەکان (دەق وەک ئاڵوگۆڕ)، دەقیانە (دەق وەک نامە) یەکدەگرن لە نواندنی دەقدا.) (Eggins,1994 :233).

### میتا ئەرکی بیریانە:

واتای بیریانە گوزارشتدەکات لەوەی، کە دەگوزەرێت و بەشداربووان و ئەو دۆخانەی لە دەورووبەری بەسەرهاتەکانن (Droga&Humphrey,2002 :11)، ئەو بەشەی ڕێزمان، کە واتای بیریانە دەنوێنێت، بریتییە لە لۆژیکی دەق و سیستەمی تێپەڕاندن، (کە تیایدا بەرهەمهێنەری دەق لە ڕێگای ئەرکی بیریانە لە زماندا ئەزموونە دیاردەکانی جیهانی ڕاستەقینە بەرجەستەدەکەن.) (Halliday,2007:184).

هەر ڕستەیەک بەپێی تیۆری تێپەڕاندن لە سیستەمی ئەرکیی ڕێزمانی هاڵیدەیدا، بەپێی جۆرێکی جیاوازی پێواژۆکان بەرهەمهاتوون و بەهۆی کردارێکی فەرهەنگیی

جیاوازەوە نوێنراون، کە لە ڕێی تێڕوانین و جیهانبینیی جیاوازەوە و لە ڕێی قسەپێکەرانەوە بەکۆدکراون و بەکارهاتوون، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە (٢,١)

١- کوڕەکە دارەکە دەبڕێتەوە.

٢- کوڕەکە وەڵامەکە دەزانێت.

ڕستەی (١) بەهۆی پێواژۆیەکی مادییەوە بە بەرهەمهاتووە و بەهۆی کرداری (دەبڕێتەوە) نوێنراوە و لە ڕێی ئەزموون و جیهانبینییەکی فیزیکییانەوە بەکۆدکراوە، لە کاتێکدا ڕستەی (٢) تەواو پێچەوانەیە و بەهۆی پێواژۆیەکی ئاوەزییانەوە، کە بە تەواوەتی لە ڕێی ئەزموونی جیهانێکی نافیزیکییەوە بەرهەمهاتووە، کە بە سوودوەرگرتن لە جیهانبینییەکی ناوەکییانە (مێشک) و لە ڕێی ئەزموونی زمانییانە لە مێشکدا بەکۆدکراوە، بەهۆی کرداری (دەزانێت) نوێنراوە، کە هەریەک لەم پێواژۆیانەش، بەپێی جۆرەکانیان پشکدار و هاوبەشەکان هەڵدەبژێرن. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە سیستەمی تێپەڕاندنی هاڵیدەی و جۆرەکانی پێواژۆ کردارییەکان و ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ڕستەی کوردیدا، بڕوانە: (عول،٢٠١٧: ٤٨٧).

## مێتا ئەرکی پەیوەندیی نێوان کەسەکان

ئەرکی پەیوەندیی نێوان کەسەکان، کاردەکات لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات، لە نێوان بەکارهێنەرانی زمان و پەیوەندی لە نێوان ڕۆڵی بەشداربووان لە ئاخاوتندا دروستدەکات، ئەرکی پەیوەندیی نێوان کەسەکان بریتییە لە ( ئەرکی بەشدارییانەی زمان). (Halliday,2007:184).

واتای پەیوەندیی نێوان کەسەکان گوزارشتدەکات لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، واتای پەیوەندیی نێوان کەسەکان دەگونجێت لەگەڵ مانای گشتیی گۆڕاوەکانی شێوەزمان. ئەو بەشانەی ڕێزمان، کە ئەم جۆرە واتایە بەدیدەهێنێت، لە ڕێگای ڕێژە و مۆداڵێتیی جێگرەوەکانی ڕێژەی کردار وەک (ڕاگەیاندن، پرسیار، فەرمان..... و مۆداڵێتیش ئاسانکاری دەکات بۆ نیشاندانی (ئەگەرەکان، پێویستیی، حەز و دڵنیابوون.....). هەروەها ڕێگەدەدات بە دەربڕینی

ئەو پەیوەندییەی، کە دروستبووە لە نێوان بەرهەمهێنەری دەق و بەکارهێنەری دەقدا.

چەمکێکی سەرەکی لە ڕێبازی هالیدەیدا، بریتییە لە دەوروبەری بار، کە لە ڕێگای پەیوەندییەکی ڕێکخراو لەلایەن ژینگەی کۆمەڵایەتی لەلایەک و ڕێکخستنی ئەرکی زمان لەلایەکی ترەوە دەستدەکەوێت. (Halliday,1985:11). لە کاتێکدا کارلێککردن لە نێوان دەق و دەوروبەری دەقدا دەبینرێت بە شێوازێک لە نێوان زمان و کۆمەڵگا پەیوەندیی نێوان ئەندامەکان بە ڕوونی پوختەی سروشتی دەق پێشکەشدەکات، وەک دەقێک، کە سەرهەڵدەدات لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی تایبەت لەلایەن یەک ئاخێوەر، یان زیاتر، یان لەلایەن یەک نووسەر، یان زیاتر، ماناکان و دەربڕینەکانیان دەدۆزرێنەوە لە دەقدا (هەرچەندە مانا بنەڕەتییەکە لە دەرەوەی دەقدایە، گفتوگۆ لە بارودۆخی بەرجەستەی ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە دەقدا دەکرێت، (Kress,1985 :18).

## میتا ئەرکی دەقیانە

میتا ئەرکی زمان بەشێکی تەواوی شیکردنەوەی ئاخاوتنە، شیکردنەوەی ئاخاوتن سنووردارکراوە بە گەڕان بۆ دانەکانی زمانێک، کە پەیوەندییەک نیشاندەدات، کە بەپێی یاسا لە قاڵبی پێشبینیکراودا ڕوودەدات، کە کۆنترۆڵی ڕوودانی ئەو دانانە دەکات.

میتا ئەرکی دەقییانە مەبەست لەو ئەرکەی زمانە، کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕینی زمان بۆ دەق.(Halliday,1985:53 & Halliday & Matthiessen,2004:20). واتای بیریانە و پەیوەندیی نێوان کەسەکان بەدیدەهێنرێت لە ڕێگای ئەرکی دەقیانەوە، ئەرکی دەقیانەش بەدیدەهێنرێت لە دروستەی زانیاری و پێکەوەبەستن. (Halliday,2007:184).

واتای دەقیانە زمان ڕێکدەخات بۆ دەقی زارەکی و نووسراوی واتابەخش و پێکەوەگونجاو، (Droga&Humphrey,2002 :11)، واتای دەقیانە دەگونجێت لەگەڵ ڕێژەی کردار و گۆڕاوەکانی شێوەزمان. ئەو بەشانەی ڕێزمان، کە واتای دەقیانە دەنوێنن،

بریتیین له دروستەی باس و بەناوکردن (بەشێکی تری گرنگی مێتا ئەرکی دەقیانە، بریتییە لە شیکردنەوەی پێکەوەبەستن، کە ئاماژەدەکات بە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی پێکەوەبەستراو، کە بریتین له جوتی ئەو دانانەی، یان ڕەگەزانەی، کە پەیوەندییان بە شێوازێکی پێکەوەبەستراو لە دەقێکدا هەیە.)

.(Hasan,1976:4 & Halliday)

## ١-٣ سیستمی پێکەوەبەستن

سیستمی ڕێزمانی زمانێک پێکەوە پەیوەندیی ناوەکی لە نێوان دانەکان، لەسەر ئاستی ڕستە لەخۆدەگرێت. ڕاستە لە ئاستی ڕستەسازیدا (ڕستە وەک گەورەترین یەکە دیاری دەکرێت). (فەتاح،٢٠١١:١١)، بەڵام لە سیستمی ئەرکیی زمانەوانیدا ڕستە گەورەترین یەکە نییە، بۆیە پێویستە (قسەکەر و نووسەر کاری زیاتر بکەن لەوەی کلۆز ببەستنەوە لە ناو ڕستەدا و پێویستە ئەوان ڕستەکان ببەستنەوە بە درێژایی هەموو دەقەکە). (Gee, 1999:159)، (پەیوەندیی نێوان ڕستەکان دەبێت کۆنترۆڵبکرێت لەلایەن سیستمەوە، هەر زمانێک خاوەنی قاڵبی خۆیەتی بۆ گواستنەوەی پەیوەندیی ناوەکیی کەسەکان و ڕووداوەکان و...هتد، لە هیچ زمانێکدا ئەو قاڵبانە پشتگوێناخرێن). (Callow, 1974: 30).

بەپێی بۆچوونی هالیدەی، ئەم پەیوەندییە ناوەکییانە لە ڕێگای دروستەی ڕێزمانییەوە بەدیناهێنرێت، بەڵکو پشت بە سەرچاوەیەک لە جۆرێکی جیاواز دەبەستێت، ئەم سەرچاوە نادروستەییانەی ئاخاوتن، کە ئاماژەیانپێدەکرێت بە زاراوەی پێکەوەبەستن ناودەبرێت. (Halliday,1985:288)، کەواتە پێکەوەبەستن ئەو سیستمەیە، کە ئەو پەیوەندییانەی نێوان ڕستەکان لە نێوان دەقەکەدا لەخۆدەگرێت، لە ڕوانگەی واتاوە سەرنجی ئەم پەیوەندییانە دەدرێت و پێکەوەبەستن پێناسەدەکرێت بە پەیوەندییەکانی ئەو واتایانەی، کە بوونییان هەیە لەناو دەقێکدا.

ڕیچارد و هاوڕێکانی لە هەردوو ڕوانگەی ڕێزمانی و لێکسیکییەوە پێناسەی پێکەوەبەستن دەکەن وەک: (پەیوەندیی ڕێزمانیی لێکسیکی لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دەقدا دەیانناسێنن.) (Richard etal,1985:45)، بەڵام کوێرک و هاوڕێکانی

ڕۆڵی پراگماتیک لەم پەیوەندییانەدا فەرامۆشناکەن و ئەوان پێیانوایە (پێکەوەبەستن نواندنی زمانەوانیی ڕواڵەتی پەیوەندییەکانی واتایی (سیمانتیکی) و کرداری (پراگماتیکی)یە لە نێوان کلۆز و ڕستەکان لە دەقێکدا. (Quirketal,1985:1423).

بە پشتبەستن بەم پێناسانە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە ئەگەری نەبوونی پێکەوەبەستن لە دەقێکدا، دەقەکە تەنها دەبێتە کۆکردنەوەیەکی هەڕەمەکیی ڕستە، کە هیچ جۆرە پێکەوەبەستنێک لە نێوانیاندا نییە، بڕوانە نموونەی (٣)

٣- ئەو ڕۆژ کاترین ماڵ مێردەکە نەخۆش دەکەوێت سەر مەرگییەتی دنیا گەلێ سارد سڕ پەنجەرەکان دەکاتەوە گوێ هەوا سارد تەزی بدات هەوا چەقۆ تیژ شانە بڕی دەخات سەر پشت حەز بۆن بینین گوڵ کێو دەکات.

ئەگەر بە وردی سەرنجی نموونەی (٣) بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هیچ کێشەیەک لە وشە و دروستە ڕێزمانییەکان و تەنانەت دروستەی ڕستەکانیش بە تەنیا نییە، بەڵکو کێشە لە شێوازی کۆکردنەوەی ڕستەکان و نەبوونی مەرجی پێکەوەبەستن لە دەقەکەدا هەیە، بۆیە گرنگیی هەبوونی پێکەوەبەستن لە دەقدا گرنگە و دەبێتە هەوێن و ماکی پێکهێنەری دەق و تایبەتمەندیی بوونی دەقیانە بە دەق دەبەخشێت، خوێنەر کاتێک ڕووبەڕووی دەقێک دەبێتەوە، کە پێشتر دەقێکی گونجاو و نوێنراو بێت، بڕوانە هەمان دەقی (٤).

٤- ئەو ڕۆژەش کاترین لە ماڵە مێردەکەی نەخۆش دەکەوێت... سەرە مەرگییەتی... دنیا گەلێ سارد و سڕە... کەچی پەنجەرەکان دەکاتەوە... بێ ئەوەی گوێ بەو هەوا سارد و تەزیوە بدات... ئەو هەوایەیی وەک چەقۆی تیژ شانەکانی دەبڕی... دەیانخاتە سەر پشت... چونکە حەز بە بۆن و بینینی گوڵە کێوییەکان دەکات. (شێرزاد حەسەن،٢٠١٢ :٩١).

ئەگەر بە وردی سەیری دەقی (٤) بکەین، دەبینین پێکەوەبەستنەکان بەهۆی بەستەرەکانی ناو دەقەکە وەک (ەش، لە، ی، ە، و، کەچی، بێ ئەوەی، بەو، ئەو، وەک، چونکە، جۆرەکانی تری پێکەوەبەستن...هتد) نوێنراون و هەر ئەم

بەستەرانەش بە بوونیان دەق بەرهەمدێت و بە نەبوونیان و فەرامۆشکردنیان، نادەق دێتەکایەوە. بڕوانە بەراوردکردنی نموونەکانی (٣، ٤) کە لە (٣)دا بەستەر بوونی نییە و نادەق بەرهەمهاتووە، بەڵام لە (٤)دا بەستەرەکان بوونیان هەیە و دەق بەرهەمهاتووە.

بنەمایەکی تری پێکەوەبەستن، پێشکەشکردنی بنەمای دووبارەبوونەوەی گوزارشتییە، کە ئەم بنەمایە دووبارەبوونەوەی ڕواڵەتی پەسەنددەکات، هەتا لە کاتێکدا ئەگەر جێگرتنەوەی کەمکردنەوە بێت، دووبارەبوونەوەی گوزارشتی لەو کاتەدا دەبێت، کە جەختکردنەوە، یان بەرزیی هەستی بە واتای دووبارە دەبەخشێت.

جۆرێکی تری دووبارەبوونەوە پێیدەوترێت گۆڕانی وشەیەک بە وشەیەکی تر، ئەم جۆرەیان دووبارەبوونەوەی دانەکان، یان شێوەی کەمکراوە لەخۆدەگرێت، لە ڕێگای بەکارهێنانی گوزارشتی هاوواتا، یان فرێزێکی هاوواتا (Leech&Short,1981:247).

## ١-٣-١ وادانان و وادانراو

وادانان و وادانراو بە دوو ڕەگەزی گرنگ، کە پێکەوەبەستن پشتیان پێدەبەستێت دادەنرێن، پێکەوەبەستن لەو کاتانەدا ڕوو دەدات، کە لێکدانەوەی هەندێک ڕەگەزی (وادانراو) پشتدەبەستێت بە لێکدانەوەی یەکێکی تر، (وادانان) بەوەی، کە ناتوانرێت خوێندنەوەی هێمایی بە شێوازێکی کاریگەر بۆ بکرێت، مەگەر تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆی، ئەم پەیوەندییەی نێوانیشیان پێیدەوترێت پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراو. (Halliday & Hasan,1976: 3,4)، بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە دەقی ژمارە (٥و٦).

٥- گۆشتی مریشکەکەی بە جوانی ئامادەکردووە و هەمووی کردووە بە شیشەوە، <u>بە جوانی شیشەکان بخەرە سەر ئاگرەکە.</u>

٦- ئەم شیشانە بۆ خوارکردنەوەیان پێویستی بە ئاگرێکی بەتینە، کەی ئاگرەکە خۆشبوو <u>بە جوانی شیشەکان بخەرە سەر ئاگرەکە.</u>

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا، ئەگەر بە وردی سەرنجی ڕستە هێڵ بەژێردا هاتووەکان بدەین، دوو ڕستەی هاوشێوەن لە ڕووی وشە و دروستەی ڕستەو واتاوە، بەڵام لەناو دەقەکاندا ئاشکرایە، کە لێکدانەوە و واتای جیاواز هەڵدەگرن، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە دەقی (٥)دا وادانان بۆ شیشەکان وادانراوە، کە شیشی گۆشتە و مریشکی پێوەکراوە و ئامادەکراوە بۆ برژاندن، بەڵام لە دەقی (٦)دا، وادانان بۆ شیشەکان وەکو دەقی (٥) نییە، بەڵکو شیشەکان جۆرێکی ترن و وادانراوە شیشەکە بۆ دروستکردنی ئامێرێک، یان شتومەکێک بەکاردەهێنرێت.

پەیوەندیی پێکەوەبەستراو دەتوانرێت بە هەردوو ئاڕاستەکەدا بڕوات لەو کاتەی ڕەگەزی وادانراو پێش وادانان دێت، بەستەرێکی بۆ پێشەوە دەنوێنێت و لە کاتێکدا وادانان پێش وادانراو دێت بەستەرێکی بۆ دواوە دەنوێنێت. (سەرچاوەی پێشوو، ٣٢٩)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە نموونەی (٧ و ٨).

٧- نەسرین دوێنێ چوو بۆ بەغداد، ئەو کە گەشتە ئەوێ...

وادانراو وادانان

٨- خۆی مەبەستی بوو بچێتە دادگا، نەسرین دەمێکە ئەو بڕیارەی داوە

وادانان وادانراو


هەندێک جار دووری لە نێوان بەستنەوەی ئەو دوو ڕەگەزە، لە سنوری یەک ڕستە زیاترە، واتە ئەگەر هەیە وادانان روونەدات لەو ڕستەیەی ڕاستەوخۆ بە دوایدا دێت. (هاڵیدەی و حەسەن) پەیوەندییەکانی پێکەوەبەستراو بەپێی دووریی وادانان بۆ ئەم جۆرانە پۆلدەکەن:

١- پەیوەندیی ڕاستەوخۆ (یەکسەری): ئاسانترین شێوەی وادانانە، کە پەیوەندیی ڕستە دەکات بۆ ئەو ڕستەیەی، کە یەکسەر لە پێشیدا دێت.

٢- پەیوەندیی میانگیری: لێرەدا ڕەگەزی وادانان ئاماژەدەکات بە ڕەگەزێکی تری وادانان لە ڕستەی پێشتر، کە جارێکی تر ئاماژەدەکات بە ڕەگەزی وادانراو.

٣- پەیوەندیی دوور: لەم جۆرەیاندا پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بوونی نییە لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا لەو کاتەی، کە دووری بوونی لە ڕستەیەکدا هەیە، یان زیاتر لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا. (Halliday & Hasan,1976:330)، ئەمە وێڕای ئاڵۆزییەکی تر، کە بوونی هەیە، کە کارکردنی وادانان و وادانراو لە بەستەرەکانی پێکەوەبەستراو، ئەویش ئەگەری زیاتر لە بوونی بەستەرێک هەیە لە نێوان دوو ڕستەدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پۆلێنەکەی هالّیدەی و حەسەن، بڕوانە شێوەی ژمارە (١)




شێوەی ژمارە (١) Halliday & Hasan (1976)

## ١-٤ دەق

لەسەر ئەو بنەمایەی دەق وەک چەمکێک مامەڵەی ئەدەبی و فەلسەفی و زمانەوانی لەگەڵدا دەکرێت، لە گۆشە نیگای جیاجیاوە سەیرکراوەو لەسەر بنەمای جۆراوجۆر پێناسەکراوە، چەندێتی و چۆنێتیی بنیات و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەق تێڕوانین و بۆچوونی جیاجیای لە بابەت دەقەوە بەرهەمهێناوە، هەریەکە بە ئاڕاستەیەک و بەپێی بوار و شارەزایی خۆی لە دەقی ڕوانیوە و پێناسەی چەمکی دەقی کردووە. (هەندێک بۆ پێناسەکردنی چەمکی دەق، لە جەمسەری بکەر و بەرهەمهێنەری دەق و ژینگەی دەق دەوەستن و هەندێکی تر لە ڕوانگەی ڕەگەزی بنیاتی زمانی، هونەری و ئاستی ئیستاتیکیی دەق دەڕوانن و هەندێکی تر لە پەیامداریی دەق و لێکەوتە و کاریگەریی بەسەر خوێنەرەوە، هەندێکی تر لە ڕوانگەی فۆرم و قەبارەی دەقەوە دەق پێناسەدەکەن.) (ملازادە،٢٠٢١: ٣١). هەروەها وتراوە (دەق تۆڕێکی چنراوە لە وشەی پێکەوەبەستراو، وەک تاڵە دەزووش ڕەگەزە جیاوازەکانی پارچە لێکدوورکەوتووەکان کۆدەکاتەوە لە جەستەیەکی گشتگیری پێکەوە پەیوەستدا) (عەزیز،٢٠١٤: ٨)، واتە وەک سیستەمێک دروستەی ڕستە لەلایەن یاسا و دروستە ڕێزمانییەکانەوە، کۆنترۆڵکراوە، بەڵام سەرچاوەی نادروستەی پێکەوەبەستن، کۆنترۆڵی پەیوەندیی نێوان ڕستەکان لە دەقێکدا دەکات، کەواتە دەق بواری پێکەوەبەستنە و گرنگە جۆر و چەمکەکانی تری پەیوەندیدار بە بەیەکەوەبەستن وەک دەق بزانین. هالیدەی و حەسەن دەق پێناسەدەکەن وەک: (هەر پارچەیەکی وتراو و نووسراو، کە درێژییەکەی هەرچۆنێک بێت، کە هەموویەکی یەکتا (یەگرتوو) پێکدەهێنێت). (Halliday & hasan,1976:10).

دەق هەر جۆرێک و شێوەیەکی هەبێت، دەشێت وتراو، یان نووسراو بێت، زۆر کورت بێت وەک هێمایەکی ڕێگاوبان، یان زۆر درێژ بێت، وەک پەرتوکێکی تەواو. پێشنیازی هالیدەی و حەسەن زۆر باوەڕپێکراوە، کە باوەڕیان وایە (دەق یەکەیەکی دروستەیی نییە، بەڵکو یەکەیەکی واتاییە و پەیوەندیی بە ڕستە و کلۆزەوە هەیە، نەک قەبارە، کەواتە دەق لە ڕستە پێکنایەت، بەڵکو لە ڕێگای ڕستەوە دەنوێنرێت، یان هێمای لە ڕستەدا بۆ دانراوەوە). (Halliday & hasan,1976:2)، کە ڕاستەوخۆ

پێچەوانەی ئەو باوەڕانەیە، کە پێیانوایە دەق یەکەی دروستەییە و وەک یەکەیەکی فراوانتر لە ڕستە سەیری دەق دەکەن.

### ١-٤-١ شیکردنەوەی دەق

بە شێوەیەکی سەرەکی شیکردنەوەی دەق گرنگی و بایەخدەدات، کە چۆن هەر زمانێک بەرهەمی بەشداربوویەکی دیاریکراوە، قسەکردن بێت، یان نووسین لە پەیوەندیکردن بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، یان بە جۆرێکی تر (شیکردنەوەی دەق بایەخ بە فۆرمی قسەکردن و نووسین دەدات لە ڕووی لێکۆڵینەوەی ئەوەی، کە چۆن بەستەری دەق لە بەستنەوەی ڕەگەزەکانی زماندا بەکاردەهێنرێت.) (Allen & Corder,1974:200).

هاڵیدەی و حەسەن گونجاوترین پێناسەی دەق پێشکەشدەکەن و سەیری دەق وەک درێژکراوەی نووسین و قسەکردن دەکەن، هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە زمان پەیڕەوی زنجیرەیەکی هێڵی دەکات، کە یەک هێڵی دەق دوای ئەوی تر دەکەوێت و هەر هێڵێک بە هێڵەکانی پێش خۆیەوە بەستراوەتەوە، ئەم پەرەسەندنەی هێڵی دەق، دەوروبەرێکی واتا دروستدەکات، واتای دەوروبەر لەسەر ئاستی دەق ئاماژەیپێدەکرێت، وەک پێکەوەگونجاندن، لە کاتێکدا تایبەتمەندییەکانی ناوەکیی واتا ئاماژەپێکراوە وەک پێکەوەبەستن (دەقێک بریتییە لە یەکەیەکی زمانیی بەکارهاتوو، دەق یەکەیەکی ڕێزمانی نییە، وەک ڕستە دیاریناکرێت لە ڕێی قەبارەکەیەوە، هەندێک جار سەیری دەق دەکرێت وەک ڕستەیەکی باڵا (سوپەر)، واتە یەکەیەکی ڕێزمانییە، کە گەورەترە لە ڕستە، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ ڕستە هەیە، بەهەمان شێوەی ڕستە بە ڕستەوە، وەک دروستکردنی پێکهاتەیەکی گەورەتر لە ڕێی پێکهاتەی بنجییەوە، بەڵام ئەمە بە هەڵەدا براوە، چونکە دەق شتێک نییە لە ڕستە بچێت، چونکە گەورەترە و جیاوازترە لە ڕستە، دەق لە ڕستە پێکنایەت، بەڵکو دەنوێنرێت و بەدیدەهێنرێت، یان لە ڕستەدا کۆدی هەیە.) (Halliday & hasan,1976:1,2).

توانای ئاخێوەر لە درێژکردنەوەی ئاخاوتنێکی دیاریکراو، دەقێک پێکدەهێنێت، پێکەوەبەستن هۆیەکی سەرەکی لە دیاریکردنی ڕستندا هەیە، چونکە دەتوانرێت لە ڕێگای پێکەوەبەستنەوە پەیوەندیی لە نێوان ڕستەکان، یان دەربڕینەکانمان دروستبکەین (دەق بریتی نییە لە دەفرێکی پڕ لە واتا، کە ئاخێوەر بە ئاسانی دایببەزێنێت، چۆن و تا چ ڕادەیەک ڕستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و چۆن یەکەکانی واتا کۆدەکرێنەوە بۆ دروستکردنی دەقێکی پێکەوەگونجاو لە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان ئاخێوەر و دەقەکە.) (Mccarthy,2001:97).

دروستەی دەق زۆر گرنگە و جەختدەخەنە سەر ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە دەتوانن دەقێکی درێژکراوی باش دروستبکەن، ئەم پەیوەندییە بەستراوانەی دروستە لە نێوان ڕستەکان پێکەوەبەستن دروستدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی شیکردنەوەی دەق پشت بە تێڕوانینێکی پراگماتیکی دەبەستێت، کە ڕەچاوکردنی باکگراوندی زانیاری و باوەڕ و پێشینەکان دەکات، واتە ئەو شتەی لە مێشکی ئاخێوەر و نووسەردایە. سەرەڕای ئەمەش، دەق گرنگە بتوانێت هەندێک هۆکار لەخۆبگرێت لەو دەوروبەرانەی، کە گونجاو دەبێت لەگەڵ لێکدانەوەکەدا، دەق لە چەند ڕێگایەکی دەوروبەری گونجاوەوە پێویستە ئەو تایبەتمەندییە پەیوەندیدار و دیارانەی پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجان نیشانبدات.

## ١-٤-٢ دەقی ئاخاوتن و نووسین

لە دەقی ئاخاوتندا کاتێک ئاخێوەر بابەتێکی زارەکیی دیاریکراو دەردەبڕێت، زۆرترین کات بەرنامەی پێشوەختەی بۆ دانەناوە، مەگەر لە کاتێکدا ئەو قسەکردنەی پێشکەشیدەکات، وانەیەک بێت، یان تۆمارێکی نووسراو، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی قسەکردن دەکرێت بەپێی ئاخێوەر ڕێکبخرێت، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێک تایبەتمەندیی زارەکی و نازارەکی (زمانی جەستە و پەیوەندیی چاو،...هتد)، کە بەردەستە لە بەردەم ئاخێوەر، هەروەها (ئاخێوەر دەتوانێت ڕاستەوخۆ گەرەنتیی تێگەشتن بکات لە ڕێگەی گۆڕانی دەربڕین بۆ گەیاندنی بارودۆخ لە هەر کاتێکدا، کە گوێگر نیشانەی تێگەشتن نیشانبدات)،

(Brown & Yule,1983:189)، بەڵام لە دەقی نووسیندا نووسەر مافی ئەوەی هەیە گۆڕانکاری لە هەندێک ڕەگەزی نووسینەکەی بکات، ئەگەر پێویست بکات، هەروەها دەتوانێت هەر کاتێک پێویست بکات بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ و سەیری لیستی وشەکان بکات، یان ئەو وشە و دەربڕینانەی ئارەزوویدەکات، بە جێگرەوەکانی بگۆڕێت، بەڵام (کاتێک خوێنەر ڕووبەڕووی دەقی نووسین دەبێتەوە، بەپێچەوانەی ئاخاوتنەوە چیتر نووسەر ناتوانێت واتا و مەبەستەکەی ڕوونبکاتەوە، کەواتە گومانی لا دروستدەبێت لە بارەی مەبەستی وەرگر لەو نامەیەی گەیەنراوە)، (سەرچاوەی پێشوو،١٨٩) لە ئاخاوتندا هەندێک کێشە بوونی هەیە، کە لە نووسیندا بوونیان نییە، وەک ئەوەی ئاخێوەر لە ئاخاوتندا کاتی کەمی بەدەستەوەیە بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی، کە دەیڵێت و چۆنی بڵێت، واتە پلەیەک لە خۆکردەیی لە ئاخاوتندا هەیە، کە لە نووسیندا بوونی نییە، هەر ئەم هۆکارەشە ئەگەری هەیە ئاخێوەر تووشی دەستپێکی هەڵە، یان زمانترازان بکات، کە دەکرێت لە قسەکردنی بەردەوامدا چاکبکرێت (زمانی قسەکردن لە کاتی بەرهەمهێنانیدا ڕاستەوخۆ دەبێت کێشەکان چارەسەربکرێت، چونکە لەسەر هێڵە و گەڕانەوەی بەرەو دواوە نییە و گۆڕین و دووبارە پێکهێنان و داڕشتنەوەی وشەکانی نییە، وەک ئەوەی لە زمانی نووسیندا بوونی هەیە، زۆربەی جار کاتی وەستان، یان بیرکردنەوە نییە، لەو کاتەی، کە قسەدەکەین، یان گوێدەگرین، ئێمە ناتوانین بڕۆینە دواوە و سەیری ئاخاوتنەکە لە ڕووی شوێن و هێڵکارییەوە بکەین.) (Cook,1989:115). لەبەر ئەوەشە (کە نووسین لە هەندێک سەرەوە لە ئاخاوتن چاکترە، چونکە نووسین زۆرتر دەمێنێتەوە و کەمتر دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی مێژوو و میراتی خۆمان چاکتر دەستدەدات لە قسەکردن. جگە لەمەش لەگەڵ هاتنە دەرەوەیدا لە دەم نافەوتێ و دەگەڕێتەوە دواوە، لەبەر ئەوە لە ناو ئەو کۆمەڵانەدا، کە تا ئێستا نووسین نییە مێشکی مرۆڤ ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش کۆکردنەوەی ڕاستییەکانی ژیانە، کەواتە نووسین هۆیەکە بۆ ئاسانکردنی ئەرکی مێشک و لەوانەشە هەر ئەم هۆیە بووبێت، کە لە بنچینەدا وای لە مرۆڤ کردبێت هەوڵبدات بۆ پاراستنی قسە ڕێگایەک بدۆزێتەوە.) (فەتاح،٢٠١١: ٢٢٣).

لە ڕووی ئەرکی زمانیشەوە سەرەرای ئەو جیاوازییانەی لە نێوان قسەکردن و نووسیندا هەن، (دەقی قسەکردن و نووسین هاوبەشن لە هەمان ئەرکی زمانیدا بۆ ئەنجامدانی کار و شتەکان و پێدانی زانیاری و بیرکردنەوە، سەرەڕای ئەمانە جیاوازی لە نێوانیاندا بریتییە لە دەوروبەر، واتە ئەو دۆخەی، کە چی و چۆن و کەی دەقەکە جێبەجێکراوە، بۆ نموونە دەقی نووسین پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات، کە لە هەمان کات و شوێندا نین، بەپێچەوانەی ئاخاوتنێکی ڕاستەوخۆوە، کە لە هەمان دەوروبەردان.) (Nunan,1993:30).

هەرچەندە هەندێک زمانەوان وای بۆ دەچن (قسەکردن ئەرکێکی کارلێکی هەیە و دانراوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا، لە کاتێکدا نووسین ئەرکێکی ئاڵوگۆڕی هەیە و بۆ گواستنەوەی زانیاری دانراوە.) (Brown & Yule,1983:189).

بابەتی پێکەوەبەستن کۆنترۆڵی هەردوو دەقی قسەکردن و نووسین دەکات لەوەدا، کە ئایا ئەو پێوەرانە، یان یاسایانە کامانەن؟ کە خەڵک لە کاتی دروستکردنی دەقدا پابەندیدەبن. ئایا دەقەکان بەپێی ئەو پێوەر و بنەمایانە دووبارەدەبنەوە؟ وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە و تێگەشتن لە دەقێکی باشی پێکەوەبەستراو دەریدەخات. هەروەها سەیری ئەوە دەکەین، کە چۆن فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانی کوردی کۆمەڵەیەکی سنورداری هەڵبژاردە پێشکەشدەکات بۆ دروستکردنی لکاندن و گرێدانی ڕستەکانی دەقێک، کە بە پێکەوەبەستن دەناسرێت.

### ١-٤-٣ شیکردنەوەی دەق و ڕێزمان

پەیوەندیی نێوان فۆڕمی ڕێزمانیی ڕستەیەک و دەوروبەرێکی فراوانتر، کە تیایدا بەکاردێت، بریتییە لە لێکدانی نێوان ڕێزمان و شیکردنەوەی دەق، پێکەوەبەستن لەم پەیوەندییەدا ڕۆڵێکی فراوانتر دەبینێت، کە چەمکەکانی باس و خواس لە پەرەسەندنی هەر دەقێکدا ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتیان هەیە.

فێربووانی زمانی کوردی بە شێوازێکی هۆشەکییانە لە ڕێگای دووبارەکردنەوەوە، یان مەشق، یان شیکردنەوەی ڕێزمانی، فێری دروستەکانی ڕستەی زمانی کوردی دەبن، کەواتە شیکەرەوەکانی دەق بایەخ بەو بژاردە جیاوازانە بۆ دروستکردنی

دەق دەدەن، بۆ نموونە یەکێک لەو قاڵبە بنجییانەی ڕستەی کوردی، بریتییە لە (بکەر+ئەدڤێربڵ+بەرکار+کردار) و دەشێت کورتبکرێتەوە لە شێوەی (S.A.O.V) بۆ نموونە بۆ ڕستەیەکی ڕاگەیاندن بکەر هەیە لە سەرەتای ڕستەدا و پاشان ئەدڤێربڵ و دواتر بەرکار و کۆتایی ڕستەکەش بە کردار دێت.

ماک کارثی دەڵێت: (چەند ڕێگایەک هەن، کە دەتوانن دووبارە ڕیزبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕستە بکەنەوە لە ڕێگای گۆڕینی ڕەگەزی جیاواز بۆ پێشی ڕستەکە، ئەم جوڵەیە بە بەستەرەکانی پێشخستن ناودەبات). (Mccarthy,2001:٥٤)، بڕوانە (٩)

٩ أ- کوڕەکەم، هەندێکجار چیرۆکی کوردی دەخوێنێتەوە.

ب- هەندێکجار، کوڕەکەم چیرۆکی کوردی دەخوێنێتەوە.

پ- چیرۆکی کوردی، کوڕەکەم هەندێکجار دەیخوێنێتەوە.

ت- ئەوەی، کە کوڕەکەم دەیخوێنێتەوە چیرۆکی کوردییە.

ج- ئەو چیرۆکە کوردییە، کە کوڕەکەم دەیخوێنێتەوە.


نووسەر کە بڕیاردەدات لە کوێی ڕستەکە دەستپێبکات، سەرەتای هەر ڕستەیەک بریتییە لە باسەکە، پاشماوەی ڕستەکە هەندێک شت بە خوێنەر دەدات سەبارەت بە باسەکە، کە پێیدەگوترێت خواس، باسەکە بریتییە لە چوارچێوەی خاڵی دەستپێکردنی نامەکە، خواسەکە بریتییە لەو شتەی کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت دەربارەی باسەکە. (قادر،٢٠٠٨:٨٩).

نێرەر باس و خواس بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی هەندێک زانیاری لە دەقدا، بۆ نموونە زۆر شتێکی باوە، کە لە چیرۆکی قسەکردن و سەرگوشتەدا ئاخێوەر زۆرجار تایبەتمەندیی سەرەکیی ئاڕاستەکردن دەکاتە پێشەوە بۆ گوێگرەکان، ئەمانە زیاتر نیشانەکانی کات و شوێنن وەک (جارێک لە جاران، لە پڕدا، لە وانەکەدا، زۆر دوور مەڕۆ، لێرەوە....) لە پێش زانیاریی بەشداربووانی سەرەکی....، کە لای گوێگر گرنگن.

پێکەوەبەستنی لێکسیکی لە سەرجەم پۆلەڕەگەزەکانی تری پێکەوەبەستراو گرنگترە، باکگراوندی زانیاریی خوێنەر، یان گوێگر ڕۆڵێکی ڕوونتر دەبینێت لە درکپێکردنی پەیوەندیی لێکسیکیی بەراورد بە درکپێکردنی جۆری تری پێکەوەبەستن، بۆ نموونە (هاوڕێیەتی لەلایەن کەسێک درکپێدەکرێت، کە شتێک دەربارەی بابەتەکە دەزانێت.) (Nunan,1993:3).، واتە چ دانەیەکی لێکسیکیی هاوڕێیەتی لەگەڵ دانەیەک (یان زیاتر)ی تردا دەکات، بۆ نموونە دەقێک، کە مامەڵەدەکات لەگەڵ بابەتی شیکردنەوەی ڕێزمانی لە بواری زمانەوانیدا، زنجیرەیەک لێکسیمی وەک (ڕستە، وشە، مۆرفێم، ڕێزمان، بکەر، بەرکار، کردار، ناسراوی، نەناسراوی، تاک، کۆ....) لەخۆدەگرێت، واتە دەتوانین بڵێین ئەم وشانە بۆ هەمان شێوە زمان دەگەڕێنەوە و لە هەمان بابەتدا بەشدارن.

## ١-٥ ڕستن

پێکەوەبەستن تەنها تایبەتمەندی نییە، کە پێناسەی زنجیرەیەک لە ڕستە بکات وەک دەقێک، یەکێک لە پێداویستییەکانی بوون بە دەق ئەوەیە، کە دەقەکە دەبێت پێکەوەبەستراو بێت، بەڵام جگە لەمە هۆکاری تر هەن، کە لە لێکدانەوەی دەقدا بەشدارن، گشت ئەو هۆکارانە لە ژێر زاراوەی ڕستن کۆدەبنەوە. (هالیدەی و حەسەن) ڕستن پێناسەدەکەن وەک: (تایبەتمەندی بوون بە دەقێک)، ئەوان باوەڕیان وایە، کە (پێکەوەبەستن و شێوەزمان هۆکاری ڕستنن و جیانابنەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە، هەریەک لەم دوو سەرچاوانە بەشکردوو نین بەبێ ئەوەی تر، ڕستن لە ئەنجامی تێکەڵکردنی دوو جۆرە نیگاری واتایی دروستدەبێت، ئەوانیش شێوەزمان و پێکەوەبەستنن.) (Halliday & Hasan,1976:26)، کەواتە سەرباری بەشداربوونی پێکەوەبەستن لە کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکانی ناو دەق، ڕۆڵی شێوەزمان ئەوەیە کە کۆنترۆڵی دۆخی دەوروبەری دەرەوەی دەق دەکات، (حەسەن،١٩٨٤) پەرە بە چەمکی ڕستن دەدات و دەیخاتە چەمکێکی فراوانتری یەکڕیزی دەقییانە، ئەو پێیوایە یەکڕیزیی دەقییانە لە دوو جۆری سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش (یەکڕیزیی دروستەیی و یەکڕیزیی ڕستن)ن، (Hasan,1984:72) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە شێوەی ژمارە (٢).



شێوەی ژمارە (٢)

### ١-٥-١ ڕستن و دەقییانە

بەپێی هاڵیدەی و حەسەن (١٩٧٦)، دەق بریتییە لە دەقێک نەک تەنها زنجیرەیەک ڕستە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی زمانەوانی، کەوا لە ڕستە دەکەن بەیەکەوە بلکێنرێن، واتە ئەو شتەی، کەوا لە ڕستە دەکات دەق پێکبهێنن، پەیوەستە بە پەیوەندیی پێکەوەبەستراو لە نێوان ئەو ڕستانەدا، کە ڕستن پێکدەهێنن: (دەق ڕستنی هەیە و ئەمە جیاوازیی دەق دەردەخات لەگەڵ شتێکدا، کە دەق نییە.... ڕستن لەڕێگای پەیوەندیی پێکەوەبەستراو دابیندەکرێت.) (Halliday & Hasan,1976:2).

زاراوەی ڕستن بەو شتە دەوترێت، کە درێژیی دەق والێدەکات واتابەخش و پێکەوە گونجاوبێت. ڕستن بنچینەی یەکێتییە و پشتبەستنی واتایی (سیمانتیکی)یە. دەق بەبێ ڕستن تەنها بریتی دەبێت لە کۆمەڵێک ڕستەی دابڕاو لەیەکتری، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکەوەبەستن پەیوەندی لەگەڵ (بەستەری واتایی) لەناو دەقدا هەیە، بەستەر دروستدەبێت لەو کاتەی، کە بەستنەوەیەکی ناسەربەخۆ لە نێوان ئەو دانانەدا هەیە، کە کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی واتا، کەواتە ڕستن دروستدەبێت لەناو دەقدا لەو کاتەی تایبەتمەندیی پێکەوەگونجان و پێکەوەبەستن بوونی لە دەرەوەی دروستەی ڕێزمانی، ڕوونیی دەق هەیە.

ڕستن وەک دەقیانە ئاماژە بە تایبەتمەندبوون بە دەق دەکات، کە بەهۆیەوە پێکەوەبەستن وەک هاوبەشکاری سەرەکی دەردەکەوێت، کەواتە دەقیانە پێناسەکراوە لەلایەن دیبۆگراند و درێسلەر (١٩٨١) لە ڕووی ئەرکی پەیوەندیکردن

که دەق دەهێنێت، دەقیانە دیاریدەکرێت لە ڕێگای هەندێک هۆکار، که پشتدەبەستێت بە بەشداربووان و نامەی مەبەست و کات و شوێنی ڕووداوەکە....هتد. دیبۆگراند و درێسلەر پوختەی ئەم هۆیانە کۆدەکەنەوە لە (٧) پێوەری دەقیانەدا، کە ئەرکی پەیوەندیکردنی هەر دەقێک جێبەجێدەکەن. پێوەرەکان ئەمانەن ( De Beaugrande & Dressler,1981 :1,2)

١- **پێکەوەبەستن:** ئەمە یەکەم پێوەری دەقیانەیە، پێکەوەبەستن ئاماژە بە پەیوەندیی ڕووکەشی لە نێوان ئەو ڕستانەدا دەکات، که دەق دروستدەکەن، واتە دروستکردنی ڕستەی بەستراو لە نێوان زنجیرەیەک ڕووکەشی پێکهاتەکانی دەق کاردەکات بەپێی فۆڕم و نەریت یارمەتیی خوێنەر، یان گوێگر دەدات لە ڕێکخستنی واتا و بەکارهێناندا.

٢- **پێکەوەگونجاندن:** ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان ڕووکەشی دەقی نادیاردا هەیە، کە پێکدێت لە چەمک و پەیوەندی و پێکەوەگونجاندنیان لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکیی دەق، لەگەڵ ئەوەشدا چەمکەکان ئاماژەدەکەن بەو زانیارییەی، کە چالاکدەبێت لە مێشکدا لە کاتێکدا پەیوەندییەکان ئاماژەدەکەن بە پەیوەندیی بەستراو لە نێوان چەمکە ڕووکەشەکانی دەقدا.

٣- **جیهانیی:** ئاماژە بە هەڵوێستی بەرهەمهێنەری دەق دەکات، کە پێویستە لەسەر کۆمەڵێک سەرچاوەی زمانەوانیی دەق، کە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات بە شێوازێک کە مەبەستی ڕێکارەکان جێبەجێدەکات و ئەم نامەیە بە شێوازێکی گونجاو و سەرکەوتووانە دەگەیەنێت.

٤- **پەسەندکردن:** ئاماژە بە هەڵوێستی وەرگری دەق دەکات، کە پێویستە لەسەر کۆمەڵێک سەرچاوەی زمانەوانیی دەق، کە توانای درکپێکردنی هەر پێکەوەگونجاندنێکی دەقی باسکراو پێشکەشی وەرگر بکات.

٥- **زانیاریی بەخشین:** ئاماژە بە ڕادەی زانیاریی نیشاندراو (زاندراوە، یان نا) لە لایەن وەرگری دەق، واتە ئاماژەدەکات بە نوێی، یان پێدانی زانیاریی نیشاندراو لە دەقەکەدا. دەق پێیدەوترێت زانیاری بەخشدەر لە شێوە و ناوەڕۆکەکەی.

٦- **بارودۆخ:** ئاماژە بەو هۆیانە دەکات، کەوا دەکەن دەقێک گونجاوبێت لەگەڵ دۆخی ڕووداوێک، واتە زۆر گرنگە، کە پێکەوەبەستن چییە و لەلایەن کێ و بۆچی و کەی و لە کوێی قسەکردن دیاریدەکات.

٧- **بەیەکداچوونی دەق:** بایەخ بەو هۆیانە دەدات، کەوا لە بەکارهێنانی یەک دەق دەکات پشت بە زانیاریی یەک دەق، یان زیاتر ببەستێت. دەق لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرێکی فراوانتر، کە لە توانایدایە ڕووبەڕووی نامەی مەبەست ببێتەوە.

کەواتە توانای ئاخێوەر لە درێژکردنەوەی ئاخاوتنێکی دیاریکراو، دەقێک پێکدەهێنێت، کەواتە پێکەوەبەستن هۆیەکی سەرەکییە لە دیاریکردنی ڕستن، چونکە وەک خستمانەڕوو دەتوانین لە ڕێگای پێکەوەبەستن پەیوەندیی دروستبکەین لە نێوان دەربڕینەکان، یان ڕستەکانمان.

## ١-٦ پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن

پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن دوو زاراوەن، هەندێک جار تێکەڵوپێکەڵ دەکرێن و بە هەڵە وەردەگیرێن، لەبەرئەوە زۆر گرنگە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین، زمانەوانەکان ئەم جیاوازییانەیان بە (شێوە) و (ئەرک) ئەنجامداوە، پێکەوەبەستن پەیوەندیدارە بە بەستەری زمانەوانی، کە ڕستن بە دەقێک دەبەخشێت، لە کاتێکدا پێکەوەگونجاندن پشت بەو زنجیرە واتابەخشانە دەبەستێت، کە لە ناویاندا ڕستەکان ڕێکخراون، واتە ئەوەی وتراوە لە هەر بەشێک وادادەنرێت لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت و لەگەڵ وشەکانی تردا پێکەوەگونجاو بن. (پێکەوەگونجاندن پشت بە بەهای گوتن دەبەستێت، کە دەربڕدراوە، نەک شرۆڤەکردنی بەستەرەکانی پێکەوەبەستن). (Nuttal,1982:16).

هەروەها هاتچ تێبینی لەسەر ڕۆڵی پێکەوەگونجاندن هەیە و باوەڕی وایە: (دەقێکی گونجاو دروستەی لۆژیکیی نادیاری هەیە، کە کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنی خوێنەر لە دەقەکە، بۆئەوەی دەقەکە وەک یەک یەکە بەیەکەوەببەسترێت.) (Hatch,1992:209).

پێکەوەگونجاندن یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی لێکدانەوەی دەق، ئەگەر لە هەموویان گرنگتر نەبێت، بابەتی پێکەوەگونجاوی و پێکەوەنەگونجاوی دەقەکان هاوشێوەی ڕستەی پەسەندکراو و ناپەسەندکراوە. (لە ڕێزماندا ئێمە، کە دەڵێین ڕستەیەک کارناکات، ناڕێزمانییە، لە شیکردنەوەی دەق و ئاخاوتندا، کە دەڵێین دەقێک کارناکات، واتە نەگونجاوە). (Salkie,1995:IX)، بڕوانە دوو نموونەی دەقیانە بۆ بەراوردکردن لە ڕووی پێکەوەگونجاوی و پێکەوەنەگونجاوییەوە. نموونەی (١٠) لە ڕووی گونجاوییەوە

١٠- پیرە پیاوێک کەرێکی هەبوو، ڕۆژێک دراوسێکەی هاتە ماڵی و داوای کەرەکەی کرد بە ئامانەت پیاوەکە وتی کەرەکە لە ماڵ نییە، بەڵام لەوکاتەدا دەنگی زەڕەی کەر لە ناو تەوێلەکە دەهات، دراوسێکە وتی تۆ وتت کەر لە ماڵ نییە، کەچی دەنگی کەر لە ماڵت دێت، پیاوەکە توڕە بوو وتی کابرایەکی سەیری باوەڕ بەو ڕیشەی من ناکەی بەڵام باوەڕ بە دەنگی ئەو کەرە دەکەی.

لە نموونەی (١٠)دا ڕستەکانی ناو دەقەکە بە تەواوی لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە پێکەوەگونجاون، واتای تێگەشتن بۆ خوێنەر، یان گوێگر دێنێتەئاراوە، بەڵام ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (١١) لە ڕووی نەگونجاوییەوە.

١١- پیرە کەرێک پیاوێکی هەبوو، ڕۆژێک دراوسێکەی هاتە تەویلەکەی و داوای پیاوەکەی کرد بە ئامانەت، پیرە کەرەکە وتی پیاوەکە لە تەویلەکەدا نییە، بەڵام لەو کاتەدا دەنگی پیاو لە ناو تەوێلەکە دەهات، دراوسێکە وتی تۆ وتت پیاو لە تەوێلە نییە کەچی دەنگی پیاو دێت، کەرەکە توڕە بوو وتی تۆ دەعبایەکی سەیری باوەڕ بەو زەڕەیەی من ناکەیت، بەڵام باوەڕ بە دەنگی ئەو پیاوە دەکەیت.

ئەگەر سەرنجی نموونەی (١١) بدەین، بۆماندەردەکەوێت، ڕستەکانی ناو دەقەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواون، بەڵام لە ڕووی لۆژیکەوە بۆ هەمان واتا و مەبەست پێکەوەنەگونجاون، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە پێکەوەبەستن و پێکەوە گونجاندن دوو ڕەگەزی گرنگن لە هەموو دەقێکدا.

پێکەوەگونجاندن زۆر گرنگە لە تێگەشتنی دەق، دەق دەبێت پێکەوەگونجاو بێت، بەڵام پێویست ناکات، کە هەمیشە پێکەوەبەستراو بێت، هەندێک دەق بەستەری پێکەوەبەستنی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکەوەگونجاوە و گوێگر و خوێنەر دەتوانێت لێیانتێبگات، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نموونەی (١٢ أ،ب).

١٢ أ- سبەینێ دایکت دەهێنیت بۆ ماڵمان؟

ب- ئۆتۆمبێلەکە شکاوە.

ئەگەر بە وردی سەیری ڕستەی (١٢ أ،ب) بکەین و بەراوردیبکەین بە دەقی ژمارە(١٠)، ئەوا بە فەرمی بەستەری دەق لە نێوان ڕستەکانی (أ،ب)دا بە ڕوونی نابینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەقێک لە نێوان هەردوو ڕستەکەدا پێکەوەگونجاندن بۆ گوێگر هەیە و تێگەشتنی تێدایە و گوێگر وەڵام وەردەگرێت و بەمەش پێکەوەگونجاندن دەقی بەرهەمهێناوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە دەقی ژمارە (١٣).

١٣- لەم چێشتخانەیەدا گۆشت بۆ خواردن بە سێ ڕێگا ئامادە دەکرێت، ڕێگەی یەکەم گۆشت کوڵاندنە و ڕێگەی دووەم گۆشت سوورکردنەوەیە، بەڵام گۆشت برژاندن لە هەموو جۆرەکانی تر زۆرتر دەخورێت.

لە دەقی (١٣)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ڕووی واتاسازی و لۆژیکەوە (ڕێگەی سێیەم) وەک (ڕێگەی یەکەم و ڕێگەی دووەم) بە (سێ ڕێگا)کەوە نەبەستراوەتەوە و تەنانەت ناویش نەهێنراوە، کەچی گوێگر، یان خوێنەر بەپێی پێکەوەگونجاندن زۆر بە ئاسانی درک بە (ڕێگەی سێیەم)، کە گۆشت برژاندنە دەکات و تێگەشتنی بۆ دێتەئاراوە.


پێکەوەگونجاندن بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ لۆژیک و ڕێکخستنی شێوەی ڕستە دەکات بە مەبەستی دروستکردنی ناوەڕۆکی واتابەخش و تێگەیوو، کە ئەمەش لەلایەن بەکارهێنەر و خوێنەرەوە دیاریدەکرێت، کە ئایا ناوەڕۆک واتابەخشە و تێگەشتن دێنێتەئاراوە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی، کە پێکەوەگونجاندن

بەرجەستە نییە و مامەڵە لەگەڵ بیرۆکە دەکات، زۆر ئەستەمە پێوانە بێت و بپێورێت، بەپێچەوانەی پێکەوەبەستنەوە، کە بەرجەستەیە و بە ئاسانی دەتوانرێت بپێورێت تایبەتمەندیی قسەکەر، یان نووسەر نیشاندەدات، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکەوە، وەک بژاردەی وشە و بیرۆکەی دووبارە و ئاماژەکردن...هتد، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە جۆرەکانی پێکەوەبەستن لە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم نامەیەدا.

## ١-٧ مۆدێلەکانی پێکەوەبەستن لە زمانەوانیی ئەرکیدا

١- هاڵیدەی و حەسەن ١٩٧٦

کارەکەی هاڵیدەی و حەسەن بە ناوی پێکەوەبەستن لە زمانی ئینگلیزیدا لە ساڵی (١٩٧٦)، وەک یەکەمین ڕێگای درێژەپێدراو دادەنرێت، بۆ شیکردنەوەی پێکەوەبەستن لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەوان بەستەرەکانی پێکەوەبەستن لە زمانەوانیدا بە شێوەی ئەم مۆدێلەی خوارەوە پۆلدەکەن. بڕوانە مۆدێلی ژمارە (٣).





شێوەی ژمارە (٣)

هاڵیدەی و حەسەن پێکەوەبەستنی لێکسیکی پێناسەدەکەن وەک: (هەڵبژاردنی هەمان دانەی لێکسیکی دوو جار، یان هەڵبژاردنی دوو دانە، کە پەیوەندیی نزیکییان لەگەڵ یەکدا هەیە، ئەگەر هەیە کە هەردوو نموونەکە هەمان ئاماژەپێکراویان هەبێت، بەڵام لێکدانەوەی دووەم دانە، تا ڕادەیەک ئاماژە بۆ یەکەم دانە دەکات و لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکاری کاریگەریی پێکەوەبەستراو بەدیدەهێنرێت). (Halliday & Hasan,1976:12) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە دەقی (١٤).

١٤- درۆکردن ئۆکسجینی مرۆڤەکانە تاکە شت کە هەمووان ڕقیان لێیەتی درۆکردنە، تاکە شتیش کە هەمووان ئەنجامی دەدەن هەر درۆ کردنە، بە نیسبەت زۆر کەسەوە وەک ئۆکسجین وایە، ئەگەر بێتوو ئێمە یەکتریمان بە ڕاستەقینەیی خۆشبوێت، ئەوا هەرگیز درۆ لەگەڵ یەکتر ناکەین! کەواتە بەشێکی درۆکان هۆکاری ئەوەیە ئێمە یەکتریمان خۆشناوێت. (عومەر فەقێ، سۆشیال میدیا).

ئەگەر بە وردی سەرنجی دەقەکە بدەین، چەند جارێک وشەکانی (درۆ، درۆکردن، درۆناکەین، درۆکان، ئۆکسجین، هەموو، تاکە شت) دووبارەبوونەتەوە، کە هەمان ئاماژەپێکراویان هەیە، کە لێکدانەوەی دووەم دانەیان، پەیوەندیی بە یەکەمیانەوە هەیە.

دانەکانی (مرۆڤ، هەمووان، کەس...هتد)، دانەکانی (ڕقلێبوون، خۆشویستن، درۆکردن، درۆنەکردن، خۆشدەوێت، خۆشناوێت، ئێوە/ مان، ئێوە/ تان، ئەگەر، وەک، هەرگیز، ئەوا...)، لەم دەقەی سەرەوەدا پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە و بەستەرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی لەم مۆدێلەدا بۆ چەند بەشەپۆلێکی وەک (چەندبارە کردنەوە، هاوڕییەتی) دابەشکراوە، بڕوانە شێوەی ژمارە (٤).




شێوەی ژمارە (٤)

چەندبارەکردنەوە، لەم مۆدێلەدا شێوازێکە لە پێکەوەبەستنی لێکسیکی، کە دووبارەکردنەوەی دانەی لێکسیکی لە لایەکی پێوەرەکەیە و بەکارهێنانی وشەی گشتی لە کۆتایی پێوەرەکەیە و بەکارهێنانی (هاوواتای تەواو و هاوواتای ناتەواو(نزیک)و گشتگیری) لەخۆدەگرێت.

سەرجەم ئەم نموونانە هاوبەشن لەوەی، کە دانەی لێکسیکی ئاماژەدەکات بە یەکێکی تر، کە پەیوەندیی لەگەڵیدا هەیە، لە ڕێگەی هەبوونی ئاماژەپێکراوی هاوبەش، دانەیەکی چەندبارەکردنەوە دەکرێت (دووبارەبوونەوە،هاوواتا، گشتگیری، وشەی گشتی) بێت. بڕوانە نموونەی ژمارە (١٥)

| | |
|---|---|
| ١٥ أ- درۆکردن: درۆکردن | دووبارەکردنەوە |
| ب- مرۆڤ: هەمووان | هاوواتا |
| پ- مرۆڤ: ئۆکسجین | هاوڕییەتی |
| ج- مرۆڤ: کەس: ئێمە: ئێوە | گشتگیری |

پۆلی ناوە گشتییەکان لەم مۆدێلەدا وەک بەشەپۆلێکی چەندبارەکردنەوە ڕەچاوکراوە، ئەم پۆلە بریتییە لە دەستەیەکی ناو، کە ئاماژەپێکراوی گشتییان هەیە وەک (ناوی مرۆڤ، ناوی شوێن، ناوی ڕاستی) نووسراون، باوەڕیان وایە، کە پۆلی ناوە گشتییەکان بریتییە لە سنووری نێوان پێکەوەبەستنی ڕێزمانی و لێکسیکی. (Halliday & Hasan,1976:278).

هاوڕییەتی لەم مۆدێلەدا، ئەو بەشەی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، کە زۆرترین کێشەی لەسەرە. ئەم جۆرە پێکەوەبەستنە بەدیدەهێنرێت لە ڕێگای لێکدانی دانەکانی لێکسیکی، کە بە بەردەوامی لێکدەدرێن لەگەڵ یەکتردا، واتە هەر نموونەیەک لەخۆدەگرێت، کە دوو دانەی لێکسیکی تێدایە و تا ڕادەیەک پەیوەستدەبن بەیەکەوە، (سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٨) بڕوانە (١٦).

١٦ أ- کچ – جوان

ب - کوڕ – قۆز

پ- هەنار – مێخۆش

ج- ئاو – شلەتێن

٢- ڕوقییە حەسەن ١٩٨٤

ڕوقییە حەسەن لە وتاری دواتری بە ناونیشانی (پێکەوەگونجاندن و هاوگونجاندنی پێکەوەبەستراو) لە ساڵی (١٩٨٤) پەرەی بە مۆدێلی پێکەوەبەستنی خۆیدا، لە ژێر پۆلی پێکەوەبەستنی لێکسیکی، دووبارە بەستەرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی بۆ (گشتی و یەکسەری) بەشەپۆل دەکات. بڕوانە شێوەی (٥).

| | بەستەر | نموونە | جۆری پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| گشتی | دووبارەبوونەوە<br>هاوواتا<br>دژ واتا<br>گرتنەوە<br>مێرۆنیمی | ڕۆیشت، دەڕوات، بڕۆ<br>ڕۆیشت، بەجێیهێشت<br>ڕۆیشت، هات<br>ئاژەڵ، پشیلە<br>ئۆتۆمبێل، تایە | هاوپۆلکردن<br>یان<br>هاوکشانی |
| یەکسەر | هاوتا<br>ناونان<br>لێکچوون | مامۆستاکە باوکیان بووە<br>دوکانەکەیان ناونا زانکۆ<br>موچەی ئەم مانەگەیان وەک مانگی پێشوو وابوو | هاوئاماژەکردن<br>یان<br>هاوپۆلکردن |

شێوەی ژمارە (٥) مۆدێلی پێکەوەبەستنی لێکسیکی (حەسەن، ١٩٨٤)

ڕوقییە حەسەن پەیوەندیی واتایی دەقیانە بۆ سێ جۆر پۆلدەکات:

١- هاوئاماژەکردن

٢- هاوپۆلکردن

٣- هاوکشانی

پەیوەندیی هاوئاماژەکردن دەنوێنرێت لە نێوان دوو ئەندامی لێسکیکی لە دەقێکدا، لە ڕێگای ناسنامەی ئاماژەکردن. (Hasan,1984:73)، بڕوانە نموونەی (١٧).

١٧- گۆران سەردانی فەرمانگەکەی کردبوو، ئەو نەیزانیبوو ئەمڕۆ پشووە.

وشەی (گۆران) و وشەی (ئەو) بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لە ڕێگەی هاو ئاماژەکردنەوە.

ئەگەر بڕوانینە نموونەی (١٨)

١٨- خۆمان دوای پیاوی زاڵم ئەکەوین

هەروەک و بڵێی مەخلوقی ئەوین

هەرچیمان هەیە ئەو دەیبا و دەیخوا

ئینجا سکاڵاش دەبەین بۆلای خوا (پەندەکانی پرەمێرد).

لەم دەقەی پیرەمێرددا وشەی (پیاوی زاڵم) و وشەی (ئەو) بەیەکەوە بەستراونەتەوە لە ڕێگای هاوئاماژەکردنەوە، هەروەها وشەی (خۆمان) لەگەڵ وشەی (ئەکەوین، مەخلوقی ئەوین، هەرچیمان، دەبەین) لە ڕێگای پەیوەندیی هاوئاماژەکردنەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

لە هاوپۆلکردندا ئاماژەپێکراوی شتەکان و پێواژۆ و بارودۆخی ئەندامانی دەقیانە بۆ پۆلێکی دەقاودەق دەگەڕێنەوە، بڕوانە نموونەی (١٩).

١٩ أ- قایلبوون/ قایلنەبوون

ب- ڕازیبوون/ ڕازینەبوون

سەبارەت بە هاوکشانی، ئەو مەبەستی لە ئاماژەی دوو ئەندامە، بۆ شتێک لە ناو هەمان بواری واتای گشتی، (حەسەن،١٩٨٤) جەختدەکاتەوە، کە ئەم سێ پەیوەندییە واتاییە، ئەندامانی پەیوەندیی بەیەکەوە دەبەستنەوە. (Hasan,1984:73)، بڕوانە نموونەی(٢٠).

٢٠- دۆلار و پاوەن دوو دراوی بەنرخن.


وەک بۆماندەردەکەویت، لە نموونەی ژمارە (٢٠)دا وشەکانی (دۆلار و پاوەن)، کە دوو جۆری جیاوازی دراون، بەهۆی وشەی بەنرخن، پێکەوەبەستراونەتەوە.

هەروەها ڕوقییە حەسەن پێشنیازی زاراوەی زنجیرەی پێکەوەبەستراو دەکات، بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆر زنجیرە پێشنیازدەکات، (زنجیرەی ناسنامە، زنجیرەی لێکچوو)، هەردوو زنجیرەکە لە پەیوەندیی پێکەوەبەستراو پێکدێن، لە زنجیرەی ناسنامەدا پەیوەندییە پێکەوەبەستراوەکان، هەمان ئاماژەپێکراویان هەیە، لە کاتێکدا لە زنجیرەی لێکچوندا، پەیوەندییە پێکەوەبەستراوەکان لە ڕێگای پەیوەندیی واتایی پێکەوەکشانی، یان پێکەوەپۆلکردن، لە هەردوو بارەکەدا ئەندامەکانی پەیوەندییەکان وەک یەک نین، بەلاّم پەیوەندیی پێکەوەبەستراویان هەیە، ئەم سێ چەمکە (بەستەری پێکەوەبەستراو و پەیوەندیی پێکەوەبەستراو و زنجیرەی پێکەوەبەستراو) لە لایەن (ڕوقییە حەسەن،١٩٨٤) ناویان لێنراوە هاوگونجاویی پێکەوەبەستراو لەژێر چەمکی گشتیدا. (Hasan,1984:73).

٣- هالیدەی ١٩٨٥

هالیدەی گۆڕانکاری لە مۆدێلی کلاسیکی (هالیدەی و حەسەن،١٩٧٦)دا کردووەو ئەو گۆڕانکارییەشی لە ناو پەرتوکەکەیدا بە ناونیشانی (پێشەکییەک بۆ ڕێزمانی ئەرکی introduction to functional grammar) لە ساڵی (١٩٨٥) خستووەتەڕوو، تێیدا پێناسەی پێکەوەبەستنی لێکسیکی دەکات، دەڵێت (ئەو بەردەوامییەیە، کە دروستدەبێت لە دەقێکدا لە ڕێگەی بژاردەی وشەوە). (Halliday,1985:289).

بەراورد بە مۆدێلی کلاسیکی، هەردوو پۆلی دووبارەبوونەوە و هاوواتا بەرز دەنرخێنێت، لە جیاتی پۆلی چەند بارەکردنەوە، بڕوانە شێوەی ژمارە (٦).




شێوەی ژمارە (٦) (هالیدەی، ١٩٨٥)

دووبارەبوونەوە ڕاستەوخۆترین فۆڕمی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، کە دووبارە بوونەوەیەکی سادەی هەمان دانەی لێکسیکییە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی مۆرفۆلۆژیشەوە جیاواز بێت، بڕوانە نموونەی (٢١ أ،ب):

٢١ أ- کتێب کتێبەکە کتێبێک

ب- هێز بەهێز بێهێز

سەبارەت بە پۆلی هاوواتا، وای بۆ دەچێت، کە پێکەوەبەستنی لێکسیکی دروستدەبێت، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی دانەیەکی لێکسیکی، کە تا ڕادەیەک هاوواتایە لەگەڵ دانەی پێشتر. (Halliday,1985:289)، بڕوانە نموونەی (٢٢):

٢٢- گەنجێک پێکەنی بە ڕیشی پیرێک

وەڵامی داوە لەولاوە ژیرێک

مەڕوانە ئەمڕۆ کە شۆخی بەناو


پیرم زۆر دیوە لەسەر گۆڕی لاو

دووبارەبوونەوەی پیر لە نموونەی سەرەوەدا، وشەکانی (پیر لەگەڵ گەنج و لاو) دژواتان، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (گەنج، لاو) دوو وشەی هاوواتان، کە پێکەوەبەستنی لێکسیکی دروستکردووە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی دانەیەکی لێکسیکییەوە هاتوون.

پەیوەندیی هاوڕێیەتی، پەیوەندییەکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ نموونەی تری پەیوەندیی لێکسیکی، کە بەر هیچکام لەو جۆرانە ناکەون، کە دیاریکراون.

٤- هۆوی، ١٩٩١

پەرتوکی هۆیی بەناونیشانی (قاڵبە لێکسیکییەکان لە دەقدا،١٩٩١) میتۆدێکی درێژەپێدراو لەخۆدەگرێت، لەم میتۆدەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بایەخدەدات بە قاڵبی پێکەوەبەستنی لێکسیکی لەجیاتی ڕێزمانی، هەرچەند ئەم میتۆدە خۆی لادەدات لە قاڵبی ڕێزمانی، هۆوی پێکەوەبەستنی لێکسیکی بۆ شەش جۆر پۆلدەکات. (Hoey,1991:83)، بڕوانە شێوەی (٧)




شێوەی ژمارە (٧) هۆوی (١٩٩١)

دووبارەبوونەوەی لێکسیکی بۆ دوو جۆر وابەستەدەبێت، (سادە و ئاڵۆز)، دووبارەبوونەوەی لێکسیکیی سادە، دووبارەبوونەوەی دانەیەکی ڕاستەوخۆی لێکسیکی دەگرێتەوە، کە پێشتر لە دەقەکەدا دەرکەوتووە، تەنها وەک جێگرەوەیەک، کە ڕێپێدراون لە دووبارەبوونەوەی سادە، ئەوانەن کە فراوانکراون لە ڕێگای پەیوەندیی جێنشینیی ڕێزمانییەوە. بڕوانە نموونەی (٢٣ أ،ب).

٢٣ أ- کوڕ کوڕەکە کوڕەکان

ب- قەڵەم ئەم قەڵەمە قەڵەمێک

دووبارەبوونەوەی لێکسیکیی ئاڵۆز، دووبارەبوونەوەی دانەیەکی لێکسیکی لەخۆدەگرێت، کە ناتوانرێت لە ڕێی پەیوەندیی جێنشینیی ڕێزمانییەوە فراوانبکرێت، لەوەی، کە ئەو گۆڕانکارییەی پێویست دەکات لە پۆلی ڕێزمانیی ئەوان، وەک نموونەی (٢٤).

٢٤ أ- یاریکردن یاریدەکات

ب-    جگەرەکێشان        جگەرە دەکێشێت

پ-    جوان        جوانتر

داڕێژانەوە وەک شێوازێکی تری دووبارەبوونەوە دادەنرێت، لەبەرئەوەی لێرەدا دانەی لێکسیکی دەگۆڕێت بە دانەیەکی تر، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە واتادا ڕووبدات، بڕوانە نموونەی (٢٥ أ،ب).

٢٥ أ-    هاوڕێکەم پارەی خانووەکەی دا.

ب-    هاوڕێکەم کرێی خانووەکەی دا.

ئەگەر گۆڕانەکە یەک ئاراستە بوو، ئەو کاتە ناویدەنرێت داڕێژانەوەی سادەی بەشی، بۆ نموونە (بەرگ، پەرتووک) لە کاتێکدا، کە دانەی یەکەم دەتوانێت جێگەی دووەم دانە بگرێتەوە، بەڵام پێچەوانەکەی نابێت، بڕوانە نموونەی (٢٦).

٢٦ أ- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف خاوەنی پێنج پەرتووکی مۆرفۆلۆژییە.

ب- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف خاوەنی بەرگی یەکەمی مۆرفۆلۆژییە.

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٢٦) بدەین، خاوەنی یەک بەرگ یەکسانە بە خاوەنی پێنج پەرتووک، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە.

ئەگەر بە هەردوو لادا کاربکات لەوانە ئاراستەی دوو لایەن، ئەو کاتە ناویدەنرێت داڕێژانەوەی سادەی دوولایەن، بۆ نموونە (کڕین و فرۆشتن) لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا.

داڕێژانەوەی ئاڵۆز لە کاتێکدا ڕوودەدات، کە یەکێک لە دانەکانی لێکسیکی لە دەقێکدا دەکرێت داڕێژانەوەی بۆ بکرێت لە ناو دەقدا، بە شێوازێک کە ئەوی لەخۆبگرێت، نموونەیەک بۆ ئەم جۆرەیان نیشاندەدرێت لە دانەکانی دوای ئەوەی، کە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، واتە داڕێژانەوەی ئاڵۆز، یان بەشییە وەک نموونەی پێشوو، یان دژواتایە وەک گەورە و بچووک، کە پەیوەندیی نێوانیان پێچەوانەیە و هەریەکەیان داڕێژانەوەی بۆ دەکرێت لە ڕێگەی نەرێکردنی ئەوی تریانەوە. (Hoey,1991:109)، وەک نموونەی (٢٧).

٢٧ أ- خانووەکە بچووکە.

ب- خانووەکە گەورە نییە.

پ- خانووەکە گەورەیە.

ت- خانووەکە بچووک نییە.


# بەشی دووەم

## ٢- بەستەرەکانی دەق و نواندنیان لە زمانی کوردیدا

### ٢-١ دەروازە

لەم بەشەدا بەستەرەکانی دەق و نواندنیان لە زمانی کوردیدا، بە پێی مۆدێلی پێکەوەبەستنی هالیدەی بە نموونەی دەقی کوردییەوە دەخەینەڕوو، کە ئەم جۆرانە بە چی دەنوێنرێن و چۆن ڕۆڵی پێکەوەبەستنی ڕەگەزەکانی دەق دەبینن، بۆ ڕۆڵی پێکەوەبەستنیشیان سوود لە هەردوو ڕوانگەی پۆلە ڕەگەزی ئەرکیی (بکەر، کردار، تەواوکەر) و پۆلە ڕەگەزی لێکسیکیی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ژمارە...هتد) بینراوە.

بەپێی مۆدێلی هالیدەی (١٩٨٥)، کە لە بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، هەوڵدەدەین جۆرەکانی بەستەری دەق لە زمانی کوردیدا یەک یەک ڕوونبکەینەوە، پاشان نواندنی لە دەقی کوردیدا دیارییبکەین، بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) لە سیستەمی ڕێزمانی ئەرکیی هالیدەیدا، بڕوانە شێوەی ژمارە (١)




شێوەی ژمارە (١) مۆدێلی پێکەوەبەستنی هالیدەی (١٩٨٥)

پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) بریتییە لە تۆڕێک پەیوەندیی لێکسیکی و ڕێزمانیی و واتایی، کە بە بەردەوامی بەشەکانی دەق پێکەوەدەبەستێت و وەک یەکەیەکی یەکگرتووی ڕستراو خۆیدەنوێنێت. (Richard etall, 1985:35).

## ٢-٢ جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی

جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی، بنچینەی پێکەوەبەستنی ڕێزمانیمان پێشکەشدەکەن، هالیدەی و حسن ئاماژە بەوە دەکەن، (کە ئێمە دەتوانین ئەم چەمکە لە ڕێگای پۆلکردنی بۆ ژمارەیەکی کەمی پۆلی دیار ڕێکبخەین، کە بریتین لە (ئاماژەکردن، لەبریدانان، لابردن و بەستن). ئەم پۆلانە لە پێکەوەبەستنی ڕێزمانیدا بنەمایەکی بیردۆزی و جۆری تایبەتییان هەیە، هەروەها ڕێگایەکی کرداریانە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی دەق پێشکەشدەکەن) (Halliday & Hasan 1976: 37).

### ٢-٢-١ ئاماژەکردن

یەکێک لەو بژاردانەی، کە لە ڕێزماندا بۆ دروستکردنی بەستنەوەی ڕووکەش پێشکەشدەکرێت، بریتییە لە ئاماژەکردن، (کە ناتوانرێت لە ڕووی واتاییەوە لێکدانەوە بۆ هەندێک نیشانەی تر بەبێ ئاماژەکردن لە دەقەکەدا بکرێت، جێناو وەک بەستەری ئاماژەکردن، باوترین ڕەگەزی زمانەوانییە لە ژینگەی دەقیانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزی زمانەوانیی تر بوونیان هەیە، بۆ ئەنجامدانی هەمان ئەرک بەکاردەهێنرێت)، وەک: وشەکانی (نیشانە و ناسراوی و نیشانە پراگماتیکییەکانی کات و شوێن، ئاماژەکردنی بەراورد). (سەرچاوەی پێشوو: ٣١)

#### ٢-٢-١-١ نواندنی ئاماژەکردن

کۆمەڵێک نیشانە لە دەقدا، وەک بەستەرەکانی ئاماژەکردن خۆیاندەنوێنن، کە بەهۆیانەوە ئەو پەیوەندی و پێکەوەبەستنەوەی ڕەگەزەکانی ناو دەق و بەستنەوەی دەق بە دەوروبەرەوە دروستدەکەن. دەق زۆر دەگمەنە خاڵی بێت لەم نیشانانە. ئەم نیشانانەش واتاکانیان لە ناو دەقدا ڕووندەبێتەوە، واتە نیشاندراوەکە بۆ کەس، یان بۆ شت دەگەڕێتەوە، هاڵیدەی پێیوایە (وشەکانی نیشانە ناچنە ژێر کاریگەریی یاسا سینتاکسییەکان، بەڵکو تەنها کاریگەریی واتاسازییان لەسەر دەبێت، واتە

پەیوەندیی نیشاندان پەیوەندییەکی واتاییە، دەبێت لە نیشاندەر و نیشاندراوەکەدا هەبێت). (Halliday & Hasan 1976: 32).

هەموو ئەو بەستەرانەی ڕۆڵیان لە نواندنی فۆرمەکانی ئاماژەکردن بۆ پێکەوەبەستنی دەق و دارشتنی دەق و لێکدانەوە و تێگەشتن لە دەقدا هەیە، (چەمکێکی سەربەخۆو چەسپاویان نییە، واتاکانیان ڕوون و دیار نابێت، ئەگەر لە دەقدا بەکارنەهێنرێن، ئەوانیش وەک: وشەکانی نیشانە و ناسیاوی، جێناوە کەسییە جوداکان و لکاوەکان و جێناوی خۆیی، نیشانەکانی کات و شوێن، لەگەڵ ئاماژەکردنی بەراورد) (تۆفیق،٢٠٠٢ :٨٤). فۆرمەکانی ئاماژەکردنیش بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلدەکرێن، کە بریتین لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەق و ناوەوەی دەق، کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

## ٢-٢-١-١-١ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا

ئاماژەکردنی دەرەوەی دەق، هەموو ئەو لێکسیم و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکەن، واتە (لێکسیمەکە، یان کەرەستە ئاماژەپێکراوەکە، لە دەرەوەی دەقدایە، ئاماژەکانی دەرەوەی دەقیش لە دوو شێوەدا خۆیاندەنوێنن، ئەوانیش ئاماژەی جوڵەیی و ئاماژەی هێمایین) (Halliday & Hasan,1976:18)، وشەکانی نیشانە ڕۆڵی گرنگیان لە نواندنی ئاماژەی جوڵەییدا هەیە.

وشەکانی نیشانەش، ڕۆڵیان لە نواندنی ئاماژەکانی دەرەوەی دەقدا هەیە، لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا (ئەم، ئەمە، ئەمان، ئەمانە) بۆ تاک و کۆی نزیک و (ئەو، ئەوە، ئەوان، ئەوانە) بۆ تاک و کۆی دوور بەکاردێن، وشەکانی (ئەمان، ئەوان) و (ئەمانە، ئەوانە) بە یاریدەی مۆرفیمی (ان)ی کۆ وشەی نیشانەی کۆیان لێ سازکراوە. (حاجی مارف،٢٠١٤-أ :٢٥٧)، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکانی دەرەوەی دەقدا بە هەردوو جۆرەکەی ئاماژەی جوڵەیی و ئاماژەی هێمایی، دەخەینەڕوو، بڕوانە (١):

١- ئەم خانوەم پێ باشترە!

لە ڕستەی (١)دا، وشەی نیشانەی (ئەم) بۆ تاکی نزیک بەکارهاتووە، ڕۆڵی گرنگی لە بەستنەوە و نواندنی کەرەستە ئاماژەپێکراوەکەدا هەیە، کە لە دەرەوەی دەقدایە

و لێکسیمی (خانووەکە)یە، ئەم نواندنە لە شێوەی ئاماژەی جوڵەییە، قسەکەر بە جوڵەی دەست، یان چاو ئاماژە بە کەرەستە ئاماژەپێدراوەکە دەکات، کە ئەمەش ڕۆڵی لە تێگەشتنی واتای ڕستەکە بۆ بەرامبەر هەیە، ئەگەر وشەی نیشانەی (ئەم) لە ڕستەکە لاببرێت، ئەوا پێکەوەبەستن و واتای تێگەشتن لە ڕستەکە بەرهەمنایەت. بڕوانە (٢):

٢- لەگەڵ چەند بوخچەیەکی زەرد و سوور کە پڕبوون لە پەڕۆ و پاتاڵ و غەرگەی کۆنینە، ئەوانیش خرابوونە ناو دەلاقە و سنووقێکی بوراقەوە، کە بەحاڵ بە پێوە وەستابوو...... (شێرزاد حەسەن،٢٠١٢: ٣٣).

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٢) بدەین، وشەی نیشانەی (ئەوان) ئاماژەیە بۆ کۆی دوور و ڕۆڵی لە نواندنی ئاماژەی هێمایی بۆ دەرەوەی دەق بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ڕستەی (لەگەڵ چەند بوخچەیەکی زەرد و سوور کە پڕبوون لە پەڕۆ و پاتاڵ و غەرگەی کۆنینە) و (خرابوونە ناو دەلاقە و سنووقێکی بوراقەوە، کە بەحاڵ بە پێوە وەستابوو) بەهۆی وشەی نیشانەی (ئەوان) پێکەوەبەستراونەتەوە و ئەم نیشانەیەش، هۆکارێکە بۆ ڕوونی و مەبەستی قسەکەر، کە دەزانرێت ئەو کەرەستانەی لە ڕستەی یەکەمدا باسکراوە، خراونەتە کوێوە، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی لە نواندنی ئاماژە بۆ کراوەکەدا بینیوە، کە بە شێوەی ئاماژەی هێمایی ئاماژە بۆ (دەلاقەی سنوقێکی بوراق) دەکات، کە وەک ڕستەی دووەمی دەقەکە هاتووە و ئاماژە بۆ دەرەوەی دەقەکە دەکات.

### ٢-٢-١-١-٢ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقدا

ئاماژەکانی ناوەوەی دەق ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە، کە بۆ ڕەگەزەکانی ناو دەق دەگەڕێتەوە، واتە (ئاماژەکردنەکە لەناو دەقدا ڕوودەدات و پەیوەندیی بە دەرەوەی دەقەوە نییە، ئەم جۆرە ئاماژەکردنەش، خۆی لە دوو شێوەدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە ئاماژەکردن بۆ پێشەوە، ئاماژەکردن بۆ دواوە) (Hallidy&Hasan,1976:37).

### ٢-٢-١-١-٢-١ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی پێشەوەدا

وشەکانی نیشانە هەروەک چۆن ڕۆڵیان لە نواندنی ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا هەیە، بە هەمان شێوەش ڕۆڵی گرنگیان لە نواندنی ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقیشدا هەیە، بڕوانە (٣):

٣- ئەو موبایلە نایلۆنە دڵم دەگوازێتەوە بۆ هەرشوێنێک کە بمەوێ، ئەو ئامێرە کە دەڵێن لە ژەهر دروستکراوە بە قسەم دێنێت و چ مەینەتییەک ساڵانێکە ڕشتویانەتە ناو دەروونمەوە دەردێنێ، کەس ئەوەندەی ئەو ئامێرە گوێی لێنەگرتووم و حورمەتی بۆ دانەناوم. (جەبار جەمال غەریب،٢٠١١: ٢٤).

لە نموونەی (٣)دا، وشەی نیشانەی (ئەو)، کە ئاماژەیە بۆ تاکی دوور، لە دەقەکەدا سێ جار دووبارەبووەتەوە و ئەگەر سەیری ڕستەکانی (موبایلە نایلۆنە دڵم دەگوازێتەوە بۆ هەرشوێنێک کە بمەوێ) و (ئامێرە کە دەڵێن لە ژەهر دروستکراوە بە قسەم دینێت و چ مەینەتییەک ساڵانێکە ڕشتویانەتە ناو دەروونمەوە دەردێنێ) و (ئامێرە گوێی لێنەگرتووم و حورمەتی بۆ دانەناوم) بکەین، دەبینین بەستەری وشەی نیشانەی (ئەو) ڕۆڵی لە بەستنەوەی هەرسێ ڕستەی ناو دەقەکەدا بینیوە و نواندنی ئاماژەکردنی بۆ پێشەوەی بەرهەمهێناوە، کە هەردوو وشەی نیشانەی (ئەو) لەگەڵ وشەی (ئامێر) لە ڕستەی دووەم و سێیەمدا ئاماژەیە بۆ پێش خۆی، کە لێکسیمی (موبایل)ـەیە لە ڕستەی یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە، بەمەش تێدەگەین کە وشەکانی نیشانە بە ئاماژەکردن بە کەرەستەکەی پێش خۆیان، ڕۆڵی بەستنەوە و تێگەشتن لە مانای دەقەکە بەرهەمدەهێنن.

### ٢-٢-١-١-٢-٢ نواندنی وشەکانی نیشانە لە ئاماژەکردنی دواوەدا

وشەکانی نیشانە زیاتر لە ئاماژەکردن بۆ پێشەوەی دەقدا چالاکترن، وەک لە نواندنی ئاماژەکردن بۆ دواوەی دەق، بەڵام لە دەقەکاندا بۆ ئەم جۆرە ئاماژەکردنەش ڕۆڵی گرنگیان لە نواندن و پێکەوەبەستنەوەی دەقدا هەیە، بڕوانە (٤):

٤- حەمە ڕەشید ئاغا، گوتبووی قسەی وا مەکە کچم. برایمۆک خۆی مەرگی هەڵبژارد ئەویش وەک هەموو ئەو پیاوانە، کە ماڵ و بنەماڵە و شارەکەیان جێدێڵن و دێنە دەر لە ڕاستیدا مەرگی خۆیان هەڵدەبژێرن... (عەتا نەهایی،٢٠٠٧: ١٤٥).

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٤) بدەین، دەبینین وشەی نیشانەی (ئەو) لەگەڵ (پیاوانە) لە پێش ڕستەی (ماڵ و بنەماڵە و شارەکەیان جێدێڵن و دێنە دەر) هاتووە، کە ڕۆڵی هەیە لە نواندنی ئاماژەکردن بۆ دواوەی دەق، کە ڕستەی (ماڵ و بنەماڵە و شارەکەیان جێدێڵن و دێنە دەر) بووەتە ڕستەی ئاماژەپێدراوی دواوەی دەق، کە وشەی نیشانەی (ئەو) ڕۆڵی لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقەکەدا هەیە، بەم نواندن و پێکەوەبەستنەوەش مەبەستە ئاماژە بۆ کراوەکان و بە مەبەستی تێگەشتن لە واتای دەقەکە بۆ بەرامبەر دێتەکایەوە، ئەمەش وا دەکات وشەکانی نیشانە جگە لە ڕۆڵی بەستنەوە، گوێگر بە دەوروبەری وتنەکە ئاشنادەکات و بەشداری لە بۆنەی وتنەکەدا دەکات، کە هۆکارێکە بۆئەوەی زمان چالاکانەتر کاری گەیاندن بۆ مەبەستی لێکدانەوە و تێگەشتن لە واتای دەقەکەدا ئەنجامبدات.

## ٢-٢-١-٢ نواندنی نیشانەکانی ناسراوی لە ئاماژەکردنی دەقدا

نیشانەکانی ناسراوی، کە بریتیین لە (_ ەکە و ئەلۆمۆرفەکانی)، بە دوای ناوەوە، یان ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێن بۆ ئەوەی بیکەن بە ناسراو.(حاجی مارف،١٩٧٩ :١٨٧-١٨٨)، جگە لە ئەرکی ناسراوی، نیشانەکانی ناسراوی ڕۆڵیان لە نواندن و پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەقیشدا هەیە. بڕوانە (٥).

٥- بۆ ئەو میوانانە و ئەو ئێوارەیەش لای ئەوان لەسەر دەعوەتی نانخواردن بوون و وەکو زەماوەندێکی یەکترناسین وابوو، دەعوەتەکە لە پارکێژی زۆر خۆش و بەرین سازکرابوو. (گەلاوێژ،٢٠١٨ :٧٢).

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٥) بدەین، دەبینین نیشانەی ناسراوی (_ەکە) لکێنراوە بە وشەی (دەعوەت)ەوە، کە ڕۆڵی پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی بۆ پێش خۆی بۆ ڕستەی (ئەوان لەسەر دەعوەتی نانخواردن بوون) لە سەرەتای دەقەکەدا بینیوە.

## ٢-٢-١-٣ نواندنی جێناوەکان لە ئاماژەکردندا

جێناو لەناو بەشە ئاخاوتنەکانی تردا، جێگایەکی دیار و تایبەتی هەیە، لە ڕێزمانی کوردیدا چەند جۆرێک جێناو جیاکراوەتەوە، وەک (جێناوی کەسی جودا، جێناوی کەسی لکاو، جێناوی خۆیی، جێناوی نیشانە، جێناوی پرسیار، جێناوی چەندێتی، جێناوی هەیی، جێناوی نەفی، جێناوی هاوبەش، جێناوی دیار، جێناوی نادیار). (حاجی مارف،٢٠١٤-أ :٨٢)

لەناو جۆری جێناوەکاندا، جێناوەکانی (کەسیی جودا، کەسیی لکاو، خۆیی) بەشدارییەکی چالاک دەکەن لە نواندن و بەیەکەوەبەستنی پارچەکانی دەق و بەستنەوەی دەق بە دەوروبەری گوتنەوە، ئەم جێناوانە بە تەنیا واتای تایبەتییان نییە، بەڵکو واتاکانیان لە دەوروبەری گوتن، یان لەناو دەقدا بۆ دروستدەبێت، لە نواندنی ئاماژەکانی دەقدا، جێناوەکان بە دوو جۆر ڕۆڵی نواندن و پێکەوەبەستنی پارچەکانی دەق دەبینن، کە بریتین لە:

**١-نواندنی جێناوی کەسیی جودا لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا.**

لە ناو جێناوە کەسییە جوداکاندا، جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاک ڕۆڵێکی چالاک لە پێکەوەبەستن و نواندنی ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا دەبینن، ئاماژەکانی هێمایی و جوڵەیی بە دەرەوەی دەق دەبەستنەوە. (تۆفیق، ٢٠٠٢: ٨٤). بڕوانە (٦)

٦- باش دەزانم تۆ بۆ لێرەیت و کاری سەرەکیت چییە، هەموو دنیا پێی وابێت تۆ میرزایت، لای من تۆ جاسوسی بەریتانیاییت. (یوسف عیزەدین،٢٠٠٩: ٥٧)

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٦) بدەین، جێناوەکانی (من، تۆ) ڕۆڵی پێکەوەبەستنەوەی پارچەکانی دەقیان بینیوە و واتایان لە دەوروبەری گوتنەکەوە وەرگرتووە، کە ئاماژە بە قسەکەر و گوێگر دەکات لە دەرەوەی دەق بە شێوەی ئاماژەی هێمایی و دەوروبەری گوتن بە دەرەوەی دەق دەبەستنەوە.

لە هەندێک باری زۆر دەگمەندا، جێناوی کەسی دووەمی تاک، وەک ئاماژەی جوڵەیی بۆ دەرەوەی دەق بەکاردێت، بڕوانە (٧)

٧- هەموو خوێندکارەکان لە تاقیکردنەوەکە نمرەی پێویستیان نەهێناوە، تەنها تۆ و تۆ بە باشی وەڵامتان داوەتەوە.

لە نموونەی (٧)دا، لێکسیمەکانی (تۆ و تۆ) ئاماژەی جوڵەیین بۆ دەرەوەی دەق، کە ڕۆڵیان لە بەستنەوەی هەردوو ڕستەی ناو دەقەکەدا بینیوە.

**٢- نواندنی جێناوی کەسیی لکاو لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا.**

جێناوە لکاوەکانیش لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بۆ دوو دەستە جیاکراونەتەوە، کە دەستەی یەکەم بریتیین لە جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەستەی دووەم بریتیین لە (م، ی، Ø، ین، ن، ن)، کە لە ڕووی هێز و چالاکییەوە دەستەی یەکەم لە دەستەی دووەم بەهێزترە. (حاجی مارف،٢٠١٤-أ :١١٠).

جێناوە لکاوەکانیش وەک جێناوی کەسیی جودا ڕۆڵیان لە بەستنەوەی ڕەگەزەکانی دەقدا هەیە، بڕوانە (٨)

٨- پەنا بەخوا بزانە لە خۆشیاندا چۆن گۆڕاوە، ئەوە بۆ ئەوسا لە شار هەر ڕۆژێکیش نەماندیت، وا دڵخۆش و ڕووخۆشبێت. (گەلاوێژ،٢٠١٨: ٩١).

لە دەقی (٨)دا بۆماندەردەکەوێت، هەردوو جێناوی لکاوی (یان، مان)، کە لکێنراون بە وشەکانی (خۆشی، دیت) ڕۆڵی پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنیان بۆ دەرەوەی دەق بینیوە، کە ئاماژە دەکات بە (شار) لە ڕابردوودا.

**٣- نواندنی جێناوی خۆیی لە ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا.**

جێناوە خۆییەکانیش بە هەمان شێوەی جێناوی کەسیی جودا و کەسی لکاو، ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا بینیوە. بڕوانە (٩)

٩- ئەحمەد بەگ سەیری جەماعەتی کرد و گوتی "ئەمە خۆی جارێک توشی ڕەشەباو تۆفانێک بووە، بۆیە پاپۆڕ و دەریای لێبووە بە گرێ". (گەلاوێژ،٢٠١٨: ٩٨).

ئەگەر سەرنجی دەقی (٩) بدەین، جێناوی خۆیی ڕۆڵی لە پێکەوەبەستنی ڕستەکانی دەقەکەدا بینیوە، کە بە شێوەی ئاماژەکردن بۆ دەرەوەی دەق ڕستەکانی دەقەکەی پێکەوەبەستووەتەوە.

**١-نواندنی جێناوی کەسیی جودا لە ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقدا.**

جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاک و کۆ و جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی کۆ، جگە لە جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاک، بە زۆری ڕۆڵی پێکەوەبەستنی ڕەگەزەکانی ناو دەق دەبینن، بەتایبەتی لە ئاماژەکردنی بۆ پێشەوەدا. بڕوانە (١٠)

١٠- گشت ڕۆژێ ڕۆژنامەی دەکڕی و وەختێ کەیوومەرسی کوڕی لە فێرگەوە دەگەڕایەوە دەیدایە دەستی و ئەویش بە دەنگێکی نێرانەوە بەرز بۆی دەخوێندەوە و حاجی سەری بۆ دەلەقاند و وەکو ئەوەی لە بەینی دێڕەکانیدا شتێکی تایبەتی تێدا نوسراوە، کە ئەو نەبێ هیچ کەس لەو نهێنییە ناگات. (سادقی هیدایەت، ١٩٨٦: ٧١).

ئەگەر سەرنجی دەقی (١٠) بدەین، جێناوی (ئەو) دوو جار لە دەقەکەدا هاتووە، کە یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ (کەیوومەرس)، کە لە پێش جێناوی ئەو ناوی هاتووە، بەمەش جێناوی (ئەو) دەقەکە دەبەستێتەوە بە پێش خۆیەوە، دووەمیان لە کۆتایی دەقدایە، کە دەڵێت (ئەو نەبێ هیچ کەس لەو نهێنییە ناگات)، ئەم جێناوەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش خۆی، کە (حاجی)یە، دیسان بە ئاماژەکردن بۆ پێشەوە دەقەکەی پێکەوەبەستووەتەوە.

**٢-نواندنی جێناوی کەسیی لکاو لە ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقدا.**

نواندنی جێناوی کەسیی لکاو لە ئاماژەکردنی پێشەوەدا، بڕوانە (١١)

١١- گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە گەڕانەوە لای پیاوەکانیان، کە پێکەوە لەگەڵ سەیفەدین لە پەنایەک دانیشتبون. (گەلاوێژ،٢٠١٨ :١٦٤).

لە نموونەی (١١)دا بۆماندەردەکەوێت، جێناوی لکاوی (یان) لە دەستەی یەکەم و جێناوی لکاوی (ن) لە دەستەی دووەم، کە (یان، ن) ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردن بۆ پێش خۆیان، کە (گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرەیە) کە گەڕابونەوە لای پیاوەکانیان بینیوە. (گەلاوێژ،٢٠٠٤ :١٦٤)

نواندنی جێناوی کەسیی لکاو لە ئاماژەکردنی دواوەدا، بڕوانە (١٢)

١٢- ئۆهـ باوکم خۆزگە هەر نەخوێندەوار بویتایە و ئەم سکاڵانامەیەت نەنووسیایە، دڵمان بوو بە سکاڵانامە. (گەلاوێژ،٢٠١٨ :١٦٥).

ئەگەر سەرنجی نموونەی (١٢) بدەین، دەبینین جێناوی لکاوی (مان) ڕۆڵی لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردن بۆ دواوەی دەقەکە، کە دەڵێت (دڵمان بوو بە سکاڵانامە) بینیوە.

**٣-نواندنی جێناوی خۆیی لە ئاماژەکردنی ناوەوەی دەقدا.**

جێناوە خۆییەکان جگە لە ڕۆڵیان لە پیکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەرەوەی دەقدا، ڕۆڵێکی چالاک و بەرچاویش لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردن بۆ ناوەوەی دەق دەبینن، بەڵام بە زۆری ڕۆڵیان لە ئاماژەکردن بۆ پێشەوەی دەقدا هەیە. بڕوانە(١٣)

١٣- ئاتەخان حەزی دەکرد لەناو خزم و ناسیاو و ئاشنادا تۆزێ خۆی هەڵبکێشایە بوکەی ڕێک و پێک بوایە و هەمێشە جلی جوانی لەبەر بکردایە. (گەلاوێژ،٢٠١٨: ٦٥).

ئەگەر سەرنجی دەقی (١٣) بدەین، دەبینی جێناوی خۆیی (خۆی) ڕۆڵی پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی بۆ پێشەوەی دەق، کە ناوی (ئاتە خانە) بینیوە.

## ٢-٢-١-٤ نواندنی نیشانە پراگماتیکییەکانی کات و شوێن لە ئاماژەکردنی دەقدا

نیشانەکانی کات و شوێن جۆرێکی ترن لە ئاماژەکردن، واتە ئاماژەکردن بە شاراوەیی چۆتە ناو ئەم نیشانانەوە، لەبەر ئەمەشە بە نیشانەکانی ئاماژەکردن ناودەبرێن. (فەتاح، ٢٠١٠: ٣٨٥).

## ٢-٢-١-٤-١ نواندنی نیشانەکانی شوێن

نیشانەکانی شوێن (ئێرە ئەوێ، لێرە لەوێ) لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەقدا بەکارهێنانی جوڵەیی و هێماییان هەیە، (هاڵیدەی و حەسەن) پێیانوایە ئەم نیشانانەش هاوتەریین لەگەڵ وشەکانی نیشانە (ئێرە لەگەڵ ئەم و ئەوێ لەگەڵ ئەو)دا. (Halliday & Hasan,1976:74). بڕوانە دەقی (١٤)

١٤- کەلوپەلە تازەکان لێرە دابنێ و کەلوپەلە کۆنەکانیش لەوێ لابە.

ئەگەر سەرنجی دەقی (١٤) بدەین، نیشانەکانی (لێرە، لەوێ) کە ئاماژە بە شوێنی کەلوپەلەکان دەدەن، ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەقەکەدا بینیوە.

### ٢-٢-١-٤-٢ نواندنی نیشانەکانی کات

نیشانەکانی کاتیش وەک شوێن ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقدا هەیە. بڕوانە (١٥)

١٥- ئێستاش ئەوەی چووە چووە، من نامەوێت باسی شتێک بکەم گەڕانەوەی نییە، نامەوێ باسی ڕابردوو بکەم، دەمەوێ قسەی ئێستات بۆ بکەم، گرنگ ئەوەیە ئێستا تۆ لێرەیت و ئەگەر بتەوێت دەتوانیت لەم دەرفەتە بۆ دەسپێکردنی ژیانێکی تازە کەڵک وەرگریت. (عەتا نەهایی،٢٠٠٧ :٢٦١)

ئەگەر سەرنجی دەقی (١٥) بدەین، دەبینین (ئێستا) وەک نیشانەی کات لە دەقەکەدا ڕۆڵی پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی کاتی بۆ دەقەکە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا (لێرە) وەک ئاماژەکردن بە شوێن لە دەقەکەدا هاتووە، کە پێکەوە وەک نیشانەکانی کات و شوێن ڕۆڵی پێکەوەبەستنی ڕەگەزەکانی دەق و ئاماژەکردنی دەقیان بینیوە.

### ٢-٢-١-٥ نواندنی نیشانەکانی بەراوردکردن لە ئاماژەکردنی دەقدا

یەکێکی تر لە ڕێگاکانی ئاماژەکردن، نیشانەکانی بەراوردکردنە، کە بریتین لە نیشانە ڕێزمانییەکانی (تر، ترین)، کە پێیاندەوترێت پلەی بەراورد و باڵا، ئەمانەش تەنها دەچنە سەر ئاوەڵناو، واتە (ئاوەڵناو بەهۆی (تر، ترین)ی بەراوردەوە دروستەی ڕستەیەکی بەراورد بەرهەمدەهێنێت)، (عول،٢٠٠٨ :٩٧). جگە لەم ئەرکەش ڕۆڵی لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردنی دەق لە نێوان دوو بەراوردکراوەکەدا دەبینێت. بڕوانە (١٦):

١٦- باڵندەیەک کە بەرزتر لە هەمووان لەسەر دار نیشتووە، زووتر لە هەموو دەبێتە نیشانەی تیری ڕاوچی. (سۆران ڕەشید ئیمامی،٢٠١٢ :١٠٢).

ئەگەر سەرنجی دەقی (١٦) بدەین، نیشانەی بەراوردی (تر) ڕۆڵی لە پێکەوەبەستن و ئاماژەکردن بۆ پێش خۆی، کە وشەی (باڵندە)یە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی بەراوردی لە نێوان وشەکانی (بەرز، زوو)دا کردووە.

## ٢-٢-٢ لەبریدانان


لەبریدانان و ئاماژەکردن لە جۆر و شوێنی کارەکەیاندا جیاوازن، لەبریدانان گرنگی بەو پەیوەندییانە دەدات، کە پەیوەندییان بە لێکسیمکارییەوە هەیە، لە کاتێکدا ئاماژەکردن گرنگی بەو پەیوەندییانە دەدات، کە پەیوەندییان بە واتاوە هەیە. لەبریدانان ڕێگایەکە بۆ خۆلادان لە دووبارەبوونەوە لە خودی دەقدا، بەڵام ئاماژەکردن پێویستی بەوەیە، کە واتاکەی لە ڕوودانی دۆخی دەقی دەستبکەوێتەوە. (لەبریدانان کاتێک ڕوودەدات، کە نیشانەیەک، یان پێکهاتەیەک لە دەقێکدا جێی پێکهاتەیەکی تر، یان دەربڕینێکی پێشتر دەگرێت). (Halliday&hasan,1976:7).

لە ڕووی سیستەمی زمانەوانی، (ئاماژەکردن ئەو پەیوەندییەیە لەسەر ئاستی واتایی، لە کاتێکدا لەبریدانان ئەو پەیوەندییە لەسەر ئاستی لێکسیمی و ڕێزمانی (لێکسیکۆگراماتیکال) و ئاستی ڕێزمان و لێکسیمکاری یان فۆڕمی زمانەوانی). (Halliday&Hasan,1976:89)، واتە لەبریدانان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و دەبێتە هەوێنی دەقێکی پێکەوەبەستراو لە پێکەوەبەستنی دەقدا.

### ٢-٢-٢-١ نواندنی لەبریدانان

((پێکهاتە)) لە ڕوانگەی پۆلەڕەگەزی ئەرکی و پۆلەڕەگەزی ڕستەسازییەوە، لە دروستەی ڕستە و پێکەوەبەستنی دەقدا گرنگە، چونکە هەمیشە ڕۆڵی ئەرکی ڕێزمانی و پڕکردنەوەی دروستەی ڕستە دەبینێت، لەبریدانان و لابردنیش لەسەر بنەمای جۆری پێکهاتەکان ئەنجامدەدرێن، بۆیە پێویستە لێرەدا زۆر بە کورتی زاراوەی پێکهاتە ڕوونبکەینەوە، تاکو لە نواندنی بەستەری ڕێزمانیی (لەبریدانان، لابردن)ی دەقدا یاریدەدەر و پاڵپشتمان بێت.

هەر ڕستەیەک لە کوردیدا بە پێی دروستەی هەڕەمی بەسەر دوو پێکهاتەی باڵادا دابەشدەبێت، هەریەکێکیش لەمانە، بۆ دوو پێکهاتەی ناوەندی تا دەگەینە دوا پێکهاتەی بنجی کە بچوکترین پێکهاتەن. (عول، ٢٠٠٨: ٣)، بڕوانە شێوەی (٢)




شێوەی ژمارە (٢)

## تایبەتییەکانی پێکهاتە:

١- پێکهاتە وەک یەکەیەکی دروستەیی ڕەفتاردەکات و لە رووی دابەشبوونەوە لە جێکەوتەی تری ڕستەدا وەک تەنیا یەکەیەک ڕۆڵدەبینێت، بڕوانە (١٧):

١٧. أ- (بکەر) لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ هات.

ب- (بەرکار) من لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژم بینی.

پ- (تەواوکەر) پارەکەم لە لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ وەرگرت.

ت- (دەرخەر) ژووری لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ دانەخراوە.

٢- پێکهاتە لە پێش و دواوە فراواندەکرێت، بڕوانە (١٨):

١٨. أ- ژمێریاری.

ب- ژمێریاری+ی+کۆلێژ.

پ- لێپرسراو+ی+ژمێریاری+ی+کۆلێژ.

٣- پێکهاتە بچووکدەکرێتەوە، واتە دەتوانرێت جێگەکە بە (جێناو، یان وشەی پرس...هتد) بگۆڕدرێتەوە، بڕوانە (١٩):

١٩. أ- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ دەبینێت.

ئەو دەبینێت.

ب- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ دەبینێت.

کێ دەبینێت؟

٤- پێکهاتە پێکەوە هەمووی لادەبرێت، ئەگەر رێزمانی زمانەکە رێگەبدات، بڕوانە (٢٠):

٢٠. أ- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ هات.

(............................)- هات.

ب- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ پارەی هێنا.

پارە هێنرا.

لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئەم پێکهاتانەدا، سوود لە پەیوەندیی جێنشینی دەبینرێت، کە لەم رێگەیەوە (هەر زنجیرەیەک لە مۆرفیم هەرچەندە دووروودرێژیش بێت، ئەگەر بتوانێت ببێتە جێنشینی زنجیرەیەکی کورت، تەنانەت ئەگەر مۆرفیمێکیش بێت، ئەوا زنجیرە دووروودرێژەکە، دەبێت بە جێنشینی زنجیرە کورتەکە) و پێکهاتە پێکدەهێنێت، بە واتایەکی تر پێکهاتەیەک دەتوانرێت لە بری پێکهاتەیەکی تر دابنرێت. (باتنی،١٩٩٣: ١٠). بڕوانە (١١):

٢١. أ- ئەو کاردەکات.

ب- ژمێریارەکە کاردەکات.

پ- ژمێریاری کۆلێژ کاردەکات.

ت- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ کاردەکات.

ج- ئەو لێپرسراوەی ژمێریاریی کۆلێژ کاردەکات.

چ- ئەو لێپرسراوەی ژمێریاریی کۆلێژی زمان کاردەکات.

ح- ئەو لێپرسراوەی ژمێریاریی کۆلێژی زمانی خوێندنی بەیانیان کاردەکات.

ئەگەر سەرنجی (٢١ أ) بدەین، ئەوا بۆماندەردەکەوێت (ئەو)، کە جێناوێکی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی تاک و وەک پێکهاتەیەک دەتوانرێت لەبری پێکهاتەکانی (ژمێریارەکە، ژمێریاریی کۆلێژ، لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ، لێپرسراوەی ژمێریاریی کۆلێژی زمان، لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژی زمانی خوێندنی بەیانیان) دابنرێت، بەڵام ناتوانرێت پێکهاتەی (پێدەکەنێت) لەبری دابنرێت، خۆ ئەگەر داشنرا، ئەوا ڕستەکە لە ڕووی دروستەوە ناڕێزمانییە و لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە ناپەسەندە، (پێدەکەنێت کاردەکات) کەواتە کرداری (پێکەنین) جێنشینی (ئەو) نییە، بەڵکو دەتوانرێت لەبری پێکهاتەی (کاردەکات)، (ژمێریارەکە پێدەکەنێت) دابنرێت.

٥- پێکهاتە پێکەوە دەگوێزرێتەوە، بڕوانە (٢٢):

٢٢. أ- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ پارەی هێنا.

ب- پارەکە هێنرا لەلایەن لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژەوە.

* لێپرسراوی پارەکە هێنرا لەلایەن ژمێریاری کۆلێژەوە.

٦- پێکهاتەکان لەگەڵ زنجیرەی خۆیاندا پێکەوەدەبەسترێن، بڕوانە (٢٣):

٢٣. أ- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ و بەڕێوبەری خۆیی هاتن.

* لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ و هاتن.

ب- لێپرسراوی ژمێریاریی کۆلێژ هات و دانیشت.

بۆ تایبەتییەکانی پێکهاتە سوود لە: (Haegeman & Gueron 1999: 45-45، مەحویی و ئەحمەد،٢٠٠٤: ٣٧-٣٨، عول، ٢٠٠٨ :٤) وەرگیراوە.

به شێوەیەکی گشتی نواندنی لەبریدانان بۆ (لەبریدانانی ناوی، لێکدەری، کرداری) دابەشدەبێت:

## ٢-٢-٢-١-١ لەبریدانانی ناوی و جێناوی

مەبەست لە لەبریدانانی ناوی ئەوەیە، کە پێکهاتەیەکی ناوی لەبری پێکهاتەیەکی ناوی تر دادەنرێت و وەک بەستەری لەبریدانان، ڕۆڵی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی لە دەقەکەدا دەبینێت، بڕوانە بەراوردکردنی نموونەی (٢٤و٢٥) لەگەڵ یەکدا.

٢٤- ئەم خانوە زۆر گرانە، من دانەیەکی هەرزانم دەوێت.

٢٥- ئەم سەیارەیە زۆر گرانە، من دانەیەکی هەرزانم دەوێت.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە بەراوردکردنی دەقی (٢٤و٢٥) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، پێکهاتەی دانەیەک لە دەقی (٢٤)دا، لەبری پێکهاتەی ناویی ئەم خانووە دانراوە، بەڵام لە (٢٥)دا لەبری پێکهاتەی ناویی ئەم سەیارەیە دانراوە، کە هەردووکیان پێکهاتەی ناوین و وەک بەستەرێکی لەبریدانان ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکاندا بینیوە و پێکەوەگونجاندنیان دروستکردووە و تا ڕادەیەکی باشیش تێگەشتن بۆ گوێگر ئاساندەکات و گرفتی تێنەگەشتن دەرەوێنێتەوە.

جێناوی نیشانەکان (ئەمە، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە)، کە بەپێی چەمکی (تاک و کۆ... نزیک، دوور) ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لەبریدانانی پێکهاتەی ناویدا هەیە، بڕوانە (٢٦):

٢٦- لە ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ز، کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێراقی چوار ئەفسەری کورد پەروەریان لە سێدارەدا، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد کردبوو، چوار ئەفسەرە شەهیدە جوانەمەرگەکە ئەمانە بوون (عیزەت عەبدول عەزیز، محەمەد مەحمود قودسی، مستەفا خۆشناو، غەیروڵا عەبدولکەریم). (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٥:١٤١).

لە دەقی (٢٦)دا جێناوی (ئەوانە، ئەمانە) لەبری پێکهاتەی ناویی (چوار ئەفسەری کوردپەروەر، چوار ئەفسەرە شەهیدە جوانەمەرگەکە، ئەو چوار کەسەی


بەشدارییان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباددا کردبوو، عیزەت عەبدول عەزیز و هاوڕێکانی) دانراون و وەک بەستەرێکی ڕێزمانی، ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە).

### ٢-٢-٢-١-٢ لەبریدانانی لێکدەری

مەبەست لە لەبریدانانی لێکدەری ئەوەیە، کە بەستەرێک جگە لە ڕۆڵی لێکدان لەبری پێکهاتەیەکی پێشتر، یان دواتری ناو دەقەکە دێت، بڕوانە (٢٧):

٢٧- ڕێنووس Orthography لە دوو وشەی (orthos-ڕاست) و (grapho-دەنووسم)ەوە پەیدا بووە، <u>کە</u> لە کوردیدا واتای (ڕاستنووسی، دروستنووسی) دەگرێتەوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤ :١٧٠).

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەستەری (کە) لە دەقی (٢٧)دا بدەین، ئەوا بە ڕوونی بۆماندەردەکەوێت، کە جگە لە ڕۆڵی بەستنی ڕستەی دوای خۆی بە ڕستەی پێش خۆیەوە، لەبری پێکهاتەی ناوی (ڕێنووس)یش هاتووە، هەر ئەمەش بووەتە ناوهێنانی بە جێناوی لێکدەر لە هەندێک سەرچاوەدا، بە واتایەکی تر، ئەگەر (کە) لە ڕستەکەدا لاببرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێت پێکهاتەی ناوی ڕێنووس، لەبری دابنرێت، بڕوانە شێوەی (٣)




شێوەی ژمارە (٣)

جێی سەرنجە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نواندنی لەبریدانانی پێکهاتەی (ناوی و لێکدەری) بە جێناو، لەگەڵ پەیوەندیی ئاماژەکردن بە جێناو هەیە، بەڵام جیاوازییان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە لەبریداناندا لە ڕوانگەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە

دەنوێنرێت، بەڵام لە ئاماژەکردندا لە ڕوانگەی پەیوەندییە واتاییەکانەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەگەر بە جێناو نەنوێنرێت، تەنیا بە نواندنی لەبریدانان ئەژماردەکرێت، بڕوانە (٢٨)، کە لە بری یەکتری دادەنرێن.

٢٨. أ- کەمال محەمەد وەزیری کارەبای هەرێم ڕایگەیاند:

ب-کەمال محەمەد بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند.

پ- وەزیری کارەبای هەرێم گوتی.

ت- بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد. (سایتی AWENE.COM ، ٢٠٢٢/٣/٧).

## ٢-٢-٢-١-٣ لەبریدانانی کرداری

لەبریدانانی کرداری، مەبەست لە دانانی پێکهاتەیەکە لەبری پێکهاتەیەکی کرداری، بەپێی ئەو نموونانەی لە بەردەستن، جگە لە کردارە هاوواتاکان، کرداری (کرد) لەم بوارەدا چالاکە. بڕوانە (٢٩):

٢٩- بەڵی بە دڵنیاییەوە کردوویەتی.

لەم دەقەدا گوێگر نازانێت پێکهاتەی (کردوویەتی) مەبەستی لە چییە؟ بەڵام کاتێک لە پێشتری دەقەکە دەڕوانێت، دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی (کردوویەتی) لە بری پێکهاتەی کرداریی (سەعینەکردووە) بەکارهاتووە، ئەوا بە ڕوونی تێگەشتن لە واتا و مەبەستی پێکهاتەکە دێتەئاراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە نموونەکانی (٣٠):

٣٠. أ- نەوزاد لە تاقیکردنەوەی کوردیدا دەرنەچووە.

ب- دیارە سەعینەکردووە.

أ- بەڵێ بە دڵنیاییەوە کردوویەتی!

ب- ئەی چۆن؟!

أ- گوتی پرسیارەکانم لێتێکچووە.

نواندنی پێکهاتەی (یش) لە زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەستەری پێکەوەبەستندا هەیە، بەپێی لەبریدانانی جۆری پێکهاتەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە بڕوانە (٣١):

٣١. أ- خوێندکاری چ بەشێکیت؟

ب- خوێندکاری بەشی کوردیی کۆلێژی زمانم.

أ- ئەی تۆ؟

پ- منیش.

لە دەقی (٣١)دا پێکهاتەی (ش) لە وەڵامی (پ)دا، لەبری پێکهاتەی کرداریی (خوێندکاری بەشی کوردیی کۆلێژی زمانم) دانراوە، لەبەرئەوەی زمانی کوردی، زمانێکە جێناوی لکاو بەشداریی دروستەی کردار دەکات و ئاساییە بکەر بە فۆنەتیکی دەرنەبڕدرێت، زیادەڕەوی نییە، کە بڵێین (ش) لەبری هەموو ڕستەکە (جگە لە بکەرە فۆنەتیکییەکە) نوێنراوە.

- من خوێندکاری بەشی کوردیی کۆلێژی زمانم.

- من یـ شـــــــ .

بە واتایەکی ڕوونتر، ئەگەر لە دەقێکی فراواندا چەند جارێک پێکهاتەی (ش) هاتبێت، ئەوا تاکو نەزانین نواندنی لەبریدانان چ پێکهاتەیەکە بەپێی دەوروبەری دەقەکە؟ ئەوا نازانین چ واتایەک دەبەخشێت؟ ئەمەش وادەکات گونجاندن بۆ گوێگر سازنەبێت و تێگەشتنی بۆ دەقەکە نەبێت، بەڵام هەر کاتێک گوێگر، یان خوێنەر بۆ سنووری چوارچێوەی دەقەکە بگەڕێتەوە و بزانێت لەبری چ پێکهاتەیەک هاتووە؟ ئەوا دەقیانە دروستدەبێت و زۆر بە ئاسانی، بژاردەی بۆ (ش) ڕووندەبێتەوە و لە مەبەستەکەی تێدەگات. بڕوانە بەراوردکردنی پێکهاتەی (منیش) لە دەقی (٣٢)دا.

٣٢ أ- نەخۆش: دکتۆر گیان من سەر لەنەخۆشیەکەم دەرناکەم؟

ب - دکتۆر: منیش.

پ- ئەولاد: بابە من لە هەڵبژاردندا دەنگ نادەم؟

ت– باوک: منیش.

ج– دووتەنی: کە ئیشارەتی لای چەپ دائەگریسێنم، بە لای چەپدا پێچ ئەکەمەوە.

چ– یەکێتی: منیش

ح– خریج: بێ ئیشیی بێزاری کردوم. بە دوای هەلی کاردا ئەگەڕێم

خ– سەرۆکی پەرلەمان: منیش

د–ترامپ: بەقەد قنگە جگەرەیەک بڕوام بە ئیشتراکییەت نییە

ر– سۆشیال دیموکراتی کوردستان: منیش

ڕ– پارتی: ڕووم نایە لە قسەی ئەردۆغان دەرچم

ز– یەکگرتوو: منیش

ژ– حەکیم: من تەصەور ئەکەم ئەمە ڕۆژەکە بێ کە لێی ئەترساین

س– فەیمە: منیش

ش– فیستیڤاڵ: هیچ ئیستفادەم نەبوو

ع– بایکۆت: منیش

غ– ڕاپەڕین: بە تەمام پیکابێ کاڵەک بکرم و بە ئەژنۆ بیانشکێنم

ف– گۆڕان: منیش. (تەنزەکانی شێرکۆ عەبدوڵا).

ئەم نواندنانەی لەبریدانان بە تەواوەتی لەگەڵ بۆچوونی هالیدەی سەبارەت بە پێکەوەبەستن یەکدەگرێتەوە، کە دەڵێت: (لێکدانەوەی دانەیەک لە دەقێکدا پێویستی بە دانەیەکی پێشتر، یان دواتر هەیە لە دەقەکەدا). (Hallliday&Hasan,1976: 12).

## ٢-٢-٣ لابردن

هەندێک توێژەر لە توێژینەوەکانیاندا بەکارهێنانی بابەتی (لابردن، لەبریدانان،...) لەلایەن نووسەر و شاعیرەوە بۆ مەبەستی ئیکۆنۆمی و جوانکاری، دەخەنەڕوو. بڕوانە (محەمەد ٢٠١٦، کانەبی ٢٠٠٩، قادر ٢٠١٤)، بەڵام وێڕای ئەو ئەرکانە،

گرنگترین ئەرکیان بریتییە لە پێکەوەبەستنی دەق و بەرهەمهێنانی دەق، کە لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەکان ئەنجامدراون.

پەیوەندیی نێوان لەبریدانان و لابردن زۆر نزیکە، چونکە تەنها لابردن بریتییە لە لەبریدانان بە سفر، ئەو شتەی لە لابردندا گرنگە ئەوەیە، کە هەندێک ڕەگەز لە ڕووکەشی دەقدا لادەبرێت، بەڵام بە تێگەشتنی بەردەوام، دەتوانرێت لابردنی ئەم ڕەگەزانەمان لە ڕێگای ئاماژەکردن بە ڕەگەزێک لە دەقی پێشتر دەستبکەوێتەوە، هارمەر بەوە پێناسەیدەکات، کە (هەندێک لێکسیم بە مەبەست لادەبرێن لە ڕستەدا لەکاتێکدا واتاکەی هەر ڕوونە). (Harmmer,2004: 24).

کارتەر و هاوڕێکانی دەڵێن: (لابردن لە نووسیندا ڕوودەدات زۆر جار بە شێوازی دەقیانە کاردەکات، بۆ خۆ لادان لە دووبارەبوونەوە، لەو کاتەی، کە پێکهاتەکە لە شوێنی تردا ناپێویستە). (Carter etal,2000: 182)

## ٢-٢-٣-١ نواندنی لابردن

بەمەبەستی خستنەڕوو و نواندنی لابردن لە دەقدا، گرنگە قاڵبە بنچینەییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو و تیایدا پۆلەڕەگەزی ئەرکی، کە پەیوەندیی ڕێزمانیی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە دەخەنەڕوو.

(قاڵبە بنچینەییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی (٧) پۆلەڕەگەزی ئەرکی بە خورتی (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەری بکەر، تەواوکەری بەرکار، ئەدڤێربڵی بکەر، ئەدڤێربڵی بەرکار، کردار)، بۆ (٦) قاڵبی بنچی ڕستە دابەشکراون). (عول، ٢٠٠٨: ٣٨)، بڕوانە (٣٣):

٣٣. أ- بکەر+ کردار وەک: شیلان خەوت.

ب- بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ کردار وەک: خوێندکارەکە وانەکەی دەنوسێت.

پ- بکەر+ تەواوکەری بکەر+ کردار وەک: کچەکە جوانە.

ت- بکەر+ ئەدڤێربڵی بکەر+ کردار وەک: سیروان لە زانکۆ بوو.

ج- بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ تەواوکەری بەرکار+ کردار وەک: من تۆ بە زیرەک دەزانم.

چ- بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+ ئەدڤێربڵی بەرکار+ کردار وەک: کوڕەکە سێوێکی لە دارەکە کردەوە.

جیاوازیی ئەم قاڵبانە بۆ جیاوازیی جۆری کردارەکان دەگەڕێتەوە، چونکە (کرداری جیاواز لە ڕوی دیاریکردنی وەچە کەتیگۆریەوە قاڵبی جیاواز بەرهەمدەهێنن، واتە هەر جۆرە قاڵبێک پەیوەندیی بە وەچە پۆلێک لە کردارەوە هەیە، چونکە وەچە پۆلی کرداری جیاواز بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە، ڕەگەزی ئەرکی جیاواز هەڵدەبژێرێت). ئەگەر بە وردی سەرنجی گشت قاڵبەکان بدەینەوە، دەبینین گشتیان بە بکەر دەستیانپێکردووە و بە کردار کۆتاییانهاتووە، واتە لە هەموویاندا پۆلەڕەگەزی ئەرکیی (بکەر و کردار) هەن، ئەو پۆلەڕەگەزانەی دەکەونە نێوانیانەوە، وەک (بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەر، ئەدڤێربڵی (بکەر و بەرکار)، هەموویان جۆری تەواوکەرن، واتە بە لابردنیان دروستە و واتای ڕستەکە تێکدەچێت، بڕوانە (٣٤)

٣٤. أ* خوێندکارەکە ........ دەنوسێت (- وانەکەی کە بەرکارە)

ب* کچەکە .......... ە. (- جوان کە تەواوکەری بکەرە)

پ* سیروان ......... بوو. (- لە زانکۆ کە ئەدڤێربڵی بکەرە)

ت* من تۆ ......... دەزانم (- بە زیرەک کە تەواوکەری بەرکارە)

ج* کوڕەکە سێوێکی .......کردەوە (- لە دارەکە کە ئەدڤێربڵی بەرکارە)

بەپێچەوانەی سەربارەوەن، کە بە لابردنیان دروستەی واتای ڕستەکە تێکناچێت، بڕوانە (٣٥)، (عول، ٢٠٠٨: ٣٩).

٣٥. أ- خوێندکارەکە لە زانکۆ وانەکەی دەنوسێت.

ب- خوێندکارەکە ........ وانەکەی دەنوسێت. (-(لە زانکۆ) ئەدڤێربڵی سەربار).

پ- کوڕەکە سێوێکی بۆمن لە دارەکە کردەوە.

ت- کوڕەکە سێوێکی ........... لە دارەکە کردەوە. (-(بۆمن) ئەدڤێربڵی سەربار).

بەکر عمر علی، هۆکاری لابردن بۆ (هاتنە ناوەوەی هەندێ کەرەستەی ناوکۆیی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە هەندێک لەو کەرەستەو هاوبەشانە لادەبرێن و سێ جۆر لابردن لە زمانی کوردیدا دیاریدەکات). (علی،١٩٩٢: ٤٦)، هەروەها کاروان عمر قادر، پێنج جۆر یاسای لابردن دیاریدەکات، وەک لابردنی (بکەر، فرێزی ناوی، فرێزی کرداری.... ڕستەی لێکدراو) (قادر،٢٠٠٨: ٤٢).

لێرەدا لە ڕوانگەی پۆلەرەگەزی ئەرکییەوە دەڕوانرێتە نواندنی لابردن و لەم ڕووەوە شیکردنەوەکان ئەنجامدەدرێن، واتە بە پشتبەستن بە پۆلەرەگەزی ئەرکیی بەخورتیانە، سێ جۆری سەرەکی لە نواندنی لابردنی (بکەر، کردار، تەواوکەر) لە دەقدا دەخەینەڕوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عەبدوڵا،٢٠١٠)

## ٢-٢-٣-١-١ نواندنی لابردنی بکەر

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە بکەر خراوەکان، کە مەبەست لەو زمانەیە، کە دەتوانرێت ڕستەکانیان بەبێ بکەر دەرببڕن و ڕستەکانیش ڕاستبن. (مەحویی،٢٠٠١: ٢٣٨ و قادر،٢٠٠٨: ٢٥)

لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە جێناوێکی لکاو بەشداریی پێکهاتنی کردار دەکات، کە لەگەڵ بکەردا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت، بڕوانە (٣٦)

٣٦ أ- (کچەکە) وانەکە (دە+نوس+ێت).

کەسی سێیەمی تاک

ب - (منداڵەکان) (خەو+ت+ن).

کەس سێیەمی کۆ

ئەگەر بە شێوەی فۆنەتیکییش دەرنەبڕدرێت، گوێگر، یان خوێنەر دەزانێت بکەر کەسی چەندە و تاک، یان کۆیە، بەڵام لە ڕووی سیمانتیک و لۆجیکەوە هەموو کات بەو شێوەیە نییە و زۆرجار دەبێت لە دەقدا گۆبکرێت، بڕوانە (٣٧).

٣٧ أ- کێ وانەکە دەنوسێت؟

ب- گەورەکان دەخەون، بەڵام <u>بچووکەکان</u> ناخەون.

پ- <u>شێرکۆ بێکەس</u> شاعیرێکی کوردە.

ت- <u>باوکی</u> هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات.

ج- <u>هاوسەرەکەی</u> هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات.

چ- <u>کەسێکی نەناسراو</u> هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات.

لابردنی بکەر لە کاتێکدا دێتەئاراوە، کاتێک قسەکەر، یان نووسەر لە لێکدانی چەند ڕستەیەک، دەقێک بەرهەمدەهێنێت، لەو کاتەدا بۆئەوەی دووبارەکردنەوە، یان لەبریدانانی بکەر ئەنجامنەدات، بکەر لادەبات، بەم لابردنەشی وەک بەستەرێکی ڕێزمانی دەقەکە پێکەوەدەبەستێت، واتە وەک پێشتر خستمانەڕوو، لابردن یەکسانە بە لەبریدانان بە سفر. بڕوانە (٣٨):

٣٨- خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و (.....) ئارامی بە خانەوادەکەیان ببەخشێت.

لە دەقی (٣٨)دا، (خوای گەورە) وەک بکەری ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا لابراوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی پێکەوەبەستنەوە سەرنجی ڕستەی (دەرگاکەی کردەوە) بدەین و پرسیار بکەین؟ کە ئایا بکەری لابراوی ئەم ڕستەیە (کێ)یە؟ یان (چی)یە؟ ئەوا بە دڵنیاییەوە وەڵامێکی ڕاست و دروستمان دەستناکەوێت، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی، کە کەسی سێیەمی تاکە، بەڵام هەر کاتێک ئەم ڕستەیە لە دەوروبەری دەقەکەی خۆیدا ببینین و بخوێنینەوە، ئەوا زۆر بە خێرایی دەزانین بکەری لابراو (کێ)یە، یان (چی)یە، بڕوانە دەقی (٣٩ أ،ب،پ)، کە بە ڕوونی نیشانیدەدەن بکەری لابراو (باوکم، بایەکی بەهێز، کلیل)ـە، کە ئەمانە وەک بەستەرێکی ڕێزمانی، ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکاندا بینیوە، کە ئەمەش تەواو لەگەڵ سیستەمی پێکەوەبەستندا دێتەوە، کە لێکدانەوەی دانەیەک لە دەقدا پشت بە لێکدانەوەی دانەیەکی تر لە دەقەکەدا دەبەستێت.

**٣٩** أ- بایەکی بەهێز هەڵیکرد، بە جۆرێک (---) دەرگاکەی کردەوە.

ب- باوکم لە پڕدا خۆی کرد بە ماڵدا و (---) دەرگاکەی کردەوە.

پ- هەموو کلیلەکانم تاقیکردەوە تا (---) دەرگاکەی کردەوە.


## ٢-١-٣-١-٢ نواندنی لابردنی کردار

کردار هەر وەچە پۆلێک بێت (لە ڕووی هێزەوە تێپەڕ، تێنەپەڕ، یان لە ڕووی فۆڕمەوە داڕێژراو، لێکدراو، یان لە ڕووی کاتەوە ڕابردوو، ڕانەبردوو....هتد)، دەشێت لە دەقدا لاببرێت و ڕۆڵی بەستەر لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا ببینێت. بڕوانە (٤٠):

٤٠ أ- لای ڕاست بگرم، یان لای چەپ (--)

ب- لە زانکۆ وەرگیراویت، یان لە پەیمانگا (--)

ئەگەر لە ڕوانگەی سیستەمی پێکەوەبەستن لە دەقدا، لە پاشماوەی ڕستەیەکی وەک (نەک کۆمەڵێکی دەستەبژێر) بڕوانین، کە کردارەکەی لابراوە، ئەوا بە هیچ کلۆجێک لە واتا و مەبەستی کردارە لابراوەکە تێناگەین، چونکە ڕەنگە دەیان بژاردە هەبێت بۆ ئەگەری پڕکردنەوەی کردارە لابراوەکە لە تۆڕی لێکسیکیدا، بڕوانە (٤١)




بەڵام کاتێک لە ناو قاڵب و پێکهاتەی دەقەکەدا سەیریدەکەین، ئەوا زۆر بەڕوونی بۆمان ئاشکرادەبێت، کە ئەو کردارەی لابراوە، چ جۆرە کردارێکە، چونکە بە لابردنی وەک بەستەرێکی ڕێزمانی، ڕۆڵی لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە و ڕستن و پێکەوەگونجاندنی بەرهەمهێناوە، گوێگر، یان خوێنەر کردارە بەتاڵە

لابراوەکە لەسەر بنەمای چۆنێتیی پێکەوەبەستنی بە کردارێکی تر لە دەقەکەدا، جۆری کردارە لابراوەکە دەدۆزێتەوە، کە بریتییە لە (تێبیگات)، بڕوانە (٤٢).

٤٢- بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ئاسان، کە هەموو کەس تێبیگات، نەک کۆمەڵێکی دەستەبژێر، لێکسیمەکانی کوردی پەتین و شاعیر بە پێی توانا خۆی لە بەکارهێنانی لێکسیمی بێگانە دوور دەخاتەوە، سەرەڕای ئەم نوسینەش بۆ هەموو کەسێکە. (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠٢١: ٧٤).

گوێگر، یان خوێنەر بەپێی ئەو وادانانەی بۆ کردارە لابراوەکە و وادانراوەکەی کردووە، ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ کردارە لابراوەکە دەکات و درک بەو شێوازە دەکات، کە دەقەکەی پێبەستراوەتەوە، بەپێی ئەم تایبەتمەندییە واتاییەی پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن و تێگەشتنی بۆ دەقەکە دەبێت، چونکە شیکردنەوەی هێمایی بۆ کردارە لابراوەکە، لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ بەستەرە ڕێزمانییەکە دەکات، کە بە چ کردارێکی تری ناو دەقەکەی بەستووەتەوە، بڕوانە (٤٣).

٤٣- لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی شیللی قەسیدەی (ئۆدۆنیس)ـە کە بەهۆی کۆچی دوایی (کیتس)ی هاوڕێیەوە وتوویەتی، هەروەها (بەستەیەک بۆ شەماڵ) و (بۆمەل)، جگە لەمانە نمایشنامەی (پڕومیپوس)ی ئازادی کە بریتییە لە (دراما)یەکی گۆرانی لە چوار پەردەدا. (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٥: ٢٦٢).

واتە گوێگر، یان خوێنەر، بەپێی ئەو لێکدانەوانە، دەزانێت کە (بەستەیەک بۆ شەماڵ) و (بۆ مەل)...هتد قەسیدەن و وتوونی، یان نامەی (پڕومیپوس)... بەرهەمی شیللین.

### ٢-٢-٣-١-٣ لابردنی تەواوکەر

لابردنی تەواوکەریش وەک لابردنی بکەر و بەرکار ئەنجامدەدرێت و لابردنی تەواوکەریش وەک بەستەرێکی ڕێزمانی، ڕۆڵی پێکەوەبەستن لە دەقدا دەگێڕێت، ئەگەر بە وردی سەرنجی ڕستەی (لەو ساڵەدا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ئەنجامنەدراوە) بدەین و پرسیاربکەین؟ کە ئایا چ شتێک لەو ساڵەدا ئەنجامنەدراوە؟ ئەوا بێگومان وەڵامێکی ڕاست و دروستمان دەستناکەوێت، چونکە ئەم ڕستەیە، بەپێی هاتنی لە دەقدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو تەواوکەرەی، کە لابراوە و نەهاتووە، نازانین مەبەست لە چییە؟ ڕەنگە چەند ئەگەر و بژاردەیەک هەبێت، بەڵام

کاتێک لە دەوروبەری دەقەکەدا دێت، ئەوا بە تەواوەتی ڕووندەبێتەوە، کە تەواوکەرە لابراوەکە چییە؟ بڕوانە دەقی (٤٤)، کە گونجاندنی دەقەکە پێماندەڵێت تەواوکەرە لابراوەکە، بە چ تەواوکەرێکی ترەوە لە دەقەکەدا بەهۆی بەستەری دەقەوە بەستراوەتەوە، کە پێشتر لە دەقەکەدا هاتووە. ڕستن و پێکەوەگونجاندنی دەقەکە دەریدەخات، کە تەواوکەرە لابراوەکە (ئاهەنگی ٣٥هەمین خولی دەرچووانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠)ـە، چونکە بەهۆی هاتنی تەواوکەرێک، کە پێشتر لە دەقەکەدا هاتووە، سیستەمی پێکەوەبەستنی دەقەکە دیاریدەکات، کە تەواوکەرە لابراوەکە بە تەواوکەرەکەی ترەوە بەستراوەتەوە.

٤٤- ئاهەنگی ئەمڕۆ ٢٠٢٢/٢/١٧ بە ئامادە بوونی (د. خەتاب شێخانی) نوێنەری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پرۆفیسۆر (د. ڕەزا حسن حسین) سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی و کەسوکاری خوێندکارانی دەرچوو، لە هۆڵی کۆبونەوەکانی زانکۆ ئاهەنگی (٣٥)هەمین خولی دەرچوانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، کە لەو ساڵەدا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ئەنجام نەدراوە سازدرا. (سایتی زانکۆی سلێمانی).

## ٢-٢-٤ بەستن

بەستن بۆ دەستکەوتنی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی لە دەقدا بەدیدەهێنرێت، کە پەیوەندیی نێوان ڕستەکان دەردەخات. ئەوان لە جۆرەکانی تری پەیوەندیی پێکەوەبەستراو جیاوازن لەوەی، کە واتایان دەستدەکەوێت لە ڕێگای بەکارهێنانی نیشانەی تر لە ئاخاوتن، چونکە وەک نونان ئاماژەییپێدەکات (ئەوان نیشانە بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەکردن بە بەشەکانی تری دەقەکە بە مەبەستی ئەوەی، کە تێگەشتن لە پەیوەندیی نێوان ڕستەکاندا بەرهەمبێت). (Nunnan,1993:112)

هالیدەی و حسن بەستنەوە وەک بەستەرێکی پێکەوەبەستن وەسفدەکەن و دەڵێن: (ئێمە سەرنجنادەین بە پەیوەندیی واتایی وەک ئەوەی بەدیدەهێنرێت لە ڕێگای ڕێزمانی زمان، بەڵکو سەرنجدەدەین بە یەک ڕووی تایبەت، ئەویش ئەو ئەرکەی، کە هەیانە لە هەبوونی پەیوەندیی بە ڕەگەزەکانی تری زمانەوانی، کە ڕوودەدات بەدوای یەکدا، بەڵام پەیوەندییان نییە لە ڕێگای هۆی تری پێکهاتەیی).
(Halliday & Hasan,1976 :14)

### ٢-٢-٤-١ نواندنی بەستن

کۆمەڵێک لێکسیم و مۆرفیم وەک بەستەری بەستن ڕۆڵیان لە نواندن و پێکەوەبەستنەوەی ڕەگەزەکانی ناو دەق هەیە، کە ژمارەیان زۆرە و ئێمەش لێرەدا لەسەر بنەمای واتای بەستنەکان، ئامرازەکانی بەستن دیاریدەکەین، کە (خاوەنی سیماو ئەرکێکی تایبەت بە خۆیانن هەرچەندە هەموویان لە ئەرکی بەستندا هاوبەشن، بەڵام هەر یەکەیان جۆرە واتایەک دەگەیەنن، کە دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە، وەک بەستنی لێکدان، پێچەوانەیی، هۆیی، کاتی...هتد). (تۆفیق،٢٠٠٢: ٢١٣).

### ٢-٢-٤-١-١ بەستنی لێکدان

هەندێک لەم بەستەرانە لە بەستنەوەدا ڕۆڵی لێکدان و زیادکردن و پێدانی زانیاریی زیاتر دەگەیەنن، وەک: (و، لەگەڵ، هاوکات لەگەڵ، سەرەڕای ئەوە، هەروەها، بەهەمان شێوە، لەو ڕوانگەیەوە، سەبارەت بە، هەروەک، وەک، یش، ئەوسا، تەنانەت، بەوجۆرە، وا، بە پێی، بۆ نموونە، جا، واتە..هتد)، کە هەوڵدەدەین بە نموونەی دەقی کوردی، ڕۆڵی ئەم بەستەرانە لە بەستنەوەی دەقدا بخەینەڕوو:

١- و

بەستەرێکی چالاکی لێکدان و بەرەوپێشبردنی زانیارییەکانە، بڕوانە (٤٥):

٤٥- لە سەردەمی پاشایەتیدا لە هەردوو وڵات پەراوێزێک هەبووە بۆ ئازادی، هەرچەند ئەو پەراوێزە جێی ڕەخنە و سەرنجی چاودێران بووە بەڵام زۆر باشتر بووە لە سەردەمەکانی دواتر، بە تایبەت دەبینین لە ئەفغانستان دوای هاتنەوەی تاڵیبان لە ٢٠٢١ کۆتای بە هەموو شتێک هات و بارودۆخی ئەو وڵاتە گەڕایەوە چوارگۆشەی یەکەم لە ئێراقیش لە دوای کودەتای ١٩٥٨ تاوەکو ٢٠٠٣ نەک ئازادی و دیموکراسی بەڵکو ملیۆنان مرۆڤ لە ئێراق ڕوبەڕووی کوشتن و ڕاگوێزان و دەرکردن و ئاوارە بوون بونەوە، لە دوای ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام، جۆرێک لە نائارامی و فەوزا هەبووە، کە تا ئێستا بەردەوامە و سەقامگیر نەبووە. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٨ :ژ٨٥٨٢).

ئەگەر سەرنج بدەینە دەقی (٤٥)، دەبینین بەستەری (و) ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەستنەوەی ڕستەکانی ناو دەقەکەدا و بەهۆی ئەم بەستەرەوە، واتا و مانای تێگەشتن لە دەقەکە بەرهەمهاتووە، (٩) جار دووبارەبووەتەوە، ڕۆڵی لە بەرەو پێشبردن و زیادکردنی زانیارییەکاندا هەبووە.

٢- لەگەڵ

٤٦- لایەنە کوردستانییەکان گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەن، کە ئامادەن داواکارییەکانی هەرێم جێبەجێ بکەن، وەک کوردیش بەیەک ڕیزی و بەرنامەیەکی هاوبەش لە بەغدا کار بکەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و ئەوەشی زۆر گرنگە یەکلاکردنەوەی بەشی زۆری کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی داهاتووی ئێراقدا. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٩ :ژ٨٥٨٣).

وەک دەبینین بەستەری (لەگەڵ) دوو جار لە دەقەکەدا هاتووە و ڕۆڵی بەستنەوەی سێ دەقی بەیەکەوە بینیوە.

٣- هاوکات لەگەڵ

٤٧- بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان بە هۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدامەوە گیانی بەبەردا کرایەوە و کورد بە بەشێک لە مافەکانی گەشت، هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی بزوتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی تیرۆر کردنی سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە و داگیرکردنەوەی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە. (هاوڵاتی، ٢٠٢٢/٢/٢ :ژ١٩٥٤).

ئەم جۆرە بەستەرانەش هەرچەندە بریتین لە دوو بەستەر، بەڵام بەیەکەوە ڕۆڵی بەستنەوەی دەقەکەیان بینیوە، (هاوکات لەگەڵ) جگە لە بەستنەوەی دەقەکە، ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی دەقی یەکەم بەهۆی بەستنەوەی بە دەقی دووەمەوە هەیە.

٤- سەرەڕای ئەوە

٤٨- دوای مشتومڕ و کێبڕکێیەکی زۆر لایەنە سیاسیەکان نەگەشتنە ڕێکەوتن و سازان هەریەکە لە دۆڵێکەوە دروشم و داخوازییەکانی بڵند کردبوو، سەرەڕای

ئەوە دۆخی ئێستا دڵخۆشکەر نییە، پێدەچێت لێکەوتەی یاسای و دەستوری ئاڵۆز و نێگەتیڤی لێ بکەوێتەوە. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٨ :ژ٨٥٨٢).

وەک دەبینین لە نموونەی (٤٨)دا، بەستەری (سەرەڕای ئەوە)، ڕۆڵی بەستنەوەی بینیوە، بە ئاسانی بەهۆی ئەم بەستەرەوە، خوێنەر، یان وەرگر لە دۆخ و واتای دەقەکە تێدەگات.

٥- هەروەها

بەستەری (هەروەها) ڕۆڵێکی گرنگ و چالاکی لە بەستنەوەی ڕستەکانی ناو دەقدا هەیە، جۆرێک لە بەردەوامی و هاوشێوەیی دەگەیەنێت. بڕوانە (٤٩):

٤٩- لەو سەردەمەدا ئەمریکا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی شێل گەیشتە لوتکە و ئەوەش بە سەردەمی تەقینەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی شێل لەو وڵاتە لە قەڵەم دراو هەروەها زۆربوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو قۆناغەدا وای لە ئەمریکا کرد، کە لە وڵاتێکی بەکارهێنی نەوتەوە ببێت بە وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێن و هەناردە کار. (هاوڵاتی،٢٠٢٢/٢/٩:ژ١٩٥٥).

٦- بە هەمان شێوە

٥٠- مەزڵوم عەبدی لە تویتێکدا وتی لە ڕێگەی هاوبەشی پتەومانەوە لەگەڵ ئەمریکا سەرکەوتین و سەرلەنوێ لە دڵی داعشمان دا بە هەمان شێوە بایدنی سەرۆکی ئەمریکا و زۆربەی لێپرسراوانی ناوچەکە خۆشحاڵی خۆیان بە کوژرانی خەلیفەی داعش دەربڕی. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٩: ژ٨٥٨٣).

٧- لەو ڕوانگەیەوە

٥١- هەمیشە بیر لەو ڕۆژە دەکاتەوە، کە پیر دەبێت و توانای کاری نامێنێت و دەکەوێتە بارودۆخێکی هەژارییەوە و چاوەڕێی خێر و هاوکاری کەسانی دی دەبێت، لەو ڕوانگەیەوە بۆچونی بیسمارک جێبەجێکردنی بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتی بوو. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٦: ژ٨٥٨٠).

٨- سەبارەت بەو

٥٢- بیسمارک پێی وابوو، دژواری ئەو بارودۆخە کرێکار خاوەن کار ناچار دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئیش و کەمکردنەوەی بەرهەم و زیانگەیاندن بە ئابوری، سەبارەت بەو بابەتەش بیسمارک لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ بە ناردنی بەرنامەیەک بۆ پەرلەمان بواری گفتوگۆی کردەوە. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٦: ژ٨٥٨٠).

٩- هەروەک

٥٣- جا هەرکەس بتوانێت باشتر کڵاو لەسەر خەڵک دابنێ و باشتر بەرەی خۆی لە ئاو دەربێنێ سەرکەوتوترە خۆیشی هەروەک کۆمەڵانی خەڵک بە تاوانبار دەزانی و بۆ پاکانەکردنی خۆی. (سادق هیدایەت، ١٩٨٦: ٨٨).

١٠- وەک

٥٤- خەمێک دڵی تەنیوە وەک خەمی ساتەوەختی ماڵئاوای دڵداران ڕووەو ئەو دەشتە مل دەنێت بەڵکوو فرمێسکی جودایی و تاسەی ڕاموسان و موچڕکی ماچ ببێت بە سروشتی شیعرێکی ئاشق و گۆنا تەڕ وەک ژنێکی سکپڕ دەزانێت کەی بەرەو ژانی گەورەیە. (شێرزاد حەسەن، ٢٠١٢: ٧٦).

١١- ش/یش

٥٥- لە دوای ئەوەی کە کەلار لە ڕویی ئامار و ژمارەی دانیشتوانەوە فراوان بوو، دواتر گەرمیان کرا بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ و سەنتەری قەزای کەلاریش بووە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٩ :ژ٨٥٨٣).

١٢- ئەوسا

٥٦- وا هەستدەکەم هەموو پەنجەرەکانی دنیا لە ڕوما داخراون، خۆزیا دەبومەوە مناڵەکەی جاران ئەوسا دەتدی ئەو پەنجەرەیەم بەردباران دەکرد و دەمشکاند. (شێرزاد حەسەن، ٢٠١٢: ٩١).

١٣- تەنانەت

٥٧- مرۆڤ لە هەرشوێنێک بژێت ڕەنگدانەوەی چواردەورەکەی لەسەر ناخ و دەرون و تەنانەت لەسەر زەوق و سەلیقەی دەبێت. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٦: ژ٨٥٨٠).

١٤- بەو جۆرە

٥٨- باشترین ڕێگەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشانە پەرەپێدانی ڕۆحی هاوڵاتیی بوونی پۆزەتیفی بەرپرسیارانە و ئاشناکردنی نەوەکانە لە منالییەوە، بە بەهاکانی ئەو هاوڵاتیبونە، بەو جۆرە قوتابخانە دەتوانێت ڕۆڵی پێشەنگانە بگێڕێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو خەوشیانەی کۆمەڵگا. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٦: ژ٨٥٨٠).

١٥- وا

٥٩- پێویستە واز لەو شێوازە بهێنرێت کە ڕۆڵی قوتابخانە لەوەدا کورت دەکاتەوە، وا لە خوێندکار بکات بابەتەکانی خوێندن لەبەر بکات. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٦: ژ٨٥٨٠).

١٦- بە پێی

٦٠- ئەناناس و کاڵەک و هەنجیر بۆ سەر و مێشک و بەتینی چاو بەسوودن چونکە مادەی فلافۆناتیان تێدایە و بۆ لێدانی دڵیش زۆر بە کەڵکن بە پێی توێژینەوەیەکی تازەی زانکۆی هاڤاردی ئەمریکی کە ٥٠ ساڵی پێچوە. (کوردستانی نوێ، ٢٠٢٢/٢/٧: ژ٨٥٨١).

ئەگەر سەرنجبدەینە سەرجەم ئەو بەستەرانەی لە جۆری بەستنی لێکدانن، ڕۆڵیان هەیە لە بەستنەوەی دەقەکان بۆ زیادکردنی زانیاری و پێدانی زانیاریی زیاتر بە بابەتی دەقەکە.

## ٢-٢-٤-١-٢ بەستنی پێچەوانە

هەندێک بەستەری دیکە، لە بەستنەوەدا ئەرکی پێچەوانەکردنەوەی دوو ڕستە لەگەڵ یەکتر لە دەقدا دەبینن، وەک (بەڵام، نەک، یان، لەگەڵئەوەدا، بەڵکو، هەرچەندە-بەڵام، بەڵام-هەرگیز، هێشتا....هتد).

١- بەڵام

بەستەری بەڵام، ئەرکی دیار و چالاکی لە بەستنی پێچەوانەکردنەوەدا هەیە لە ناو دەقدا، بڕوانە (٦١):

٦١- ئەمە وای لە جوامێر کردبوو کە بە بیریا بێت کاڵی بە درۆ خۆی گەوج ئەکات و ئەیەوێت ئەگەر چی ئەم بۆچونەی جوامێر بناغەیەکی پتەویشی نەبوو بەڵام بیری جوامێری خستە گێژاوێکی نوێوە و بۆیەکەم جار ئەنجام و مەتری پێکەوە ژیانی کوڕ و کچێکی لاوی هێنایە پێشچاوی. (برایم ئەحمەد، ٢٠٠٢: ٥٤).

٢- نەک

٦٢- گروپی مێرولە یاخییەکان پارەیەکی خەیاڵی دایە ئەو گروپە تا ئازادت بکەن و نەک هەر نەتکوژن بەڵکوو بۆ هەتا هەتایە بتپارێزن و ئەگەر شتێکیشت لێبێ ئەوا ئەوان بەر پرسیارن. (یوسف عیزەدین، ٢٠٠٩:٢٠).

٣- یان

٦٣- سەرەتا غەمگینییەکی ئازار بەخش دایدەگرتم دواتر هێدی هێدی وێنەی کەسانێکی نامۆم دەهاتە پێشچاو، یان وێنەو دیمەنی کۆڵان و کوچەی شوێنێکی تر. (یوسف عیزەدین،٢٠٠٩: ١٦).

٤- لەگەڵ ئەوەدا

٦٤- چەند جارێکیش خۆمم لێ گرتون و چوم بە سەریانا، لە قسەو پێکەنین و دامەکردن بەو لاوە هیچم لێ نەدیون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر کراونەتەوە لەگەڵ یەک. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ٥٧).

٥- بەڵکو

٦٥- لە ڕاستیدا هیچ پەڕەموچ و قەڵەمێکی لە نوسیندا بەکار نەهێناوە، بەڵکوو هەموو دنیا بینی خۆی بە فرمێسکەکانی لە سەرە پەڕە سپییەکانی ئەو کتێبە نوسیوەتەوە. (یوسف عیزەدین،٢٠٠٩: ١٤).

٦- هەرچەندە..... بەڵام

٦٦- هەرچەندە جوامێر وەک و پیر پیاوچاکان وایە هیچ لە کوڕی ئەم عەیامە ناچێت، بەڵام هەر جوان نییە خەڵکی چیم پێدەڵێن کچ و کوڕێکی هەرزەکار لەماڵێکی داخراودا بەجێ بهێڵێت. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ٥٦).

٧- بەڵام هەرگیز

٦٧- من لەوەوبەر لە چەند ئێوارەیەکی تاریک و چەند بەرە بەیانێکی تەماویدا، فەرەیدونی مەلەکم بینیبوو، بەڵام هەرگیز لەگەڵیدا نەدوابوم، ئەوکات لە نانەواخانەیەکی گەورەدا کاری دەکرد. (بەختیار عەلی،٢٠٠٧: ٢١).

٨- هێشتا

٦٨- ئەوە بۆچی درەنگ هاتیتەوە گیانی دایکت... چەند هاوڕێیەکم دی لەگەڵیان دانیشتبوم، هەروا بۆخۆمان قسەو باسمان دەکرد، هیچ درەنگیش نییە هێشتا ئێوارەیە ئێوە لە خۆتانەوە کردووتانە بە شەو. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ٤٧).

## ٢-٢-٤-١-٣ بەستنی هۆیی

بەستنی هۆیی بریتییە لە پەیوەندییەکی واتایی و لۆجیکی، کە لە نێوان دوو ڕستە، یان زیاتردا دروست دەبێت، کە یەکێکیان دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەوی تر. (تۆفیق،٢٠٠٢: ٢٣٣)، ئەو بەستەرانەی لە جۆری بەستنی هۆیین ڕۆڵی بەستنەوەی پێکهاتەکانی ناو دەق دەبینن، بریتیین لە (بۆیە، چونکە، ئەگەر، لەبەرئەوە، نەوەکو، بەڵکو، ئەگینا...هتد).

١- بۆیە

٦٩- جوامێر هەرچەندە سەری ئەهێنا لە کوردیدا لە شیعر زیاتر نەبوو بیداتێ ئەویش بە زۆری باسی دڵداری، بۆیە لە پێشەوە خستیە پشگوێ. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ٥٣).

٢- چونکە

٧٠- ئەحمەد بەگ پرسی و وتی ئەی فیزە و کاری ئەوانی تر، شێرزاد بە هەناسە بڕکێ و خۆشییەوە گوتی هی ئەوان هەر زوو بۆم وەرگرتبوون لە پێرێوە داومەتەوە دەسیان، ئەمەی ئێوە خەتای پاسپۆرتەکانتان بوون، چونکە دەبوو تازە کرابایانەوە. (گەلاوێژ، ٢٠١٨ :١٣).

٣- ئەگەر

٧١- ئەنفال. . ئەنفال

ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە

یەک بەیەکمان نەیخۆینەوە

لە خۆشەویستی سەرچاوە و

لە خۆشەویستی ئاو ناگەین

ئەنفال. . ئەنفال

ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشین و

ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین

کەسمان ناژین! (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٤: ٧١).

## ٢-٢-٤-١-٤ بەستنی کات

ئەم جۆرە بەستنەش کاتی ڕوودانی پێکهاتەکانی دەق، بەپێی کاتی ڕوودانی کارەکان نیشاندەدەن، ئەو بەستەرانەی جۆری بەستنی کات دەنوێنن، بریتین لە (تا، ئێستا، پاش ئەوە، یەکەم جار، کاتێک....هتد).

١-تا

٧٢- دەچێتە گوندەکەی ئەودیو، بۆخۆی لەوێ دەمێنێتەوە و دەچێتەماڵی شێخەوە، ئیشیان بۆ دەکا لە سبەینێوە تا ئێوارە کار و پیشەیان بۆ بەڕێوە دەبات. (تەها ئەحمەد رەسول، ٢٠٠٠: ٣١).

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٧٢) بدەین، دەبینین بەستەری (تا) لە جۆری بەستنی کات، ڕۆڵی لە بەستنەوەی هەردوو لێکسیمی (سبەینێ، ئێوارە)دا بینیوە، چونکە

ئەگەر بەستەری (تا) نەبوایە، پێکەوەبەستن نەدەهاتەئاراوە، بەمەش وەرگر، یان خوێنەر لە واتای دەق تێنەدەگەشت.

٢- ئێستا

٧٣- لە تاو ئەم قسەیە بوو، یان نەهاتنەوەی هەمین هەستت کرد کەسێک بە دە پەنجەی ئاسنینەوە چنگ لە هەناوت گیر دەکاو، وای لەو دڵ خاوبونەوە کتوپڕە، ئێستا لێرەبوایە هەندی بڵێی یەک و دوو کترییەکەی دەخستە سەر ئاگر. (شێرزاد حەسەن، ٢٠١٢: ١٤٦).

لە نموونەی (٧٣)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەستەری (ئێستا) ڕۆڵی لە بەستنەوەی هەردوو دەقەکەدا بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی بەستەری ئێستاوە خوێنەر، یان گوێگر لە واتا و مەبەستی قسەکەر دەگات.

## ٢-٣ جۆرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی

پێکەوەبەستنی لێکسیکی پشت بە شەش جۆر پەیوەندیی واتایی نێوان لێکسیکەکان دەبەستێت وەک (دووبارەبوونەوە، هاوواتا، گرتنەوە، میرۆنیمی، دژواتا، هاوڕێیەتی)، ئەم جۆرانە بریتین لە جۆری دیار و بەرچاوی پەیوەندیی، لە کاتێکدا کە کۆتا جۆریان واتە لە هاوڕێیەتیدا، بۆشاییەکە کراوە دەبێت بۆ هەر پەیوەندییەکی واتایی، کە هیچ شێوازێکی گشتیی ڕوودانی هاوبەشی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سیستمی دەقێکدا کاردەکەن.

بەشەکانی ئاخاوتن، کە باسی هەرە سەرەکیی مۆرفۆلۆژین لە زمانە جیاوازەکاندا، جیاوازی لە ژمارەیاندا هەیە و خاوەنی تایبەتمەندیی سەربەخۆن، بەپێی هەڵکەوتەی زمانی کوردیش، دەتوانرێت دە بەش ئاخاوتن دەستنیشانبکرێت. (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە، کردار، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن، پارتکڵ)، (حاجی مارف،١٩٧٩ :١٠)، دابەشکردنی نوێباوی پۆلەکانی وشە، بەپێی بنەمای مۆرفیم، (١٠) بەشە ئاخاوتنەکەی زمانی کوردی، بەسەر دوو جۆردا دابەشکراون، کە ئەوانیش (پۆلی کراوە و پۆلی داخراو)ن.

لە زمانی کوردیدا پۆلە کراوەکان (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە، کردار، ئاوەڵکردار) دەگرێتەوە، مەبەست لە پۆلی کراوە، ئەو پۆلە وشەیەیە، کە کۆتاییەکەی کراوەیە و وشەی تێدەڕژێت، پۆلە داخراوەکانیش (جێناوی کەسی و نیشانە، پێشناوەکان، مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ) دەگرێتەوە، کە کۆتاییەکەی داخراوە و وشەی تێناڕژێت. (عول، ٢٠٢١).

## ٢-٣-١ دووبارەبوونەوە

دووبارەبوونەوە ڕاستەوخۆترین شێوازی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، ئاماژەدەکات بە بەکارهێنانی دووبارەبوونەوەی دانەیەکی لێکسیکی لە دەقدا، سەرچاوەکەی بۆ هەمان سەرچاوەی یەکەم دەگەڕێتەوە. (Halliday,1985:289).

## ٢-٣-١-١ نواندنی دووبارەبوونەوە

پۆلە وشەکانی زمانی کوردی، وەک دانەیەکی لێکسیکی بەهۆی دووبارەبوونەوەیان لە دەقدا، ڕۆڵێکی گرنگیان لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا هەیە، پرۆسەی تێگەشتن بۆ خوێنەر، یان گوێگر ئاسانتر دەکەن، هەوڵدەدەین پۆلە وشەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ژمارە.....)، کە بە دووبارەبوونەوەیان ڕۆڵیان هەیە لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا بە نموونەی دەقی کوردییەوە بخەینەڕوو.

## ٢-٣-١-١-١ دووبارەبوونەوەی ناو

ناو لە ڕووی ناوەڕۆک و هەبوون و دروستەوە لە زمانی کوردیدا کراون بە چەند جۆرێکەوە، بڕوانە (حاجی مارف،١٩٧٩: ١٤١،٩٠)، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، دووبارەبوونەوەی ناوە لە دەقدا، کە ئەم دووبارەبوونەوەیە ڕۆڵی گرنگ لە پێکەوەبەستنی لێکسیکیی دەقدا دەبینێت.

أ- ناوی تایبەت، بڕوانە نموونەی (٧٤).

٧٤- هەر زووش خەڵکی دێیەکە و شاخەوانیش پەنجەی تاوانیان بۆ گوروون ڕاکێشا، ئەمە هەمووی فیت و پلانەکانی ئەون، لەو کاتەدا گوروون خۆی ون کرد بۆ چەند ڕۆژێک گوایە چوە بۆ شار و ئیشی هەیە. (گەلاوێژ، ٢٠١٨: ١٤).

وەک لە نموونەی (٧٤)دا دەردەکەوێت، ناوی تایبەتیی (گوروون) دوو جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە، وەک بەستەرێکی لێکسیکی ڕۆڵی لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە و پرۆسەی تێگەشتن بۆ خوێنەر، یان گوێگر دێنێتەئاراوە.

ب- ناوی گشتی، بڕوانە نموونەی (٧٥).

٧٥- لایەنێکی تایبەتمەند و جوانییەکانی خۆشەویستی لای مرۆڤ، هەستکردنی مرۆڤە بە جوانییەکانی ژیان، بە خۆشییەکانی ژیان، حەزکردن بە ژیان، کە جوانترنی شت تێیدا بوێری و چاونەترسی و بەربەرەکانیکردنییەتی، کە مرۆڤ لێوەی فێردەبێت. (کنێر عەبدولا،٢٠١٣: ٢٧).

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٧٥)، دەبینین ناوەکانی (ژیان، مرۆڤ) چەند جارێک لە دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە، وەک (ناوی گشتی) ڕۆڵی بەستەریان لە نواندن و پێکەوەبەسنی دەقدا بینیوە.

پ- ناوی کۆمەڵ، بڕوانە نموونەی (٧٦).

٧٦- دەوڵەتان زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکەن، گوایە نوێنەری گەل و نیشتیمانن و ئەمەش وەک بەڵگە بۆ ڕەوایی دان بە کردەوەکانیان بەکاری دەهێنن، بەڵام لەمەشدا بەبێ گەڕانەوە بۆ میکانیزمی دیموکراسیانەی ڕاپرسی، ڕاست دەرناچێ و ناتوانین بەو دەوڵەتە بڵێین نوێنەری گەل و نیشتیمانی خۆیەتی. (کوردستانی نوێ،٢٠٢٢: ٨٦١٥).

لە نموونەی (٧٦)دا بۆماندەردەکەوێت، وشەی (گەل) وەک ناوی کۆمەڵ دوو جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە، وەک بەستەرێکی لێکسیکیی دووبارەبوونەوە ڕۆڵی نواندن و پێکەوەبەستنی دەقەکەی بینیوە، بەهۆی ئەو دووبارەبوونەوەیەوە، پرۆسەی تێگەشتن لە واتای دەق بۆ خوێنەر هاتووەتەئاراوە.

### ٢-٣-١-١-٢ دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو

ئاوەڵناویش وەک پۆلێکی وشە لە زمانی کوردیدا واتای چۆنێتی و خاسێت و نیشانە دەگەیەنێت،بڕوانە (حاجی مارف،٢٠١٤-ب:١٠٩)، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسیدەکەین

ئەرکێکی تری ئاوەڵناوە، کە بەهۆی دووبارەبوونەوەیەوە ڕۆڵی لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا هەیە. بڕوانە نموونەی (٧٧).

٧٧- هەلاڵە دەیگوت، شێرزاد پیاو کە بیەوێت لەم وڵاتانە بژی جگە لە ژن و منداڵەکەی زۆر شتی تریشی دەوێت، ژیانی باش، کار و پیشەی باش، خوێندەواری باش، پەیوەندی و دۆست و برادەری باش. (عەتا نەهایی،٢٠٠٧: ١٥).

لە نموونەی (٧٧)دا بۆماندەردەکەوێت وشەی (باش)، وەک بەستەرێکی لێکسیکی، (٤ جار) دووبارەبووەتەوە، وەک ئاوەڵناوێک لەگەڵ وشەکانی (ژیان، پیشە، خوێندەوار، برادەر)دا هاتووە، جگە لە وەسفی ئەو وشانە ڕۆڵی پێکەوەبەستنی لێکسیکی لە دەقەکەدا بینیوە، چونکە ئەگەر وشەی (باش) لە دەقەکە دەربهێنرێت، ئەوا پێکەوەبەستنی لێکسیکی دووبارەبوونەوە لە ناو دەقەکەدا دروستنابێت.

## ٢-٣-١-١-٣ دووبارەبوونەوەی کردار

کرداریش وەک ناو و ئاوەڵناو لە ڕووی پێکەوەبەستنەوە، وەک بەستەرێکی لێکسیکی لەناو دەقدا دووبارەدەبێتەوە، واتە جگە لە ئەرکە سەرەکییەکەی کردار لە دروستکردنی ڕستەدا، لە ناو دەقدا بەهۆی دووبارەبوونەوەوە، یان چەند بارەبوونەوەیەوە، پارچەکانی ئەو دەقە لە ڕووی لێکسیکییەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بڕوانە (٧٨).

٧٨- دادوەر پیاوێکی کەلە ڕەق بوو، ڕوخسارێکی پانی هەبوو، ورگن و قوتە بوو، پەنجەی کورت بوون و هەریەکەیان مستیلەیەکی گرانبەهای پێوەبوو. (ئیلیف شەفەق، و. لە ئینگلیزییەوە کارزان کاوسێن،٢٠١٧: ٦٣).

لە نموونەی (٧٨)دا بۆماندەردەکەوێت، کە وشەکانی (بوو، هەبوو، بوون، پێوەبوو....) کرداری ڕستەکانی ناو دەقەکەن و دووبارەبوونەتەوە وەک بەستەرێکی لێکسیکی، کە ئەرکی نواندن و پێکەوەبەستنی لێکسیکی دەقەکەیان گرتووەتە ئەستۆ.

## ٢-٣-١-١-٤ دووبارەبوونەوەی ژمارە

ژمارەش وەک بەشە ئاخاوتنێک خاوەنی خاسێتی واتای ژمارەیە بە گشتی، کە وەک دیاردەیەکی تایبەتی واتای گشتی ئەم پۆلە وشەیە لە خاسێتی ڕێزمانیدا

ڕەنگ دەداتەوە. (حاجی مارف،٢٠١٤-پ:٥١)، جگە لەو ئەرکانەی وەک بەشە ئاخاوتنێک لە زمانی کوردیدا ئاماژەپێکراوە، وەک بەستەرێکی لێکسیکیش لە دەقدا، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکەوەبەستنی دەقدا دەبینێت. بڕوانە (٧٩).

٧٩- سێ نەخۆشی کەوتە دنییا هیچ دەواو چارییان نییە

کیبر یەک، بەرتیل دوو، سێ موخلیسی پارە و دینار

سێ مەتاعی پڕ بەها ئەمڕۆ تەواو بێقیمەتن

یەک شیعر، دوو ڕاستی، سێ حورمەتی خاک و دیار. (قانع،٢٠٠٥: ١٢٢)

لە نموونەی (٧٩)دا، کە چوارینەیەکی (قانعی شاعیر)ـە، ژمارەکانی (یەک، دوو، سێ) چەند جارێک دووبارەبوونەتەوە و وەک بەستەرێکی لێکسیکی ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکەوەبەستنی دەقدا بینیوە و پرۆسەی تێگەشتنیان بۆ خوێنەر، یان وەرگر هێناوەتەئاراوە، بە ئەگەرێک ئەگەر ئەم ژمارە و دووبارەبوونەوەکانیان لە دەقەکەدا دەربهێنین، ئەوا پێکەوەبەستنی لێکسیکی بەهۆی بەستەری دووبارەبوونەوەی ژمارەوە لە دەقەکەدا نامێنێت، ڕۆڵێکی بنەمایی لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.

## ٢-٣-٢ هاوواتا

بە مەبەستی خۆ لادان لە لێکسیم و گرێ و ڕستەی دووبارە لە دەقدا، هاوواتا وەک جێگرەوە بەکاردێت، زاراوەی هاوواتا لە زانستی واتاسازیدا بۆ جۆرێکی سەرەکیی پەیوەندیی واتا بەکاردێت لە نێوان دانەی لێکسیکی، کە بە نزیکەیی هەمان واتایان هەبێت، هالیدەی دەڵێت: (پێکەوەبەستنی لێکسیکی ڕوودەدات لە ئەنجامی بژاردەی دانەیەکی لێکسیکی، کە لە هەندێک واتادا هاوواتایە لەگەڵ دانەیەکی پێشتر و ئەو بەردەوامییەی دروستدەبێت لە ڕێگای بژاردەی وشەوەیە لە دەقێکدا. (Halliday,1985:289)

### ٢-٣-٢-١ نواندنی هاوواتا

ئەو لێکسیمانەی ڕۆڵی هاوواتا دەبینن لە دەقدا، جگە لەوەی خۆ لادان و دوورکەوتنەوەیە لە دووبارەبوونەوەی لێکسیم، ڕۆڵێکی سەرەکیی تریش دەبینن لە پێکەوەبەستنی دەقدا، کە ئەوانیش چەند جۆرێکن.

### ٢-٣-٢-١-١ هاوواتای تەواو

ئەم جۆرە لە هاوواتا ئەو لێکسیمانە دەگرێتەوە، کە لەزۆر شوێن و مەبەستدا دەتوانرێت لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و هەمان واتا ببەخشن. کریستاڵ ئاماژە بەوە دەکات، کە (هاوواتا بەرهەمدێت ئەگەر دانەکان لە واتاکانیانەوە زۆر نزیکبن، بۆئەوەی ڕێگە بە هەڵبژاردن لە نێوانیاندا بدرێت، لە هەندێک دەقدا بەبێ بوونی هیچ جیاوازییەک لە گەیاندنی واتای ڕستەدا). (Crystal,1991: 87).

کەواتە (هاوواتا بریتییە لەو بەستەرە لێکسیکییەی، کە ڕێگەدەدات بە گۆڕینەوەی دانەیەکی لێکسیکی بە دانەیەکی تر بە مەرجێک دووەمیان هیچ گۆڕانکارییەک لە واتادا دروستنەکات)، (Halliday,1985:289). لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لە هەموو بوارێکدا وا نییە، چونکە دۆزینەوەی دوو لێکسیم کە بە تەواوی وەک یەک بێت، شتێکی ئەستەمە، هەندێک زمانەوان جەختدەکەنەوە لەوەی، کە لە ڕاستیدا هاوواتایی بوونی نییە، چونکە شێوەکان لەوانەیە جیاواز بن. (سەفەوی،٢٠٢٠ :٩٦) بڕوانە نموونەی (٨٠).

٨٠- ئەیزانی کە <u>لادێی</u> کوردستان، دە ساڵی لا ڕۆژێکە بۆ گۆڕان! هۆی سەرلێتێکچوونی ئەو وێرانییە بوو کەبەسەر ناوچەکەدا هاتبوو. یەکێ لەو چایخانە لە سووتان و دارێک لەو باخ و پەڵە چنارانە، لە فەوتان ڕزگاریان نەبوو بوو، کە جاران درێژایی ڕێگایان کورت ئەکردەوە . زۆربەی ماڵی ئەو <u>دێهاتانەی</u> ئەهاتنە ڕێی لە بناردا، یا بۆمبا ڕووخاندبوونی، یان سوتێنرابوون. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ١٥٧)

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٨٠) بدەین، دەبینین وشەکانی (لادێ، دێهات) لە جۆری هاوواتای تەواون، ڕستەکانی ناو دەقیان بەیەکەوە بەستووەتەوە، دەشتوانرێت لەبری یەکتری دابنرێن، بۆ نموونە (لادێی کوردستان- دێهاتی کوردستان، لادێکان- دێهاتەکان، لادێی- دێهاتی.....).

### ٢-٣-٢-١-٢ هاوواتای ناتەواو

مەبەست لەم جۆرە هاوواتایەش، کە دوو لێسکیم لە دەقێکدا دەتوانرێت لەبری یەک دابنرێن، ڕۆڵی نواندن و پێکەوەبەستن لە دەقدا ببینن، بەڵام ناتوانرێت لە هەموو

دەقێک و بۆ مەبەستی جیاواز لە بری یەکتر لە هەموو کاتێکدا بەکاربهێنرێن، (بلۆمفیلد) پێیوایە (لە زمانی سروشتیدا لێکچوونی واتایی بوونی نییە، چونکە هیچ هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر لە لێکسیمێک بۆ هەمان واتا نییە). (Bloomfield1973:145) بڕوانە (٨١):

٨١ أ- بۆچی بیرتە پارەم بۆ بنێری بڵێی کرێ خانووەکەتە و بیرت نییە کە بڵێیت خانووەکەت <u>تەختکراوە</u>، لاوە هیچ قسەی نەکرد جوامێر بە نیمچە تەریقییەکەوە وتی ئۆی لێم ببورە! ئەبوو بزانم کە تۆ بەرزتر و چاکتری لەوەی ئیشی وا بکەیت، ئەگەر بتنوسیایە خانووەکەت <u>وێرانکراوە</u>، مانای ئەوەبوو پارەکە هی خۆتە و ڕەنگە نەمەوێت. (برایم ئەحمەد،٢٠٠٢: ١٥٢).

وەک لە نموونەی (٨١)دا بۆماندەردەکەوێت، کە لێکسیمەکانی (تەختکراوە، وێرانکراوە) لەم دەقەدا هاوواتای یەکترن و ڕۆڵی بەستنەوەی لێکسیکییان لە دەقەکەدا بینیوە، بەڵام ناتوانرێت لە هەموو دەقێکدا وەک هاوواتای یەکتر دابنرێن، بڕوانە بەراوردکردنی نموونەکانی (أ، ب)، کە ئەو دوو لێکسیمە نابن بە هاوواتای یەکتر.

٨١ ب- زەوییەکە <u>تەختکراوە</u> و ئامادەیە پرۆژەکەی لەسەر دروستبکرێت.

پ- *زەوییەکە <u>وێرانکراوە</u> و ئامادەیە پرۆژەکەی لەسەر دروستبکرێت

پاڵمەر چەند ڕێگایەک پێشکەشدەکات، کە هاوواتا دەکرێت جیاوازبن، لەوانە:

أ- جیاوازیی دیالێکت: بۆ نموونە دوو لێکسیمی (پیاو، پیا)، کە بە واتای مرۆڤی نێر دێن لە زمانی کوردیدا، بە زۆری لە دیالێکتەکانی ناوەڕاست و خوارودا (پیاو) بەکاردەهێنن و لە دیالێکتی هەورامیدا (پیا) بەکاردەهێنرێت.

ب- جیاوازیی شێواز: بۆ نموونە دیاردەی (سڵاوکردن) لە شوێنێکی فەرمیدا جیاوازە وەک لە شوێنێکی کارکردندا، بۆ نموونە لە شوێنی فەرمیدا (بەیانیتان باش، یان ئەم کاتەتان باش) زیاتر بەکاردێت، بەڵام لە شوێنێکی نافەرمیدا (سڵاوتان لێبێت، ماندوونەبن، چۆنن) زیاتر بەکاردێت.

پ- جیاوازی لەنێوان واتاکانی هزری و هەستی، یان هەڵسەنگاندن: بۆ نموونە واتای مانگ لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و مانگ لە دابەشکردنی موچەدا، لە ڕووی واتای هزری و هەستییەوە جیاوازن.


ت- هەندێک لێکسیم لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە سنووردار کراون: بۆ نموونە بڕوانە لێکسیمی (گەرم) لەم پێکهاتانەدا، (سەر گەرم، ئاوی گەرم، نانی گەرم، هێڵی گەرم، بازاڕی گەرم، چای گەرم...هتد).

ج- تێهەڵکێشی واتا: ئەم جۆرە هاوواتایە بە هاوواتای لەق ناودەبرێت، بۆ نموونە وەک دەوترێت (پیاوێکی قۆز، دیارییەکی جوان، فریاکەوتنی خێرا). (Palmer,1988:89).

### ٢-٣-٣ گرتنەوە

ئەم جۆرە پەیوەندییانە واتای لەخۆگرتنی هەیە. واتە واتای دانەیەکی لێکسیکی، واتای دانەیەکی تر دەگرێتەوە، بۆ نموونە گرتنەوەی (پشیلە و ئاژەڵ)، یان (بەرازیل و وڵات)، واتە ئاژەڵ پشیلە دەگرێتەوە و وڵاتیش بەرازیل دەگرێتەوە.

بڕوانە شێوەی ژمارە (٤)، کە لێکسیمی (میوە) گشتگیرە، لێکسیمەکانی (سێو، مۆز، شوتی) پاشکۆن (بەشەپۆل)ن، پەیوەندی لەنێوان دانەکانی پاشکۆ پێیدەوترێت گرتنەوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (٤).




شێوەی ژمارە (٤)

میتۆدێکی تر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە پێشنیازکراوە لەلایەن لیچ (١٩٧٤)، ئەم میتۆدە پێیدەوترێت شیکردنەوەی بەشی بنچینەیی (نیشانەی واتایی)، بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە واتای لێکسیم بەشدەکرێت بۆ کەمترین نیشانەی دیار، واتە هەر لێکسیمێک، کە بەشبەشبکرێت بۆ نیشانەی تایبەتتر، بە ڕستەی لاوەکی دادەنرێت، (leech,1974:210) بڕوانە نیشانەکانی ئەم نمونانەی (٨٢ أ، ب، پ):

٨٢ أ- مرۆڤ: +زیندوو+مرۆڤ

ب- مێ: +زیندوو+مرۆڤ-نێر

پ- ئافرەت: +زیندوو+مرۆڤ-نێر+هەراش. (leech,1974:210).

لێکسیمی مرۆڤ زۆرترین واتای گشتی هەیە، چونکە دەتوانین واتاکەی بەشبەشبکەین بۆ دوو نیشانەی دیار (+زیندوو، + مرۆڤ)، لە کاتێکدا لێکسیمی ئافرەت واتای تایبەتی هەیە، چونکە دەتوانین بەشبەشبیبکەین بۆ چوار نیشانەی دیار (+زیندوو، +مرۆڤ، -نێر، +هەراش).

## ٢-٣-٣-١ نواندنی گرتنەوە


واتە لێکسیمێک توانای نواندنی چەند لێکسیمێکی هەیە، کە ئەو لێکسیمە دەتوانێت لە ناو خۆیدا هەموو ئەو دانە لێکسیمییانە هەڵگرێت، بەمەش لە دەقدا ڕۆڵی نواندن و پێکەوەبەستنیان هەیە، بڕوانە (٨٣).

٨٣- ئەو ڕەنگە تێکەڵاوانەش لە سەوزە و میوەکاندا هەیە، بۆ ڕێگرتن لە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ و گورچیلە و فشاری خوێن و نەخۆشی تر زۆر بە کەڵکن، بە تایبەت ئەو سەوزە و میوانەی کە ڕەنگیان سوورە، وەک (تەماتە و توور و بیبەری شیرین و ترێ و شوتی و شلیک و هەنار و سێوی سوور)، زۆربەیان پڕن لە دژە ئۆکسید. (کوردستانی نوێ، ٨٥٨٠:٢٠٢٢).

لە نموونەی (٨٣)دا، لێکسیمەکانی (سەوزە و میوە) هاتوون، وەک دانەیەکی لێکسیکی ڕۆڵی پێکەوەبەستنیان لە دەقەکەدا بینیوە و لێکسیمەکانی (تەماتە و توور و بیبەری شیرین و ترێ و شوتی و شلیک و هەنار و سێوی سوور)یان لە ناو خۆیاندا هەڵگرتووە و خوێنەر، یان وەرگر ڕاستەوخۆ دەزانێت لێکسیمی سەوزە (تەماتە، توور، بیبەری شیرین) دەگرێتەوە و لێکسمی میوە (ترێ و شوتی و شلیک و هەنار و سێوی سوور) دەگرێتەوە و وەک بەستەرێکی لێکسیکی لە جۆری گرتنەوە ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.

## ٢-٣-٤ میرۆنیمی

ئەم جۆرە گشتگیرییە پەیوەندیی بەش و هەموو دەردەخات لەنێوان دانەکانی لێکسیکیدا، بۆ نموونە (ئۆتۆمبێل-تایە، خانوو-دەرگا، لەش-قۆڵ). هەروەها پەیوەندیی لەخۆگر و ناوەڕۆک نیشاندەدات. بۆ نموونە (پەرتوک-لاپەڕە، بوتڵ-شیر) لەخۆدەگرێت، (پەیوەندی میرۆنۆمی لەوەدا وەک گرتنەوە وایە کە هەمان یاسای پلەیی پەیڕەو دەکات واتە ئەو دانەیەی، کە چەمکی هەموو نیشان دەدات بریتییە لە توخمی گشگیر و ئەو دانەیە، کە چەمکی بەش(پاشکۆ) نیشان دەدات بریتییە لەو دانەیە، کە دەکەوێتە هەمان ئاستی پلەیی پێی دەوترێت میرۆنیمی هاوبەش، بەڵام لەوەدا جیاوازن لە دیاردەی هایپۆنیمیدا دەبێت ئەو ئەندامانەی لە ژێر یەک چەمکی زاراوەی سەرەکی سەرخاندا کۆ دەبنەوە، هەموویان یەکجۆربن لەو، بەڵام لە میرۆنیمیدا ئەندامەکان جۆرێکنین لەو، بەڵکو بەشێکن. (محەمەد،٢٠٠٥ :٧٠)، بڕوانە شێوەی ژمارە (٥):




شێوەی ژمارە (٥)

لیچ میرۆنۆمی دەخاتە ژێر پرۆسەی گواستنەوەی واتایی ئەو جۆرە نوێیەی پەیوەندیی میرۆنۆمی پێشکەشدەکات، کە دەیناسێنێت بە نوێنەر، یان خوازراو (مێتافۆر). (Leech, 1974: 217).

## ٢-٣-٤-١ نواندنی میرۆنیمی

ئەم جۆرەش لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، کە دانەکانی بەش بۆ گشت، ئەرکی پێکەوەبەستن و ڕوونکردنەوەی واتای دەق بەرهەمدەهێنن. بڕوانە (٨٤)

٨٤- سلفادۆر و ئامادیتۆ لە کوشنی دواوەی ئەو ئۆتۆمبێلە دانیشتبوون، کە بەرانبەر کۆرنیش وەستابوو. لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەی کە لەوێ بەسەریانبرد بەلای کەمەوە دوو جار هەمان قسەیان کرد. ئەنتۆنیۆ ئێمبرت لە پشت سوکانەکە دانیشتبوو. (ماریۆ بارگاس یۆسا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جەلیل کاکەوەیس،٢٠١٣، ٥٥)

ئەگەر سەرنجی دەقی (٨٤) بدەین، دەبینین وشەکانی (کوشن، سوکان)، کە بەشێکن لە ئۆتۆمبێل، وەک جۆری میرۆنیمی ڕۆڵیان لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە، هەردوو بەشەکە بەستراونەتەوە بە وشەی (ئۆتۆمبێل)ەوە، کە گشتە.

## ٢-٣-٥ گشتگیری (دژواتا)

دژواتا جۆرێکە لە پەیوەندیی واتایی (سیمانتیکی)، کە مەبەستی لە پێچەوانەی واتایە بەکارهێنانی دژواتا لە دەقدا جۆرێکی ترە لە بەستەری پێکەوەبەستن، (سالکی) دەڵێت، (بەکارهێنانی دوو لێکسیمی دژواتا لە نزیک یەکتر، یارمەتیی نووسەر دەدات لە دەربڕینی جیاوازی، هەروەها بەشداری لە پێکەوەبەستنی دەقدا دەکات، بە یاساییانە زۆربەی جووت لێکسیمی دژواتا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە). (salkie,1995:15). بۆ نموونە بڕوانە بەراوردکردنی (جوان، ناشرین، چاک، خراپ، بەرزایی و نزمایی، درێژی و کورتی....هتد).

### ٢-٣-٥-١ نواندنی دژواتا

جۆرەکانی دژواتا ڕۆڵیان لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا هەیە، (سالکی) ئەم جۆرانە بۆ سێ جۆر پۆلدەکات. (سەرچاوەی پێشوو، ١٥)، لێرەدا نواندنی جۆرەکانیش بە دەقی کوردییەوە دەخەینەڕوو.

١- دژواتای دوانە (ئاوێتە): هەروەها پێشیدەوترێت دژواتای ڕەها، لەم جۆرەدا تەنها یەک ئەگەر بوونی هەیە، واتە دانەیەکی لێکسیکی یەک هاوواتای دژی هەیە، لە لێکسیمەکانی (مردوو و زیندوو)دا دۆخێکی مامناوەند بوونی نییە، یان لە سەدا سەد مردووە، یان لە سەدا سەد زیندووە، نموونەی زیاتر وەک (کڕین و فرۆشتن...هتد). بڕوانە (٨٥).

٨٥- بونە مامۆستات و فێری ژیان و ویستیان کردی، وانەی پیرۆزی و نەگریسی ژیان و مەرگیان بۆ شیدەکردیەوە.. نا.. نەخێر تۆ هەرگیز خۆتت بە بار نەدەزانی ئێستاش نازانی هۆی ئەم بێدەربەستیەت لە ڕووی مەرگ و ژیاندا چییە؟ وەکوو ئەوەی ژیان یان مەرگ پەیوەندییان بە تۆوە نەبێت. (محمد موکری،١٩٩٨: ١٣).

٢- فرە دژواتا: هەروەها پێیدەوترێت پلەدار، لەم جۆرەدا زیاتر لە یەک ئەگەر بوونی هەیە بۆ ڕوودانی دانەیەکی لێکسیکی لەگەڵ یەکێکی تر وەک دژواتا، لێکسیمی (سارد و گەرم)، فرە دژواتان، چونکە ئەگەری هەیە، کە دانەی تر هەبێت وەک (فێنک)، کە ڕووبدات وەک دژواتا لەگەڵ ئەو دوانەی تر. بڕوانە نموونەی (٨٦).

٨٦- لە کاتێکدا نە هیچ خۆشییەکم بە چاکەی چاکەکاران دێت و نە بە خراپەی خراپەکارانیش پەست دەبم. (یوسف عیزەدین،٢٠٠٩: ٣٥).

٣- پێچەوانە: لێکسیمی (دایک و باوک و منداڵان) نموونەی دژواتای پێچەوانەیین، چونکە ئەگەر (أ باوکی ب بێت، کەواتە ب منداڵی أ ـە) لەبەرئەوەی، کە پێچەوانەکان بۆ دەربڕینی هەموو شت بە شێوازێکی جیاواز بەکاردەهێنرێن، ئەوان لە نزیک یەکتری لە دەقدا دەرناکەون، نموونەی تر وەک (مامۆستا و خوێندکار، سەرەوە و خوارەوە..هتد)، ئەوەی لە کۆتاییدا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بابەتی لێکسیمی فرەواتایە، بۆ نموونە (توند) دژواتای (هێواش)ـە لەگەڵ (با)دا، بایەکی توند، بایەکی هێواش، بەڵام لەگەڵ (کەس)دا بەو جۆرە نییە، (توند) دژواتای (نەرم)ـە، کەسێکی توندە، کەسێکی نەرمە، هەروەها بڕوانە لێکسیمی (ناشیرین) دژی لێکسیمی (جوانە) بۆ ئاماژەکردن بە ئافرەت: ئافرەتێکی ناشیرین، ئافرەتێکی جوان، بەڵام دژی لێکسیمی قۆزە، کە ئاماژەدەکات بە پیاو: پیاوێکی قۆز- پیاوێکی ناشیرین.

### ٢-٣-٦ هاوڕێیەتی

کۆتا پۆلی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، کە بریتییە لە هاوڕێیەتی. ئەم جۆرە زۆرترین کێشەی لەسەرە، (هالیدەی و حەسەن) هاوڕێیەتی بەوە پێناسەدەکەن، کە وەک جوتێک دانەی لێکسیکی، کە پۆلکردنی پەیوەندیی واتاییان یەکسان نییە، لە لێکسیکی و واتای سیستەمیدا. (Halliday & Hasan,1976: 386)، هەروەها (ئورکوارت) تێبینیی خۆی

دەدات لەسەر ئەرکی پێکەوەبەستراوی هاوڕێیەتی و دەڵێت: "پاش فێربوونی لێکدانی دوو لێکسیم، کە دەربڕینەکانیان بەیەکەوەن، خوێنەر ڕازیدەکرێت لەو کاتەی، کە لە ڕستەکانی تەنیشتیدا دێن، بۆ نموونە لێکسیمی (جەنگ و تفەنگ و تەقەکردن و ئاگر.....) دەگەیەنێت. (Urquart,1983 :100).

لەو کاتەی، کە کەسێک دەڵێت، کە دوو دانەی لێکسیکی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەمە بابەتێکی پەیوەندیی زمانەوانییە لە دەقدا، پلەی نزیکی لە سیستەمی لێکسیکیدا هەیە، هاوڕێیەتیی لێکسیم هەمیشە ئاسایی نییە، ئەمەش سەرجەم زمانناسەکان هاوڕان لەگەڵیدا، سینکلێر ئاماژە بەوە دەکات: (هیچ هاوڕێیەتییەکی ئەستەم بوونی نییە، بەڵام هاوڕێیەتی باو (لەبار) بوونی هەیە). (Sinclair, 1966:41)، کەواتە لێکسیمی جوان بە گشتی بۆ ئافرەت بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە خوازراوی لەگەڵ ئیش بەکاردەهێنرێت. پاڵمەر جەختدەکاتەوە، (کە هاوڕێیەتی بە ڕوودانی هاوبەش و لێکسیمی لێکدراو سنوردارنەکراوە، بەڵکو درێژەدەدات بە لەخۆگرتنی فۆڕمی تایبەتی ڕوودانی هاوبەش، کە شێوازی تایبەتیی هەندێک نووسەرە، یان قسەکەرە، لەبەرئەوە بۆ خەملاندنی واتای هەندێک هاوڕێیەتی لە ڕێگەی دانەی تاک هەمیشە دروست نییە). (Palmer, 1981:77)

ئەوەی شایەنی باسە، لە کۆتاییدا هالیدەی ئەوە دەردەخات (کە هاوڕێیەتی بە زۆری لەگەڵ شێوە زمانی تایبەت، یان هەمەجۆریی زمانی، ئەرکی پەیوەندی هەیە)، (Halliday, 1985:313). کەواتە (زمان بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە تێیدا بەکاردێت جیاوازە، ئەم شێوە جیاوازانەی زمانیش پێیاندەوترێت شێوەکانی دووان (Registers)) (فەرەج،٢٠١٥: ٧٦)، بۆ نموونە لەهەمەجۆریی پەیوەندیی هەندێک دانەی لێکسیکی لە پەیوەندیدان، وەک: (دیجیتاڵ، میمۆری، بایت...هتد)، ئەم هاوڕێیەتییانە لە هەمەجۆریی سیاسی، یان یاسایی بوونیان نییە، لەباتی ئەمە هەندێک پەیوەندیی وەک: (کۆنگرێس، کابینە، فەرمی، داوا..هتد) دەردەکەوێت.

## ٢-٣-٦-١ نواندنی هاوڕێیەتی

ئەو لێکسیمانەی ڕۆڵی هاوڕێیەتی دەبینن لە نواندن و پێکەوەبەستنی دەقدا، بە یەکێک لە ڕێگاکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی دادەنرێن، جگە لە پێکەوەبەستن، یەکێکن لەو هۆکارانەی، کە پێشبینیی خۆمانی لەسەر بنیاددەنێین، بەوەی چی لە

دوای چی دێت، بە جۆرێک هاتنی ئەو فۆرمانەی هاوڕییەتییان دروستکردووە، بە ناوهێنانی یەکێکیان ئەوی ترمان بەبیردێتەوە، لە زۆر باریشدا فۆرمی دووەم لەبری فۆرمی یەکەم دادەنرێت. (حەمەغەریب،٢٠١٤:١٧١)، بۆ نموونە (هەولێر- شاری قەلا و منارە، سلێمانی- شاری هەڵمەت و قوربانی). بڕوانە (٨٧).

٨٧- شاری سلێمانی پایتەختی یەکەمین حکومەتی کوردی بووە لە باشوری کوردستان لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا، شاری سلێمانی بە درێژایی ٧٠ ساڵی تەمەنی میرنشینی بابان (١٧٨٤-١٨٥٤) ببوە مەڵبەندی زانست و ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی هەستی کوردایەتی. (٣٦هەمین خولی دەرچوانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢١)

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٨٧)، بۆماندەردەکەوێت لێکسیمەکانی (شار لەگەڵ سلێمانی، حکومەت لەگەڵ کوردی، باشور لەگەڵ کوردستان، سەردەم لەگەڵ شێخ مەحمود لەگەڵ نەمر، ٧٠ لەگەڵ ساڵ لەگەڵ تەمەن، میرنشین لەگەڵ بابان (١٧٨٤-١٨٥٤)، مەڵبەند لەگەڵ زانست، هەست لەگەڵ کوردایەتی)، هاوڕییەتییان دروستکردووە و بەهۆی ئەو هاوڕییەتییەوە پێکەوەبەستن لە نێوانیاندا هەیە و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لەو ڕووەوە لەیەک دەوروبەردا دەردەکەون و پێکەوەدێن، بەمەش ڕۆڵی گرنگییان لە پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن لە دەقدا هەیە.

پاش خستنەڕووی جۆرەکان و نواندنی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لیکسیکی)، بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی ئەم بەشەدا، نواندنی تۆڕی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) لەسەر دەقێک شیبکەینەوە، تێیدا گشت بەستەرەکانی ناو دەق بەپێی جۆرەکانیان، کە لە دەقێکدا هەن، دیاریبکەین، بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە دەقی (٨٨).

٨٨- ماوەت لە ڕووی مێژووی کلتورییەوە هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەکێک لە نەریتە ناسراو باوەکانی ماوەت پیرۆزی (کەڵەشێر) و نەخواردنی گۆشتەکەیەتی. بەهۆی ئەم پیرۆزییەی کەڵەشێر لە ئێستادا لە ناوەڕاستی قەزاکە وێنەیەکی پەیکەری کەڵەشێر دانراوە وەکو سیمبولێک بۆ ئەو کەڵەشێرانەی بەشێک لە دانیشتوانی ماوەتیان لە کۆندا ڕزگار کردووە. بەسەرهاتی کەڵەشێرەکانی ماوەت بە چەندین شێوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام کورتەی بەسەرهاتەکە ئەوەیە لە سەردەمی کۆندا سوپایەکی داگیرکەر هێرش دەکەنە سەر ماوەت، بەڵام پێش ئەوەی سوپاکە

بگەن، کەڵەشێرەکانی ماوەت دەست بە قوقاندن دەکەن، وا پێدەچێت کاتی قوقاندنی کەڵەشێرەکان کاتێکی نالەبار و بەشێوەیەکی نائاسایی بوبێت، بۆیە زۆرێک لە خەڵکی ماوەت دەزانن کە ڕوداوێکی نەخوازراو ڕوو دەدات ،بەم هۆیە زۆربەی خەڵکی ماوەت ماڵەکانیان چۆڵ دەکەن و ڕوو لە شاخەکانی نزیک ماوەت دەکەن، دەڵێن بەهۆی ئەم ڕووداوەوە خەڵکێکی زۆر ڕزگاریان بووە هەر بۆیە گەورە و سەرداری ماوەتیەکان لەو کاتەدا داوا لە خەڵکەکەی دەکات وەک وەفایەک ئیتر هەرگیز خەڵکی ماوەت کەڵەشێر سەرنەبڕن. لە (/http://slemani.gov.krd) وەرگیراوە.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٨٨)، دەبینین زۆربەی جۆرەکانی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) لەم دەقەدا نوێنراون و ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقدا بینیوە، بەم شێوەیە:

**نواندنی جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی**

١- ئاماژەکردن:

- ماوەت لە ڕووی مێژووی کلتورییەوە هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، (خۆی) ئاماژەکردنە بۆ پێش خۆی، کە ناوی (ماوەت)ە، کە بەهۆی ئاماژەکردنەوە دەقەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

یەکێک لە نەریتە ناسراو و باوەکانی ماوەت، (یەکێک) ئاماژەیکردووە بۆ دوای خۆی، کە ناوی (ماوەت)ە، کە ڕۆڵی لە بەستنەوەی دەقەکەدا بینیوە.

لەم دەقەدا (خۆی، یەکێک) لە جۆری ئاماژەکردنن.

٢- لەبریدانان:

- لە ناوەڕاستی قەزاکە وێنەیەکی پەیکەری کەڵەشێر دانراوە.

لەم دەقەدا، (قەزاکە) لەبری (ماوەت) دانراوە، کە لەبریدانان ڕۆڵی لە بەستنەوەی دەقەکە و دووبارەنەبوونەوەی (قەزای ماوەت)دا، هەبووە.

٣- لابردن:

- خەڵکی ماوەتماڵەکانیان چۆڵ دەکەن و(.........) ڕوو لە شاخەکانی نزیک ماوەت دەکەن.

لەم دەقەدا، دەبوو (خەڵکی ماوەت) لە پێش (ڕوو لە شاخەکانی نزیک ماوەت دەکەن) دووبارەبوایەتەوە، بەڵام لابراوە، لەبەرئەوەی لە سەرەتای دەقدا لێکسیمەکانی (خەڵکی ماوەت) هاتووە، بە لابردنی لە بەشی دووەمی دەقەکەدا، هیچ کاریگەری بۆ تێنەگەشتنی خوێنەر دروستنەکردووە.

٤- بەستن:

ئەو بەستەرانەی لە جۆری بەستن ڕۆڵیان هەبووە لە پێکەوەبەستنی ڕستەکاندا لەناو دەقەکەدا، بریتیین لە (هەرگیز، و، کە، بەڵام، وەک، وەکو، بۆیە، لەو کاتەدا...).

**نواندنی جۆرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی لە دەقەکەدا**

١- دووبارەبوونەوە:

أ- دووبارەبوونەوەی ناو لە دەقەکەدا

- ناوی (ماوەت) یازدە جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە.

- ناوی (کەڵەشێر) هەشت جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە.

- ناوی (سوپا) دوو جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە.

- ناوی گشتی (خەڵک) پێنج جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە.

- ناوی (پیرۆزی) یەک جار لە دەقەکەدا دووبارەبووەتەوە.

- ناوی (کات) سێ جار دووبارەبووەتەوە

ب- دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو لە دەقەکەدا

- ئاوەڵناوەکانی (پیرۆز، زۆر، کۆن) دوو جار لە دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە.

پ- دووبارەبوونەوەی کردار لە دەقەکەدا

کردارەکانی (ڕزگاریانبوو، قوقاندن، دەکەن) دوو جار لە دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە.

٢- هاوواتا:
لێکسیمەکانی (دەڵێن-دەگێڕنەوە، دانیشتوان-خەڵک، خەڵکەکەی-خەڵکی ماوەت، زۆرێک-زۆربەی، گەورە-سەردار، نالەبار-نائاساییی) ڕۆڵی هاوواتایان لە دەقەکەدا بینیوە.
أ- هاوواتای ناو
لێکسیمەکانی (دانیشتوان، خەڵک، خەڵکەکەی، خەڵکی ماوەت) وەک هاوواتای ناو ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.
ب- هاوواتای ئاوەڵناو
لێکسیمەکانی (زۆربەی، زۆرێک، گەورە، سەردار، نالەبار، نائاسایی، باو، کۆن) وەک هاوواتای ئاوەڵناو ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.
پ- هاوواتای کردار
لێکسیمەکانی (دەڵێن، دەگێڕنەوە، هەیە، دانراوە) وەک هاوواتای کردار ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.
٣- گرتنەوە:
- لێکسیمەکانی (سوپا، داگیرکەر، هێرشکردن، چۆڵکردن، ڕووداوی نەخوازراو) لە جۆری گرتنەوەن، کە لێکسیمی (جەنگ) ئەمانەی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە. ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.
٤- دژواتا:
- لە دەقەکەدا لێکسیمەکانی (کۆنXئێستا، هەندێکXزۆرێک، چۆڵکردنXڕووتێکردن) لە جۆری دژواتان و ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.
٥- هاوڕێیەتی:
لێکسیمەکانی (کەڵەشێر قوقاندن، سەربڕین) (کورتە-بەسەرهات، سەردەم-کۆن، سوپا-داگیرکەر، داگیرکەر+هێرشکردن) (نەبڕین-باو، گۆشت-خواردن، ناوەڕاست-قەزا، وێنە-پەیکەر، دانیشتوان-ماوەت) پێکەوە هاوڕێیەتییان لە دەقەکەدا دروستکردووە.

# بەشی سێیەم

## ٣- بەستەرەکانی دەقی کارگێڕی لە زمانی کوردیدا

### ٣-١ سەرەتا

ئەم بەشە بۆ (بەستەرەکانی دەقی کارگێڕی لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، بە مەبەستی دیاریکردن و خستنەڕووی جۆری بەستەرەکانی ناو دەقی کارگێڕییە لە ڕوانگەی ڕێزمانی ئەرکییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕاستەوخۆ پشت بە مێتا ئەرکیی دەقییانە لای هالیدەی بەستراوە. گرنگیی ئەم بەشە لەوەدایە، کە بەستەرەکانی دەقی کارگێڕی، هەوێن و بەرهەمهێنەری دەقن، کە لە ئەزموون و جیهانبینیی قسەکەر،یان نوسەر بۆ دەق سەرچاوەدەگرێت. لەم بەشەشدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە و لە تێڕوانین و شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیشدا پشت بە زاراوە و چەمک و تیۆری سیستمی پێکەوەبەستن لە مێتا ئەرکی دەقیانە لای هالیدەی لە ڕێزمانی ئەرکیدا بەستراوە. دەقی کارگێڕی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی دەق لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا بۆ داتای لێکۆڵینەوەکە وەرگیراوە، کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە گۆڕینی بیری زمان بۆ دەقی کارگێڕیی نووسراو دەکات، واتە ئەرکی دەقییانەی زمان بەجێدەهێنێت. بۆ نموونەی دەقی کارگێڕیش کۆمەڵێک فەرمانی کارگێڕی کە ژمارەیان (٢١) فەرمانە، کە لە فەرمانە کارگێڕییەکانی (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکان) بۆ بواری پراکتیزەکردن و شیکردنەوەکان هەڵبژێردراون.

### ٣-٢ جیاوازی دەق و نادەق لە ڕوانگەی دەقی کارگێڕییەوە

ئامانج لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی مێتا ئەرکی دەقییانە بۆ ئەو ڕەهەندە جیاوازانە دەگەڕێتەوە، کە شیکردنەوەی دەقی کارگێڕی پێ ئەنجامدەدرێت، جیاواز لەو بنەما مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و ڕێزمانییانەی، کە دەقی پێ شیدەکرێتەوە.

بە مەبەستی تیشکخستنەسەر گریمانە و ڕۆڵ و گرنگیی بەستەرەکانی دەق بەپێی تیۆری مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکیی هالیدەی، بە پێویستی دەزانین بەوردی سەرنجی نموونەکانی (١-أ،ب) و (٢-أ،ب) بدەین و پاشان بەراوردیانبکەین:

١- أ- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆ دەکات، لە بەرامبەر راپەراندنی کارەکانیان بە شێوەیەکی رێکوپێک و دڵسۆزانە، کە بە لەخۆبردوویی و خۆراگرانە، لە قەیرانەکاندا بەردەوامبوون و بە دڵسۆزی کاریانکرد، لە پێناو بەردەوامبوونی پرۆسەی خوێندن و زانست لە زانکۆی سلێمانی، دەستخۆشیان لێدەکەین و ئومێدی سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ دەخوازین.


ب- پێشنیاردەکەین، سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەست بە کچان و کورانەوە دەوامیان لە شەودا بێت بەبێ جیاوازیکردن، چونکە لە سەرەتای گرێبەست کردنیان بۆ دەوامی شەو گرێبەست کراون.

٢- أ- سەرۆکایەتی زانکۆ سلێمانی، سوپاس پێزانین ئاراستە سەرجەم مامۆستا فەرمانبەران زانکۆ دەکات، راپەراندن کارەکان بە شێوەیەک رێک پێک دڵسۆزان خۆبردوو خۆراگران قەیران بەردەوامبوون دڵسۆز کار کرد، پێناو بەردەوامبوون پرۆسە خوێندن زانست زانکۆ سلێمانی، دەسخۆش دەکەین ئومێد سەرکەوتن بەردەوام دەخوازین

ب- پێشنیار دەکەین، سەرجەم فەرمانبەر گرێبەست کچ کور دەوام شەو جیاواز کردن، سەرەتا گرێبەست کردن دەوام شەو گرێبەست کراو.

ئەگەر سەرنجبدەینە هەردوو دەقی (١ أ،ب) و (٢ أ،ب)، بۆمان دەردەکەوێت کە لە رووی رێزمان و ئەرک و رستەسازییەوە تەواون و لەیەکدەچن، بەڵام لە (١-أ،ب)دا بەهۆی بەستەرەکانەوە دەق بەرهەمهاتووە، بەڵام لە (٢-أ،ب)دا لەبەرئەوەی بەستەرەکانی ناو دەقی تێدا نییە، دەق بەرهەمنەهاتووە، واتە دیارترین جیاوازی لە بەرهەمهێنانی دەق لە (١-أ،ب) و بەرهەمنەهاتنی دەق لە (٢-أ،ب)دا، بەستەرەکانی دەقن، کە لە یەکەمیاندا بوونیان هەیە و بوونەتە هەوێنی بەرهەمهاتنی دەق و لە دووەمیاندا بوونیان نییە و دەقیان لێ بەرهەمنەهاتووە، کە ئەمەش راستەوخۆ لەگەڵ مۆدێل و بۆچوونەکانی هالیدەیدا یەکدەگرێتەوە لەسەر رۆڵی بەستەرەکانی دەق لە بەرهەمهێنانی دەقدا.

بۆ رونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە شێوەی ژمارە ١:




شێوەی ژمارە ١-لە هاڵیدەی (١٩٨٥،١٩٧٦) وەرگیراوە

بەپێی ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانە بەو پرسیارانە دەگەین، کە ئایا بەستەرەکانی ناو دەقی کارگێڕی چین؟ جۆرەکانی کامانەن؟ چۆن ڕۆڵ لە پێکەوەبەستنی دەقدا دەبینن؟ تاکو تایبەتمەندیی دەقییانە بە دەق ببەخشن و بە فەرامۆشکردنیشیان لە دەقێتی بخەن.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە سیستەمی پێکەوەبەستن، لە مێتا ئەرکی دەقییانەی زمانەوانیی ئەرکیی هاڵیدەی، وەڵامی ئەم گریمانە و پرسیارانە بدەینەوە.

## ٣-٣ میتا ئەرکی دەقییانە

هالیدەی لە کتێبی **سەرەتایەک بۆ ڕێزمانی ئەرکی** "An Introduction to Functional Grammar" سالی ١٩٨٥.

چەمکێکی نوێی بۆ میتا ئەرکی دەقییانە دۆزیوەتەوە، کە تەواو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بە چەمکە باوەکە داوە، چەمکی هالیدەی بۆ دەق بە جۆرێکە، کە (سێ) میتا ئەرکی بۆ زمان دیاریکردووە

١- ئەرکی بیرییانە - (Ideational)

٢- ئەرکی پەیوەندیی نێوان کەسەکان – (Interpersonal)

٣- ئەرکی دەقییانە – (Textual)

مەبەست لە میتا ئەرکی دەقییانەی زمان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، ئەوەیە کە چۆن زمان بۆ شرۆڤەکردن و گۆڕینی زمان بۆ دەقی کارگێڕی بەکاردەهێنرێت.

هالیدەی چەمکی دەق لە ڕوی تیۆرییەوە ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە زاراوەی پێکەوەبەستنەوە، کە پەیوەندیی ناوەکیی نێوان بەشەکانی دەقە، واتە ئەگەر دەقێک پێکەوەبەستنی تێدابوو، ئەوا دەقە و بە پێچەوانەشەوە پێکەوەبەستنی تێدا نەبوو، ئەوا دەبێتە نادەق. (Halliday,1985: 288)

## ٣-٤ بەستەرەکانی دەق

بەستەرەکانی ناو دەق، ئەو وشە و فرێز و پێکهاتانەن، کە پەیوەندیی نێوان دوو پەرەگراف، یان بەشەکانی دەقێکی نووسراو، یان گوتراو پیشاندەدەن، یان بۆ ئەو پەیوەندییە واتاییەی، کە لە نێو دەقدایە، بەکاردێت، بەستەرەکان دروستکەری ئەو پەیوەندییەن. ئەم پەیوەندییەش خۆی لە خۆیدا دروستکەری دەقە، واتە بەبێ بوونی ئەم پەیوەندییە گوتن، یان نوسین ناچێتە خانەی دەقەوە، وەک هالیدەی دەڵێت: (پەیوەندیی پێکەوەبەستن لەو بابەتانەدا زۆر ڕوونتر بەدیاردەکەوێت، کاتێک کە لە لێکدانەوەی یەکێک لە دانەکان پەنا بۆ دانەیەکی تر دەبرێت، بەبێ بوونی دانەیەکی دووەمیش لێکدانەوەکە مەحاڵ دەبێت. زۆر لە دانەکان لە سەرەتادا گریمانەی ئەوە

دەدەن، کە دانەی دووەم بوونی هەیە، کاتێک بۆ ئەم گەڕانەوەیەش بۆ دانەی دووەم دروستدەبێت دەبێتە هۆی دامەزراندنی پەیوەندیی بەیەکەوەبەستن). (Halliday & Hassan,1976:9) بەمەش بەستەرەکان ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی واتای دەقدا دەبینن. بڕوانە نموونەی (٣ أ،ب،پ)

٣. أ- بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە ناویان هاوپێچ کراوە.

ب- بۆ ئەو فەرمانبەرە بەڕێزانەی کە ناویان هاوپێچ کراوە.

پ- بۆ ئەو خوێندکارە بەڕێزانەی کە ناویان هاوپێچ کراوە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی دانەی (یان) لە دەقەکاندا بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە واتا و مەبەستیان بەپێی (أ،ب،پ) جیاوازە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە (أ)دا مەبەست لە مامۆستایان و لە (ب)دا لە فەرمانبەران و لە (پ)دا لە خوێندکاران، ئەمەش بەهۆی بەستەری (یان)ـەوە، سازبووە، کە بە چ دانەیەکی پێشترەوە بەستراوەتەوە، چونکە (پێکەوەبەستن پشت بە دوو ڕەگەزی گرنگ دەبەستێت، ئەوانیش وادانان و وادانراون، لەو کاتەدا دەنوێنرێت، کە لێکدانەوەی هەندێک ڕەگەز لە دانەی (وادانراو) پشت بە لێکدانەوەی یەکێکی تر (وادانان) دەبەستێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ناتوانرێت، لە واتا و مەبەستی ڕەگەزەکە بگەین، مەگەر بە گەڕانەوە نەبێت بۆ دانەکەی تر،ئەم پەیوەندییەی نێوانیشیان بە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراو ناودەبرێت. (Halliday & Hassan,1976:34).

بەستەرەکانی ناو دەق بە تایبەتی لە دەقی کارگێڕیدا وەک: (بۆ نموونە، لەگەڵ ئەوەدا، لە ئەنجامدا، هاوپێچ لەگەڵ نووسراودا، ئاماژە بە، دوابەدوای، کەچی، لە کاتێکدا، بە مەبەستی، بەڵکو، ش، یان، کە، بەڵام، ئەگەر، ئەگینا، بۆیە، لەبەر ئەوەی، مەگەر، وەک، ئەوسا، تەنانەت، بەم پێیە، هەرچەندە، بۆ ئەوەی، تا، بڕیادرابە،

پشتبەست بە...هتد)، لەگەڵ جۆرەکانی تری بەستەری ڕێزمانیی و لێکسیکیی، ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو لە بەستنەوەی دەقی کارگێڕیدا دەگێڕن.

## ٣-٥ دەقی کارگێڕی

مەبەست لە دەقی کارگێڕی، جۆرێکی دەقە لە نووسینەوەی کارگێڕیی پرۆسەی بونیاتنان، یان نوسینەوەی نێردراو و بەڵگەی ناو دەقە کارگێڕییە جۆراوجۆرەکانە، بەپێی داڕشتن و سیفاتە تایبەتییەکان وەڵامی پێداویستییە سەرچاوە گرتووەکان دەداتەوە لە سروشتی چالاکییە کارگێڕی و جۆری پەیوەندییەکان لەنێوان یەکەکان و ئاستە کارگێڕییە جیاوازەکاندا، هەروەها پەیوەندییەکانی ئەوانیش بە بەکارهێنەرە دەرەکییەکانەوە، ئەم بەڵگەنامە و نووسراوانە بەردەوام لە جۆراوجۆریێتی و زیادبووندان، کە بە ڕادەیەک هەموویان پێکەوە بەپێی بەکارهێنانی لایەنە کارگێڕییە پەیوەندیدارەکان جۆرەکانییان دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنانی فراوان هەیە، لە زۆرێک لە یەکە کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکاندا وەک (نووسراوە جۆراوجۆرەکان، ڕاپۆرتەکان، کۆنووسەکان)، هەموو ئەم نووسراوانە خۆی لە تایبەتمەندیی هاوبەشدا دەبینێتەوە، کە پشتدەبەستێت بە داڕشتن و شێوازێکی دیاریکراو، گوزارشت لەم داڕشتنە دەکات بە شێوازێکی کارگێڕی. ئەم شێوازەش بە سیفاتێکی تایبەتمەند دەناسرێتەوە بە ئامانجی بەدیهێنانی کۆمەڵێک مەبەستی بنەڕەتیی وەک: (وردیی، ڕوونی، ئەبستراکبوون، بابەتیبوون، ڕەواییبوون....هتد). (بدر، ٢٠٢٠: ٥).

## ٣-٦ پێکەوەبەستن لە دەقی کارگێڕیدا

پێکەوەبەستن واتە دەقێکی پێکەوەبەستراو، کە ڕستەکانی بەیەکەوە دەبەستێت بە شێوازێکی ڕێزمانی و واتایی، ئەم تایبەتمەندییە واتاییەی پێکەوەبەستن، پەیوەندی هەیە لەگەڵ خوێنەر، واتە (پێکەوەبەستن ئەو پەیوەندییە واتاییەیە، کە لە نێوان دەقدا بەرقەرارە، کە ئەم پەیوەندییەش خۆی لەخۆیدا دروستکەری دەقە، بە بێ بوونی ئەم پەیوەندییە، گوتن یان نوسین ناچێتە خانەی دەقەوە). (تۆفیق،٢٠٠٢:٣١).
پێکەوەبەستن ئەرکی پێکەوەبەستنی پێکهاتەو بەشەکانی دەقێک دەبینێت تاکو وەک دەقێکی یەکگرتوو بەرهەمیبهێنێت، واتە چۆن و بە چ شێوەیەک ڕستەیەک لەگەڵ ڕستەیەکی تردا پێکەوەدەبەسترێن، تا دەبێتە پەرەگراف؟، هەروەها چۆن و بە چ شێوەیەک پەرەگرافێک لەگەڵ پەرەگرافێکی تردا پێکەوەدەبەسترێن؟، هاڵیدەی و


حەسەن دەق پێناسەدەکەن، وەک (هەموویەکی یەکگرتوو، کە هەرچۆنێک بێت کورت یان درێژ، یەکەیەکی دروستەیی نییە، بەڵکوو یەکەیەکی واتاییەو لە ڕستە پێکنایەت، بەڵکو لە ڕێگای ڕستەوە دەنوێنرێت). (Halliday &Hassan, 1976:10,2)، ئەمەش وادەکات دەقێکی گونجاو، کە دروستەی لۆژیکیی نادیاری هەیە ئاراستەی گوێگر، یان خوێنەر بکات، بۆئەوەی دەقەکە، وەک یەک یەکە سەیربکات. (Hatch,1992:209)، بە ئەنجامدانی پێکەوەبەستن لە دەقدا پێکەوەگونجاندن دێتەکایەوە، (پێکەوەگونجاندنیش پشت بەو زنجیرە واتا بەخشانە دەبەستێت، کە لە ناویاندا ڕستەکان ڕیکخراون، ئەوەی گوتراوە لەهەر بەشێکی دەقەکە، وادادەنرێت لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت و لەناو خۆیاندا پێکەوەگونجاوبن). (Nuttall,1982:16)، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە چەند خاڵێکدا جیاوازیی نێوان پێکەوەبەستن و پێکەوەگونجاندن بخەینەڕوو:

١- پێکەوەبەستن، زیاتر جەختدەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی لێکسیک لە ڕستەو ڕێزماندا لە بەرهەمهێنان و نواندنی ڕستەدا، بەڵام پێکەوەگونجاندن، بە زۆری لە لۆژیک و هەماهەنگیی ڕێکخستنەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

٢- پێکەوەبەستن بۆ خستنەڕووی ئەوە کاردەکات، کە چۆن پارچەکان کۆ دەکرێنەوە و بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ نواندن، بەڵام پێکەوەگونجاندن بۆ بەدەستهێنانی واتا و مەبەست و تێگەشتن لە ناوەڕۆک کاردەکات، کە زیاتر بە دوای تەرزە کۆکراوەکاندا دەگەڕێت، پێکەوەبەستن نواندنی زمانەوانیی پەیوەندیی واتایی (سیمانتیکی) و کرداری بە واتای (پراگماتیکی)یە، لە نێوان کلۆز و ڕستەکانی دەقدا دەکات. (Quirk etal,1985:1423).

### ٣-٦-١ جۆرەکانی پێکەوەبەستن

بە پێی مۆدێلی هەڵبژێردراوی پێکەوەبەستنی هاڵیدەی (١٩٨٥)، پێکەوەبەستن بۆ دوو جۆری سەرەکی (ڕێزمانی و لێکسیکی) دابەشدەبێت، کە هەر یەکێک لەمانە بۆ چەند بەشە جۆرێک دابەشدەبن، بڕوانە شێوەی ژمارە (٢):





شێوەی ژمارە (٢)

پێکەوەبەستنی ڕێزمانی و لێکسیکی بریتییە لە تۆڕێک پەیوەندیی لێکسیکی و ڕێزمانی و واتایی، کە بە بەردەوامی بەشەکانی دەق پێکەوەدەبەستێت و وەک یەکەیەکی یەکگرتووی ڕستراو خۆیدەنوێنێت. (Richard etal, 1985:45)

## ٣-٦-١-١ پێکەوەبەستنی ڕێزمانی

کۆمەڵە ڕێگایەک هەن، ڕۆڵی گرنگ لە پێکەوەبەستن و پتەویی دەقدا دەبینن، بە ڕێگاکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی ناسراون، بریتین لە (ئاماژەکردن، لەبریدانان، لابردن،بەستن) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی، بڕوانە شێوەی (٣)





شێوەی ژمارە ٣- هالیدەی ١٩٨٥

### ٣-٦-١-١-١ ئاماژەکردن

ئاماژەکردن بە یەکێک لە ڕێگاکانی بەستنەوەی بەشەکانی دەق بەیەکەوە دادەنرێت، کە لە کردەی پێکەوەبەستن و پتەویی دەقدا گرنگی خۆیان دەبێت (قادر ٢٠٠٩: ٩٧).

فۆرمەکانی ئاماژە جۆری زۆرە، بەڵام ئێمە تەنها باس لە ئاماژەکانی ناو دەق دەکەین، کە ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە، بۆ دانەکانی ناو دەق دەگەڕێنەوە، واتە ئاماژەکردنەکە لە ناو دەقدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە دەرەوەی دەق نییە. ( Halliday & Hasan 1976: 37)، کە ئەمەش بۆ دوو جۆری (ئاماژەکردنی پێشەوە و ئاماژەکردنی دواوە) دابەشدەبێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی فۆرمەکانی ئاماژە، بڕوانە شێوەی (٤)



شێوەی (٤)

### أ- ئاماژەکردنی پێشەوە

ئەم جۆرە ئاماژەکردنە، ئاماژە بۆ دانەیەکی پێش خۆی دەکات، کە لە ڕستەکانی پێشوودا دانە ئاماژەبۆکراوەکە بەدیدەکرێت، ئاماژەی پێشەوە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، کە جگە لە مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نیشانە،...هتد) هەموو جێناوە کەسییەکانیش دەگرێتەوە. (تۆفیق ٢٠٠٢: ٤٨)

بڕوانە نموونەی (٤)، کە لە دەقی کارگێڕیی بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانییدا بە ژمارە ٣٨٤ی ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٣دا هاتووە.

٤- هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا ،یاداشتی فەرمانبەر (تەها عەبدولڕەحمان سۆفی) بە ناونیشانی (ی.تێبینەر) فەرمانبەرە لە بەڕێوبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی کەمپی نوێ، ناوبراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٢ لە بەڕێوبەرایەتیمان دەستی لە کارترازاند.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٤)، دەبینین وشەی (ناوبراو) لە دەقە کارگێڕییەکەدا ئاماژەیە بۆ دانە ئاماژەبۆکراوەکەی پێش خۆی، کە (تەها عەبدولڕەحمان سۆفی)یە دەکات، وەک بەستەرێکی ڕێزمانی لە جۆری ئاماژەکردنی پێشەوە، ڕۆڵی لە بەستنەوەی دەقەکەدا بینیوە، بووەتە هەوێنی پێکهێنانی دەقەکە.

### ب- ئاماژەکردنی دواوە

ئەم جۆرە ئاماژەکردنە، بە پێچەوانەی ئاماژەکردنی پێشەوەیە، ئاماژە بۆ دانەیەک دەکات، کە لە دوای خۆیەوە دێت.(Halliday& Hasan 1976:17). بەزۆری لە دەقی کارگێڕیدا ئەم وشە و دەربڕینانە بۆ دەقە ئاماژەی دواوە بەکاردێت:

(لەم نموونانەی خوارەوە، سەیری بەشی داهاتوو بکە، کە بریتییە لە.....هتد).

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (٥)، کە لە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە ١٢٩٨ی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیدا هاتووە:

٥- ئاماژە بە یاداشتی بەڕێز سەرۆکی بەشی کوردی لە کۆلێژمان، هەروەها پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیار درا بە: پێکهێنانی لیژنەی سیمینار بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی بەڕێز (پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن)، کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەیی زانستی پێشکەشی کردووە لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە:

- پ.د کاروان عومەر قادر سەرۆکی لیژنە
- پ.ی.د شاخەوان جەلال حاجی فەرەج ئەندام
- پ.ی.د محمد عمر عول ئەندام

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٥) بدەین، دەبینین وشە و دەربڕینەکانی (بڕیاردرا بە، لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە) لە جۆری ئاماژەی دواوەن، کە ئاماژەیانکردووە بۆ دانەیەکی دوای خۆیان، کە بریتییە لە (پێکهێنانی لیژنەی سیمینار) لەگەڵ ناوی ئەو بەڕێزانەی وەک سەرۆک و ئەندامی لیژنە، دانراون و دواتر ناویان هاتووە، لێرەدا دەبینین وشەو دەربڕینەکان لەم دەقەدا ئاماژە بە دانەکانی دوای خۆیان دەکەن، دەقەکەیان بەستووەتەوە و وەک بەستەرێک واتا و ڕوونکردنەوەی تەواو بە دەقەکە دەبەخشن، ئەگەر ئەو وشە و دەربڕینانەی، کە ئاماژە بە دانەکانی دوای خۆیان دەکەن لە دەقەکە لاببرێت، ئەوا دەقەکە واتا و مانای تێگەشتن بەدەستەوەنادات.

### ٣-٦-١-١-٢ لەبریدانان

لەبریدانان بریتییە لە جێگرتنەوەی پێکهاتەیەکی زمانی لەبری پێکهاتەیەکی تری زمانی لە چوارچێوەی دەقدا.(Halliday&Hasan,1976:7). واتە (لەبریدانان پەیوەندییەکی پێکهاتەییە (ڕێزمانی)یە نەک واتایی، مەبەست لەو مۆرفیم و بەستەرانەی ناو دەقە، کە پێکهاتەیەکی تر لەبری پێکهاتە سەرەکییەکە لە ڕستەکانی دواتردا بەکاردێت، بەڵام هەمان واتا و ئەرکی ڕێزمانییان هەیە تەنها لە فۆرمدا جیاوازن، واتە پێکهاتە لەبریدانراوەکە پێویستە هەر هەبێت). (محمد ئەمین، ٢٠١٥:١١٠)، ئەمەش جۆرێکی ترە لە

پەیوەندیی پێکەوەبەستنی ناو دەق، ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای ڕێزمانی بەرهەمدەهێنرێت، لە نێوان دوو پێکهاتەی دەقێکدا بەدیدەکرێت، کە دەتوانین بڵێین لەبریدانان ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١. هەردوو پێکهاتەکە واتە پێکهاتە بنچییەکە و ئەو پێکهاتەیەی لەبری بەکارهاتووە، سەر بە یەک پۆلی ڕێزمانین، ئەگەر پێکهاتە بنچییەکە ناو بێت، ئەوا لەبریدانراوەکەش دەبێت ناو بێت، یان جێناو بێت، یان لە پۆلی ناویدا بێت، ئەگەر پێکهاتە بنچییەکە ئەدڤێربڵ بێت، ئەوا لەبریدانراوەکەش دەبێت ئەدڤێربڵ بێت، وەک:

٦- لەو فەرمانبەرانەی لە ژورەکەدان یەکێکیانم بۆ بنێرە.

لە نموونەی(٦)دا وشەی (یەکێکیان) لەبری وشەی فەرمانبەران دانراوە، کە وشە لەبریدانراوەکە وشەکانی ناو ڕستەکەی بەیەکەوە بەستووەتەوە و لەسەرەتادا وشەی فەرمانبەران وەک دانە بنچییەکە هاتووە، لەبەرئەوەی دانە بنچییەکە (ناو)ە، لەبریدانراوەکەش ڕۆڵی (ناو)ێک دەبینێت.

٢. بەزۆری وشەی لەبریدانراو لە وشە بنچییەکە کورتترە، وەک:

٧- لە ژێر سێبەری دارەکەدا..................لەوێدا.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٧)، دەبینین دانە بنچییەکە، کە بریتییە لە فرێزی (لە ژێر سێبەری دارەکەدا)، درێژترە لە دانە لەبریدانراوەکە، کە وشەی (لەوێدا)یە.

٣. لە لەبریداناندا هەمیشە وشە بنچییەکە دەکەوێتە پێش وشە لەبریدانراوەکەوە، واتە وشە لەبریدانراوەکە لە شێوەی ئاماژە بۆ پێشەوە خۆی دەنوێنێت، بەڵام پەیوەندییەکی ڕێزمانی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، وەک لە دەقی کارگێڕیی ژمارە ٣٥٢ی بەڕێوەبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێدا هاتووە، بڕوانە (٨)

٨- داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە پشتگیری کردنی فەرمانبەر (چرۆ محمد امین)، بە ناونیشانی (پیشەیی دووەم)، کە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، لەسەر داوای خۆی ئەم پشتگیرییەی بۆ کرا بۆ فەرمانگەی داد نوسی سلێمانی.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٨)، دەبینین ناوی فەرمانبەر (چرۆ محمد امین) وەک دەربڕراوە بنجییەکە دەردەکەوێت، کە لە ڕستەی دواتردا وشەی (خۆی) لەبری ناوەکە دانراو، ئەمەش جۆرە بەیەکەوە بەستنەوەیەکی لە نێو دەقەکەدا پێکهێناوە، لەبەرئەوەی دەربڕراوە بنچینەییەکە (ناو)ە، لەبەرئەوە وشەی (خۆی) لەبری (ناو)ەکە دانراوە، جێی ئاماژەیە لەبریدانانی (ناوی) لە هەموو جۆرەکانی تر باوترە و بەڕێژەیەکی زۆر فراوان لە هەردوو شێوازی قسەکردن و شێوازی نوسیندا دەبینرێت.

### ٣-٦-١-١-٣ لابردن

کردەیەکە لەناو دەقدا ڕوودەدات هەروەک (لەبریدانان) وایە، بەڵام هیچ پێکهاتەیەک لە جیاتی دانە لابراوەکە نایەت، واتە پێکهاتە سەرەکییەکە لە شوێنێکی تری ڕستەکە، یان دەقەکەدا پێکهاتەیەکی تری لە شوێن دانانرێت، بەڵکوو لادەبرێت. (عەلی،١٩٩٢:٤٦). واتە لابردن بریتییە لە لابردنی شتێک و نەگوتنی، بێئەوەی نەگوتنی ئەو شتە ببێتە هۆی دروستبوونی تەمومژی واتایی. (هاڵیدەی) بەم شێوەیە پێناسەی لابردن دەکات و دەڵێت (شتێک بەبێ ئەوەی بگوترێ و لێتێبگەیت بەمانای لابردن دێت) (Halliday&hasan,1976:144)، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە کردەیەکە بۆ کەمکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستە و بەستنەوەی بە ڕستەی ترەوە بە جۆرێک، کە یەکەیەکی واتایی دێنێتەناو دەقەوە.

جیاوازیی کردەی لابردن لەگەڵ لەبریدانان ئەوەیە، کە کردەی لابردنەکە لەسەرەتای دەقدا ڕوو نادات، بەڵکو لە ڕستەکانی دواتردا بەدیدەکرێت، هەندێک جاریش لەوانەیە لە لابردنی کاریدا بەپێچەوانەوە ڕوودبدات واتە کارە لابراوەکە لە ڕستەی سەرەتادا بێت و کارە بنجییەکە بکەوێتە دوای ئەوەوە. (عەلی،١٩٩٢ :٥٤).

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٩)ی فەرمانی کارگێڕیی ژمارە ٢١٢٩ی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی بدەین:

٩- کۆلێژی زمان

نوسینگەی ڕاگر

بابەت/ پێکهێنانی لیژنە

ئاماژە بە یاداشتی بەڕێز سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژمان وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیار درا بە:

پێکهێنانی ئەنجومەنی زانستی بەشی کوردی کۆلێژمان بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە:

ئەگەر سەرنجی نموونەی (٩) بدەین، دەبینین لە فەرمانە کارگێڕییەکەدا، لە سەرەتادا (کۆلێژی زمان) هاتووە، بەڵام لە دەقەکەدا لە دوو شوێندا لابراوە وەک (بەڕێز سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژمان، ئەنجومەنی زانستی بەشی کوردی کۆلێژمان)، ئەگەر کردەی لابردن نەبوایە، دەبوو لە هەردوو شوێنەکەدا وشەی (زمان) دووبارەببوایەتەوە، واتە بنووسرایە (بەڕێز سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژی زمان، ئەنجومەنی زانستی بەشی کوردی کۆلێژی زمان)، بۆیە دەبینین کردەی لابردن، جگە لەوەی هۆکاری بەستنەوەی نێو دەقە، لەگەڵ ئەوەشدا کردەیەکە بۆ کەمکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستە بەبێئەوەی کار لە واتای دەقەکە بکات کردەی تێنەگەشتن بێنێتەئاراوە، خوێنەر، یان گوێگر ڕاستەوخۆ دەزانێت و دەتوانێت لە ڕستەکانی پێشوودا ئەو دانەیە بدۆزێتەوە ،کە لەڕستەکانی دواتردا لابراوە.

### ٣-٦-١-١-٤ بەستن

دوا جۆری پێکەوەبەستنی ڕێزمانیی مۆرفیمەکانی بەستنە، بەهۆی چەند مۆرفیمێکی تایبەتییەوە هەندێک ڕستەی ناو دەق بەیەکتر دەبەسترێنەوە و پەیوەندییەکی ڕێزمانیی و واتایی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، ئەم مۆرفیمانەش لە کوردیدا ژمارەیان زۆرە و لە سەرچاوە ڕێزمانییەکانیشدا لێیان کۆڵراوەتەوە، وەک: (ئەگەر، بەڵام، یان، کەچی، کە، و، چونکە، بۆیە، بەڵکوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا، ئیتر، وەک،...هتد). (عەلی،١٩٩٢ :١٣). بە واتایەکی تر، (هەر کاتێک دوو ڕستە، یان زیاتر لەگەڵ یەک دابنرێن و پەیوەندی واتایی نێوانیان بە هۆی مۆرفیمێکەوە، یان وشەیەکەوە، یان بەبێ مۆرفیم دیاربێت بەوەی هاوشانی یەکترن و یەکێکیان بەشێک نییە لەوەی تر، ئەوا بەستن دێتە ئاراوە). (فەرهادی،٢٠٠٨: ١٩٢). هەرچەندە

ناكرێت جۆرەكانی بەستن لەسەر بنەمای جۆر و ئەرك و واتای ئەم بەستەرانە دیاریبکەین و پۆلیانبکەین، لەبەرئەوەی دیاریکردنی جۆرەکانی بەستن دیاردەیەکی واتاییە، هەوڵدەدەین لەم بەشەدا لەسەر بنەمای واتای بەستنەکان باس لە ئەرکی هەندێک بەستەر بکەین، بەسوودوەرگرتن و پشتبەستن بە پۆلێنەکەی هاڵیدەی تاکو بتوانین هێڵێکی جیاکەرەوەی وردتر لەنێوان جۆرەکانیدا بخەینەڕوو، ئەمیش بەم شێوەیە:

١. بەستنی لێکدان.

٢. بەستنی پێچەوانە.

٣. بەستنی هۆیی.

٤. بەستنی کاتیی. (تۆفیق، ٢٠٠٢ : ٢١٣).

## ١. بەستنی لێکدان

ئەم جۆرە بەستنە بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی بەستەرەکانی (و، لەگەڵ، بە، بۆ....هتد) دروستدەبێت، ئەمانە بەزۆری لە چوارچێوەی ڕستەی لێکدراودا کار دەکەن، هەروەها ئەو ڕستە ئاڵۆزانەش دەگرێتەوە کە پارستەکانیان سەنگی خۆیان هەیە، وەک: (پەیوەندیی، وردەکاریی، درێژکردنەوە). (عەلی، ١٩٩٢: ٢٩).

ئەگەر سەنجبدەینە نموونەی (١٠)ی فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٤١٢٩ی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی، تێیدا هاتووە:

١٠- پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە، بڕیارمان دا بە:-

ڕاگەیاندنی ناوی سەرجەم ئەو فێرخوازانەی کە بەشدار بوون لە تاقیکردنەوەی خولی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستی ناوەند و باڵا لەگەڵ ناوی دەرچوان و دەرنەچوان، کە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٦دا لەلایەن بەڕێوبەرایەتی سەنتەری زمانەوە ئەنجام دراوە.

ئەگەر بڕوانینە نموونەی (١٠)، دەبینین بەستەرەکانی (و، کە، بە، لە، بۆ، لەگەڵ) لە جۆری بەستنی لێکدانن. ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە بەستنەوەی دەقەکەدا و ئەم بەستەرانە زیاتر ڕۆڵیان لە بەستنەوەی ئەو ڕستانەدا هەیە، کە هاوشانی یەکترن.

## ٢. بەستنی پێچەوانە

مەبەست لە بەستنی پێچەوانە ئەوەیە، کە پێچەوانەی پێشبینیکردنەکەیە، ئەم پێشبینییەش لە ڕستە سەرەکییەکە وەردەگیرێت. (Halliday&hasan,1976:250)

بڕوانە نموونەی (١١) لە فەرمانی کارگێڕیی ٣٤٢ی بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی.

١١- فەرمانبەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، هەر فەرمانبەرێک بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕگانەی ئاماژەی پێدراوە، بە پێچەوانەوە هەر کەم تەرخەمییەک لە جێبەجێ کردنی بڕگەکاندا، بە بێ هۆکاری پێویست ڕووبەڕووی سزای یاسایی و کارگێڕی دەبنەوە.

لە نموونەی سەرەوەدا وشەی (پێچەوانە)، کە وەک بەستەر لە جۆری بەستنی پێچەوانەیی ڕۆڵی بینیوە لە بەستنەوەی ڕستەکانی دەقەکە بەیەکەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست و تێگەشتن لە واتای دەقەکە دەدات بەدەستەوە.

## ٣. بەستنی هۆیی

ئەو پەیوەندییە واتایی و لۆجیکییەیە، کە لە نێوان دوو ڕستە، یان زیاتر بەرهەمدێت، کە یەکێکیان دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەوی تر، هالیدەی پەیوەندییەکانی مەبەست و مەرجی و ئەنجامیش لە چوارچێوەی پەیوەندی بەستنی هۆیی لێکدەداتەوە. (Halliday&hasan,1976:256) بەستنی هۆیی بە هۆی وشەکانی (چونکە، لەبەر ئەوە، بۆیە، نەوەکو، کە، بەڵکو، بەلام، کەچی، ئەگینا، بە مەبەستی،...هتد)ەوە دەنوێنرێت.

بڕوانە نموونەی (١٢) لە نووسراوی کارگێڕیی ژمارە ٨٤٩٢ ی فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران، کە ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتییەکانی دەکات بریتییە لە:

١٢- داواکارین لە بەڕێزتان لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا لیستی ئامادە بوونی ئەلیکترۆنی فەرمانبەران (پەنجەمۆر) ئاڕاستەی فەرمانگەکەمان بکەن لەگەڵ لیستی ئامادە نەبوونی فەرمانبەران، بە مەبەستی بەدواداچوونی کارگێڕی و یاسایی.

لەم نموونەیەی سەرەوەدا وشەی (بەمەبەستی) ڕۆڵی بەستەری لە جۆری بەستنی هۆیی بینیوە، گەر سەرنجبدەین بەهۆی ئەم بەستەرەوە خوێنەر لە مەبەستی نووسراو تێدەگات، کە ناردنی لیستی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی فەرمانبەران بۆ ئەوەیە هەر فەرمانبەرێک ئەگەر ئامادەنەبێت، بە دوادوچونی یاسایی و کارگێڕی بۆ بکرێت، لێرەدا وشەی (بە مەبەستی) ئەگەر لە دەقەکە لاببرێت، ئەوا دەقەکە بۆ خوێنەر واتای تێگەشتنی تەواو نادات بەدەستەوە.

## ٤. بەستنی کات

ئەم جۆرە بەستنەش کاتی ڕودانی پارچەکانی دەق بە پێی کاتی ڕوودانی کارەکان نیشان دەدات، وەک وشەکانی (پاش ئەوە، تا، ئێستا، یەکەمجار....هتد). (توفیق، ٢٠٠٢: ٢٣٥) بڕوانە نموونەی (١٣)، کە لە دەقی کارگێڕیی ژمارە ٢١٥، کە ئاڕاستەی فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکارانی دەکات، کە ئەمەش نموونەی دەقەکەیە:


١٣- ئاماژە بە فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٨٩٢٦ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٤ تایبەت بە گواستنەوەی فەرمانبەر (هێمن عەبدوڵا سەعید) لە بەڕێوبەرایەتی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێ بۆ ناوەندی کوردستان، ناوبراو تا ئیستا سێ جار ئاگادار کراوەتەوە و دەست لە کارترازاندنی نەکردووە.

ئەگەر سەرنجبدەینە دەقی کارگێڕی لە نموونەی (١٣)دا، وشەی (تا ئێستا، سێ جار) ڕۆڵی بەستەریان بینیوە لە جۆری بەستنی کات لە دەقەکەدا، کە بە زنجیرە بەدوای یەکدا هاتوون لە دەقەکەدا، بە هۆی ئەم بەستەرانەوە خوێنەر لە واتای نووسراوەکە تێدەگات و دەزانێت چۆن وەڵامی نووسراو بداتەوە.

## ٣-٦-١-٢ پێکەوەبەستنی لێکسیکی

هاڵیدەی پێناسەی پێکەوەبەستنی لێکسیکی دەکات، وەک ئەو بەردەوامییەی، کە دروستدەبێت لە دەقێکدا لە ڕێگای بژاردەی وشەوە. (Halliday,1985:289)، مەبەست لەم جۆرە دوبارەکردنەوەی وشەیە لە دەقدا، واتە دوو دانە یان زیاتر لە چەند ڕستەیەکی جیاوازدا بەکارهاتبێت و بۆ یەک سەرچاوە بگەڕێتەوە، بە مەرجێک دانەکان دوبارە ببنەوە یان هاوواتا یان دژواتا بن، یان پەیوەندی گرتنەوە لە

نێوانیاندا هەبێت یان دوبارەکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکان بێت لە هەمان دەقدا. (تۆفیق، ٢٠٠٢: ٤٢). واتە پێکەوەبەستنی لێکسیکی یەکێکە لەو ڕێگایانەی، کە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی دەقێکی پتەودا، کە ئەمەش بەهۆی هەلبژاردنی وشەوە دەبێت، پێکەوەبەستنی لێکسیکیش چەند جۆرێکی هەیە کە بریتین لە: (دووبارەکردنەوە، هاوواتایی، دژواتایی، گرتنەوە...)، کە ئەمەش وا لە قسەکەر و نوسەر دەکات، کاری زیاتر بکەن و گشت ڕستەکان بە درێژایی هەموو دەقەکە بە یەکترەوە ببەستنەوە. (Gee,1999:154). هالیدەی (١٩٨٥) پێکەوەبەستنی لێکسیکی بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەکات، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری جۆرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی. بڕوانە شێوەی ژمارە (٥):




شێوەی (٥)

### ٣-٦-١-٢-١ دووبارەبوونەوە

دووبارەبوونەوە شێوەیەکی چالاکی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، کە دانەیەکی لێکسیکی لە دەقێکدا لە دوو شوێن، یان زیاتری جیاوازی هەمان دەقدا دووبارەدەبێتەوە، سەرچاوەکەی بۆ هەمان سەرچاوەی یەکەم دەگەڕێتەوە.

ئەگەر بڕوانینە نموونەی (١٤)، کە بریتییە لە دەقێکی فەرمانی زانکۆیی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی بە ژمارە ٩٨٢٨، تێیدا دەتوانین چەندین جۆر بەستنەوە دەستنیشانبکەین، بەلام تەنها لەم دەقەدا ئاماژەدەدەین بە لێکسیمە

دووبارەبووەکان، بەڵام لە دەقێکدا زۆر دووبارەبێتەوە دەبێتە هۆی زیان بۆ دەقەکە، بۆیە نووسەر دەبێت شارەزایانە بەکاری بهێنێت.

١٤- پشتبەست بە نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە ٨٥٩ لە (٢٠٢٠/١١/٢) تایبەت بە ئاڕاستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ گشت مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان. بڕیار درا بە: ئەژمارکردنی ئەم سوپاس و پێزانینە بە قیدەم بۆ سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەران بە مەبەستی پێشخستنی سەرە موچە و بەرزکردنەوەی موچە.

لە نموونەی سەرەوەدا وشەکانی (سوپاس و پێزانین، مامۆستا و فەرمانبەران، موچە) لە دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە، دووبارەبوونەوەی لێکسیمە گرنگەکان وەک بەستەرێکی لێکسیکی دەقەکەیان پێکەوە بەستووەتەوە، ڕۆڵی گرنگیان لە ڕوونکردنەوە و تێگەشتن لە واتای دەقەکە هەبووە، چونکە ئەگەر دووبارەبوونەوەی لێکسیمە گرنگەکان نەبوایە، هەرگیز پێکەوەبەستن و تێگەشتن لە واتای دەقەکە نەدەهاتەئاراوە. ئەوەی گرنگە زیاتر ڕوونبکرێتەوە، دووبارەبوونەوەی لێکسیمەکان چەند جارێک لە دەقێکدا بۆ هەمان مەبەست دەگەڕێتەوە، واتە لێکسیمەکانی (سوپاس و پێزانین، مامۆستا و فەرمانبەران، موچە) لە ڕستەکانی تری دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە، هەمان مەبەستی ڕستەی یەکەم دەگەیەنن، کە یەکەم جار لێکسیمەکانی تێدا بەکارهاتووە.

### ٣-٦-١-٢-٢ هاوواتا

هاوواتا، یان (نزیک واتا)، ئەو وشانەن، کە یەک واتا دەبەخشن، یان لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە خوێندنەوە و نوسیندا جیاوازن. (فەرهادی. ٢٠٠٨: ١٩٩).

کاتێک بە دوو وشە، یان چەند وشەیەک دەوترێت هاوواتا، کە بتوانین یەکێکیان لە شوێنی یەکێکی تریان دابنێین و هیچ گۆڕانێکیش لە واتای وتنەکەدا ڕوونەدات، پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین، لە هیچ زمانێکدا هاوواتای تەواو نییە، واتە ناتوانین دوو وشە بدۆزینەوە، لە هەموو شوێنەکانی گووتن یان نوسیندا جێگەی یەکتر بگرنەوە و هیچ گۆڕانێک لە واتای گوتنەکەدا هەستیپێنەکرێت. (سەفەوی، ٢٠٢٠: ٩٦)، هەر کۆمەڵێک لە وشەکانی زمان، کە لە فەرهەنگدا بە هاوواتا ناودەبرێن،

دەشێ لەسەر پێوانەی هاوتابوون و جۆری لێکچوون و جیاوازییان ڕێکبخرێن، ئەمەش وایکردووە پسپۆڕانی بواری زمان سەرەڕای ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا هەیە، چەند جۆرێک لە هاوواتا دیارییکەن، لێرەدا تیشکدەخەینەسەر سێ جۆر هاوواتا و لە نموونەی دەقی کارگێڕیدا شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدەدەین.

**٣-٦-١-٢-٢-١ هاوواتای تەواو**

ئەم جۆرە بەوە دەناسرێتەوە کە دوو وشە، یان زیاتر تەواو هاوتا بن لەگەڵ یەکتردا ، هەروەها قسە پێکەرانی زمانەکەش بەهیچ جۆریک هەست بە جیاوازی نێوانیان نەکەن ،بە ئازادانەش بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکدا ئاڵوگۆڕیان پێبکەن و لە جێگەی یەکتر بەکارییان بێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕویی دابەشبوون و واتای هۆشەکییەوە وەکیەکبن ، هەرچەندە ئەم جۆرە لە زماندا زۆر کەمە، ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت. (عەلی، ٢٠١٩: ٩١).

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (١٥)ی دەقی کارگێڕیی ژمارە ٤١١ ی بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، کە ئاڕاستەی بەرێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران کراوە:

١٥- بابەت/<u>گواستنەوە</u>ی خوێندکاران

بۆ زانیاری بەڕێزتان لە ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٩ پاس بۆ <u>هاتوچۆ</u>ی خوێندکارانی کۆلێژەکانی (پەروەردە زانستییەکان، زانستە ئیسلامییەکان، بازرگانی) دابین کراوە.

لە نموونەی (١٥)دا بۆمان دەردەکەوێت، وشەکانی (گواستنەوە، هاتوچۆ) وەک وشەی هاوواتای تەواو دەردەکەون لە دەقەکەدا، کە دەتوانرێت لە بری یەکتری دابنرێن، واتە دەتوانرا لە ڕستەی (بابەت/ گواستنەوە خوێندکاران)دا بنوسرێت (بابەت/ هاتوچۆی خوێندکاران) یان لە ڕستەی (بۆ هاتوچۆی خوێندکاران) دەتوانرێت بنوسرێت (بۆ گواستنەوەی خوێندکاران)، لێرەدا وەک بەستەرێکی هاوواتا ڕۆڵی بەستنەوەی دەقەکەیان بینیوە، بوونەتە هۆکاری فراوانبونی واتا لە دەقەکەدا.

### ٣-٦-١-٢-٢-٢ هاوواتای ناتەواو

ئەم جۆرە بەوە دەناسرێتەوە، کە هەندێک جار دوو وشە، یان زیاتر لە ڕووی واتاوە بە جۆرێک لەیەک نزیک دەبنەوە، کە نەتوانین بە ئاسانی جیاوازیی نێوانیان دیاریبکەین، لەبەر ئەوە وەک هاوواتا تەماشا دەکرێن و بەکار دەهێنرێن بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو جیاوازییە وردانە بین، کە لە نێوانییاندا هەیە. (عەلی،٢٠١٩ :٩١).

وەک لە نموونەی ژمارە (١٦)دا لە دەقی کارگێڕیی ژمارە ٣٥٠ی بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، تێیدا وشە هاوواتاکان ڕۆڵی بەستنەوەی دەقەکەیان بینیوە:

١٦- بابەت/دانانی فەرمانبەری هونەری

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان باڵەخانەکانی (BD٩,BD١٠) لە کوڕان و (GD١) و باڵەخانەی عەواڵ، کە تایبەتن بە کچان، چوار باڵەخانەی گەورەن، کە ساڵانە هەر باڵەخانەیەک زیاتر لە (٥٠٠) پێنج سەد خوێندکاریان تێدا نیشتەجێ دەکرێت، نزیکەی (١٧) حەڤدە ساڵە بەکاردەهێنرێت، چەندجارێک دەرخستە بۆ نۆژەنکردنەوەکان کراوە، بەڵام لەبەر کەمی بودجە ڕەزامەندی لەسەر نۆژەندکردنەوەیان نەدراوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ئاماژمان پێدان پێویستمان بە چاودێری کردنی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە جێگیرکردنی (٤) چوار فەرمانبەری هونەری بۆ ڕۆژ، (٤) چوار فەرمانبەری هونەری بۆ شەو، بۆ هەر چوار باڵەخانەکە.

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٦) بدەین، دەبینین وشەکانی (دانان، جێگیرکردن) لە جۆری هاوواتان، توانراوە لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و ڕۆڵی گرنگیان لە بەستنەوەی دەقەکەدا بینیوە، خوێنەر بە تەواوی دەزانێت، کە ئەم دوو وشەیە لە نوسیندا جیاوازن لە دەقەکەدا، بەڵام یەک واتایان بەخشیوە بە دەقەکە، واتە لە ڕستەکانی (دانانی فەرمانبەری هونەری، جێگیرکردنی فەرمانبەری هونەری) وەک

هاوواتای یەکتر بەکارهێنراون، بەڵام لە دروستەیەکی تر و لە دەرەوەی دەقەکەدا ڕەنگە واتا نزیکی یەکتر نەبن.

### ٣-٦-١-٢-٢-٣ نیمچە هاوواتا

ئەم جۆرە لەو وشانەدا بەدیدەکرێت کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن، بەڵام هەر وشەیەک بەلای کەمەوە لە سیمایەکی گرنگدا جیاوازی لەگەڵ ئەوی تریاندا هەیە.(عەلی،٢٠١٩ :٩١)

ئەم جۆرە هاوواتایە لە نموونەی (١٧)دا ڕووندەکەینەوە، کە ئاماژە بە دەقی کارگێڕی ژمارە ٣٢٩ی بەڕێوبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان دراوە بەم شێوەیە:

١٧- بۆ بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران

بابەت/دابینکردنی پێداویستی

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا لیستی پێداویستی باڵەخانەکانی کوڕان و کچانتان بۆ دەنێرین بە مەبەستی کڕینی ئەو پێداویستیانە و چارەسەرکردنی پێش دەستپێکردنەوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١.

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٧) بدەین، ئەوا وشەکانی (دابینکردن، کڕین) وەک وشەی هاوواتا لە دەقەکەدا لە شوێنی یەکتر بەکارهێنراون، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە بەستنەوە و واتا بەخشین بە دەقەکە و فراوانبوونی واتای دەقەکەدا بینیوە.

### ٣-٦-١-٢-٣ گرتنەوە

گرتنەوە جۆرێکە لە پەیوەندی واتایی نێوان وشەیەک و پۆلێک وشە، بە مەرجێک واتای وشەکە واتای هەموو ئەندامانی پۆلەکەی تێدابێت، بەمجۆرە ئەندامانی پۆلەکە دەبنە جۆرێک لە وشەکە. (فەرهادی،٢٠٠٨ :٢٠٢)، گرتنەوە دیاردەیەکی واتایی فەرهەنگییە، شانبەشانی پەیوەندییە واتاییەکانی تر کاردەکات، ئەو پەیوەندییە کە لێکسیمێکی تایبەت (وشەی ژێرخان) بە لێکسیمێکی گشتییەوە (وشەی سەرخان) دەبەستێتەوە، واتە وشە ژێرخانەکان لە ناو خۆیاندا دەبنە کۆ هایپۆنیمی یەکتر، هەروەها سیما بنەڕەتییە هاوبەشەکان لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا دەبنە جەمسەر لە گرێدانیدا، (محەمەد، ٢٠٠٥: ١٤) بۆ زیاتر ئاماژەدان بە پەیوەندیی گرتنەوە

بڕوانە: نموونەی(١٨)، بریتییە لە دەقی کارگێڕی ژمارە ١٥٥ی بەڕێوبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی:

١٨- داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە دابینکردنی پێداویستییەکانی پاککردنەوە لە جۆری زۆر باش بۆ ماوەی یەک مانگ بە بەردەوامی وەک (شامپۆ، سابونی وشک، فاست، کلۆر، گسک، ماسیحە....هتد) بۆ پاککردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان.

لێرەدا ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٨) بدەین، دەبینین پێکهاتەی پێداویستییەکانی (پاککردنەوە) واتای پۆلە وشەکەی هەڵگرتووە، کە بریتیین لە وشەکانی (شامپۆ، سابونی وشک، فاست، کلۆر، گسک، ماسیحە...هتد)، واتە دەتوانین لەم دەقەدا بە ئاسانی لەوە بگەین، کە پێکهاتەکانی (پاککردنەوە) لە ڕستەی یەکەمی دەقەکەدا چەمکێکی گشتگیری هەیە، بە سەرنجدان لە پەیوەندیی چەمکی (پاککردنەوە) بە جۆرەکانی (پاککردنەوە)وە، بۆیە لێرەدا دەتوانین لە دەقێکدا تەنها ئاماژە بە چەمکە گشتییەکە بدەین، کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بزانێت مەبەستی نێرەر لە دەقەکەدا چییە، واتە دەتوانرێت تەنها بنوسرێت (دابینکردنی پێداویستییەکانی پاککردنەوە) ڕاستەوخۆ خوێنەر دەزانێت مەبەست لەو بابەتانەیە، کە لە دەقەکەدا ئاماژەپێیدراوە ئەگەر ئاماژەشی پێنەدرێت، کە بەمەش دەوترێت گرتنەوە، واتە وشەی (پاککردنەوە) لەم دەقەدا، مەرجی واتایی هەموو ئەندامانی جۆری پاککەرەوەی تێدایە.

### ٣-٦-١-٢-٤ میرۆنیمی

ئەم جۆرە گشتگیرییە (Super ordinate) پەیوەندیی بەش و گشتی دەردەخات، لەنێوان دانەکانی لێکسیکیدا، بۆ نموونە (خانوو، دەرگا، پەنجەرە، لەش، ڕان، قۆڵ، ئۆتۆمبێل، تایە، ویل...هتد)، پەیوەندیی میرۆنیمی لەوەدا وەک گرتنەوە وایە، کە هەمان یاسای پلەیی پەیڕەودەکات، وەک ئەو دانەیەی کە چەمکی گشتی نیشاندەدات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەی (١٩) دەقی کارگێڕیی ژمارە (٢١) بەڕێوبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی :

١٩- هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا، یاداشتی فەرمانبەر (اسماعیل جمال حسێن) شۆفێر لە بەڕێوبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی کەمپی نویَ و عەواڵ دەنێرین بۆتان، داواکارە لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون، بە چاکردن و گۆڕینی (تایە، بانص، ڕۆت، شمع)، بۆ ئۆتۆمبێلی جۆری پیکاب ژمارە ٥٠٢ خوێندنی باڵا.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (١٩) دەبینین، وشەکانی (تایە، بانص، ڕۆت، شمع)، بەشێکن لە وشە گشتییەکە، کە (ئۆتۆمبێلە)، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکە و واتا بەخشین بە دەق بینیوە، چونکە ئەگەر سەرنجبدەین لە دەقەکەدا ئەم وشانە لاببرێت پێکەوەبەستنی دەق بەرهەمنایەت، ئەگەر وشە گشتییەکەش لاببرێت، دیسان پێکەوەبەستنی دەق بەرهەمنایەت، دەقەکە واتای تێگەشتن بۆ وەرگر، یان خوێنەر نادات بەدەستەوە.

### ٣-٦-١-٢-٥ دژواتا

دژواتایی جۆرێکە لە پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان، چونکە لە هەموو جۆرەکانی تری پەیوەندییە واتاییەکان ڕۆڵی زیاترە لە ڕونکردنەوەی واتای وشەدا، چونکە مرۆڤ زۆرجار بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتای وشەیەک بۆ خۆی یان بۆ تێگەیاندنی بەرامبەرەکەی پەنا دەباتە بەر دژواتایی ئەو وشەیە. (محمد،٢٠٠٦: ٥٩)

دژواتا بریتییە لە پەیوەندی دەوروبەر ئەم پەیوەندییەش دابەشدەکات بۆ پەیوەندیی ناوەوە و دەرەوە، پەیوەندیی ناوەوە وشەکانی زمان بەیەکەوەدەبەستێتەوە، پەیوەندیی دەرەوە وشە بە ئاماژە بۆکراوەکان دەبەستێتەوە، کە پێیوایە هەموو یەکەزمانییەکان لە شێوەی دژواتایی بەرامبەرییەک دەوەستنەوە. (دزەیی،٢٠١٥: ١٩٣)، ئەویش بە دوو شێوە:

أ- دژە داخراوەکان: وەک شێوەکانی ڕابردوو ڕانەبردوو

ب- دژە کراوەکان: وەک وشە فەرهەنگییەکان. کەواتە دژواتا وەک دیاردەیەکی دوو لایی پەیوەندی نێوان دوو شت یان دوو کەس نیشان دەدات، کە واتای دژیەکی و بەرەنگاریان بەرامبەر بە یەکتر تێدایە. (عەلی،٢٠١٩: ١٠٩).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ٣ جۆر لە دژواتایی لە زماندا دەستنیشانبکەین، ئەوانیش:

### ٣-٦-١-٢-٥-١ دژواتای بەرامبەری

دژواتای بەرامبەری بارێکی تایبەتی پەیوەندیی جیاوازییە، کە لە نێوان دوو دانەدا هەیە، واتە ئەم جۆرە لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوە و پەسەند کردن دامەزراوە، لە نێوان دوو دانەدا، کە پەسەند کردنی یەکێکیان بە مانای ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان دێت و بە پێچەوانەوە. (محمد، ٢٠٠٦: ٦٢).

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجبدەینە دەقی ژمارە ٨٤٩٢ ی فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران، لەم دەقەدا دژواتای بەرامبەری ڕۆڵی لە بەستنەوەی دەقەکەدا بینیوە، بڕوانە نموونەی (٢٠)

٢٠- بابەت/ناردنی لیستی ئامادەبوونی ئەلیکترۆنی فەرمانبەران

داواکارین لە بەڕێزتان لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا لیستی ئامادەبوونی ئەلیکترۆنی فەرمانبەران (پەنجەمۆر) ئاڕاستەی فەرمانگەکەمان بکەن لەگەڵ لیستی ئامادەنەبوونی فەرمانبەران بەمەبەستی بەدواداچونی کارگێڕی و یاسایی.

لە نموونەی (٢٠)دا، وشەکانی (ئامادەبوون، ئامادەنەبوون) لە جۆری دژواتای بەرامبەرین، ڕۆڵی سەرەکییان لە بەستنەوەی دەق و ڕوونکردنەوەی واتای دەقەکەدا بینیوە، خوێنەری نووسراو بە ئاسانی لە مەبەستی نێرەر دەگات.

### ٣-٦-١-٢-٥-٢ دژواتای پێچەوانەیی

ئەم جۆرە دژواتایە بەوە لە دژواتای بەرامبەری جیادەکرێتەوە، کە پلە دارە، واتە دوو وشەکە بەراورددەکرێن، ئەم بەراوردەش لە نێوان دوو کەس یان دوو شت یان دوو حاڵەتی جیاوازدا دەبێت، کە هەردووکیان کردەیەک دەگەیەنن، بەڵام لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە تەماشا دەکرێن. (عەلی، ٢٠١٩: ١١٠).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری دژواتای پێچەوانەیی، بڕوانە نموونەی (٢١)، کە بریتییە لە دەقی کارگێڕیی ژمارە (٣٦١)ی بەڕیوبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکانی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی:

٢١- بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە سەرجەم فەرمانبەرانی دەوامی بەیانیان ئاگادار بکەنەوە، کە هەموو ئەو کۆمپیوتەرانەی لەسەر باڵەخانەکانیان تۆمار کراون

کۆ بکەنەوە و ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی لیژنەیەک سەردانی باڵەخانەکان بکات بۆ جەردکردن و جیاکردنەوەی چاک و خراپ بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەو کۆمپیوتەرانەی کە بەکەڵکی بەکارهێنان دێن و سودیان لێوەربگیرێت و ئەوەشی بە کەڵکی چاکردنەوە نەماون شەتب بکرێن.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٢١)، دەبینین وشەکانی (چاک،خراپ) لە جۆری دژواتای پێچەوانەیی لە دەقەکەدا بەکارهێنراون ڕۆڵی گرنگیان لە ڕوونکردنەوە و تێگەشتن لە واتای دەق و پێکەوەبەستنی دەقدا هەیە، کە خوێنەر بە ئاسانی لە مەبەستی نووسراو تێدەگات.

## ٣-٦-١-٢-٥-٣ دژواتای تەواوکەرانە

ئەم جۆرە پەیوەندییە، بە بەراوردکردنی هەندێک وشە دەردەکەوێت چەمکی وشەکان لە پەیوەندییەکی دوو سەرەدان لەگەڵ یەکتری. (سەفەوی، ٢٠٢٠: ١٠٥)

بڕوانە نموونەی (٢٢)، کە لەم دەقە کارگێڕییەدا دژواتای تەواوکەری ئاماژەی پێدراوە.

٢٢- داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرمون بە پێکهێنانی لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە، کە ناوو ناونیشانیان هاتووە، بە مەبەستی لیژنەیی پێدان و وەرگرتن (الدور و تسلیم) بۆ ئەو کەلوپەلە شەتب کراوانەی لە باڵەخانەکاندان.

ئەگەر سەرنجبدەینە نموونەی (٢٢)، وشەکانی (پێدان و وەرگرتن) وەک جۆری دژواتای تەواوکەری لە دەقەکەدا بەکارهێنراون، کە دەبینین وەک بەستەرێکی لێکسیکی، ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە بەستنەوەی دەقەکە و پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیان هەیە، لەگەڵ جۆری بەرامبەریدا یەکدەگرنەوە واتایەکی ڕوونیان داوە بە دەقەکە، کە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی لە مەبەستی دەقەکە بگات.

## ٣-٦-١-٢-٦ هاوڕێیەتی

هاوڕێیەتی جۆرێکە لە پیکەوبەستنی لێکسیکی، هاڵیدەی و حەسەن هاوڕێیەتی بەوە پێناسەدەکەن، کە وەک ((جوتێک دانەی لێکسیکی کە پەیوەندی واتاییان یەکسان نییە لە لێکسیکی واتایی سیستمدا)). (Halliday&Hasan,1976:386)، واتە کاتێک دوودانەی

لێکسیکی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەمە بابەتێکی پەیوەندیی زمانەوانییە لە دەقدا، پلەی نزیکی لە سیستمی لێکسیکیدا هەیە، هاوڕێیەتیی وشە هەمیشە ئاسایی نییە، ئەویش سەرجەم زمانناسەکان هاوڕان لەگەڵیدا، ئەگەر بڕوانینە نموونەی (٢٣)، کە تایبەتە بە دەقی کارگێڕیی ژمارە (٢٨٣) کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی:

٢٣- هاوپێچ مۆڵەتی نەخۆشی خوێندکاری ماستەری زمانی کوردی بەڕێز (سۆما جمال ڕووف) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠، بۆ بەڕێزتان دەنێرین، کە ناوبراو داوای مۆڵەتی نەخۆشی کردووە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی کۆرسی دووەمی خویندنەکەی، کە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١٩ دەست پێدەکات و لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٣٠ کۆتایی پێدێت، بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵبوون و ناجێگیری باری تەندروستی، کە ڕێگای پێنادات ئامادەی تاقیکردنەوەکان بێت، تکایە فەرمانی بەڕێزتان بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

لە نموونەی (٢٣)دا، بۆمان دەردەکەوێت، کە وشەکانی (مۆڵەتی نەخۆشی، نەشتەرگەری منداڵبوون، ناجێگیری باری تەندروستی) هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەک دروستکردووە، (مۆڵەت) لەگەڵ (نەخۆشی) بەهۆی پێکەوەبەستنی هاوڕێیەتییەوە بە دواییەکداهاتوون، لێرەدا هەم پێکەوەبەستن و هەم گونجاندن بەهۆی جۆری هاوڕێیەتییەوە لە دەقەکەدا بەرهەمهاتووە، چونکە ناگونجێت بووترێت (مۆڵەتی خەمخواردن)، چونکە هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا بەرهەمنایەت، بە هەمان شێوە وشەکانی (نەشتەرگەری منداڵبوون، ناجێگیری باری تەندروستی، ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی کۆرسی دووەمی خویندن) هاوڕێیەتییان دروستکردووە، چونکە ناتوانرێت بنوسرێت (نەشتەرگەری باڵەخانەکان، یان ناجێگیری دروستکردن)، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هاوڕێیەتی گرنگە بۆ پێکەوەبەستنی وشەکانی ناو دەق و بەخشینی تێگەشتن لە واتای نووسراو بە وەرگر، یان خوێنەر.

پاش خستنەڕووی جۆرەکان و نواندنی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لیکسیکی)، بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی ئەم بەشەدا، نواندنی تۆڕی پێکەوەبەستنی (ڕێزمانی و لێکسیکی) لەسەر دەقێکی کارگێڕی شیبکەینەوە، تێیدا گشت بەستەرەکان و جۆرەکانیان دیاریبکەین، بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە دەقی (٢٤).

٢٤- پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بڕیارمان دا بە:-

ڕاگەیاندنی ناوی سەرجەم ئەو فێرخوازانەی، کە بەشداربوون لە تاقیکردنەوەی خولی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستی ناوەند و باڵا لەگەڵ ناوی دەرچوان و دەرنەچوان، کە لە ڕۆژی (٢٠١٤/٣/١٦)دا لە لایەن بەڕێوبەرایەتی سەنتەری زمانەوە ئەنجامدراوە.

- ئاستی باڵا، بە ناوی (بڕوا محەمەد مەحمود) دەست پێدەکات و بە ناوی (کاوە عیزەدین عەبدولڕەحمان) کۆتایی دێت.
- ئاستی ناوەندی ئێواران، بە ناوی (کۆچەر ئیبراهیم عەبدوڵرەحمان) دەست پێدەکات و بە ناوی (دیمەن عەبدوڵا ساڵح) کۆتایی دێت.
- ئاستی ناوەندی بەیانیان، بە ناوی (تیشکۆ حسێن فەقێ محەمەد) دەسپێدەکات و بە ناوی (هاڤار بەختیار غنی) کۆتایی دێت.

نواندنی بەستەرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانی لەم دەقە کارگێڕییەدا.

١- ئاماژەکردن:

لەم دەقەدا لێکسیمی (ئەو) ئاماژەکردنە بۆ ناوی فێرخوازان.

٢- لەبریدانان:

لەم دەقەدا لێکسیمی (کە)، کە لە پێش (لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٦) لە دەقەکەدا هاتووە، دوو ڕۆڵی بینییوە، جگە لەوەی کە ڕۆڵی بەستنی بینییوە، لەبریدانانیشە، چونکە ئەگەر (کە) نەبووایە دەبوو لە شوێنی (تاقیکردنەوەی خولی توانستی زمانی ئینگلیزی) دابنرایە.

٣- بەستن:

لەم دەقەدا بەستەرەکانی (و، لەگەل، کە، لەلایەن) رۆڵی بەستنەوەی دانەکانی دەقیان بینیوە.

نواندنی بەستەرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکی لەم دەقە کارگێڕییەدا.

١- دووبارەبوونەوە:

لەم دەقەدا هەشت جار لێکسیمی (ناوی) دووبارەبووەتەوە، لێکسیمی (ئاست) چوار جار دووبارەبووەتەوە، دووبارەبوونەوەی کرداری (کۆتایی دێت) سێ جار دووبارەبووەتەوە و (دەستپێدەکات)یش سێ جار دووبارەبووەتەوە، لێکسیمی (ناوەند) سێ جار و لێکسیمی (بالا) دوو جار دووبارەبوونەتەوە، کە ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا بینیوە.

٢- هاوواتا:

لەم دەقەدا ناوی (سەرجەم) لەگەڵ ناوی (دەرچوان و دەرنەچوان) هاوواتان.

٣- گرتنەوە:

لەم دەقەدا (ئاست) گرتنەوەیە، کە (ناوەند و بالا) لەخۆدەگرێت.

٤- دژواتا:

وشەکانی (دەستپێدەکات X کۆتایی دێت) سێ جار و (ئێواران X بەیانییان) وەک بەستەری دژواتا هاتوون.

٥- هاوڕێیەتی:

(ئاستی) لەگەڵ (بالا)، (ئاستی) لەگەڵ (ناوەند)، (تاقیکردنەوە) لەگەڵ (خولی توانستی زمانی ئینگلیزی)، (ناو) لەگەڵ (دەرچوان و دەرنەچوان)، (بەڕێوبەرایەتی) لەگەڵ (سەنتەری زمان) بە هۆی هاوڕێیەتییەوە لە دەقەکەدا پێکەوەبەستراون، ڕۆڵیان لە پێکەوەبەستن و گونجاندنی دەقدا بینیوە.

# ئەنجام

١- پێکەوەبەستنی دەق، بە دوو ڕێگا دەبێت، یەکەمیان ڕێگاکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانییە، کە ئەویش جۆرەکانی (ئاماژەکردن، لە بریدانان، لابردن، بەستن) دەگرێتەوە، دووەمییان ڕێگاکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکییە، کە ئەویش بەهۆی هەڵبژاردنی وشەوە دەبێت، وەک دووبارەبوونەوە و بەکارهێنانی وشەی هاوواتا و دژواتا و گرتنەوە و میرۆنیمی و هاوڕێیەتییەوە.

٢- پێکەوەبەستن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری لەسەر پێکەوەگونجاندن هەیە، واتە تا دەق لە ڕێی سیستەمی ڕێزمان و لێکسیکییەوە باش پێکەوەبەسترا بێت، ئەوا گونجاندنی دەق باشتر دەبێت و گوێگر، یان خوێنەر باشتر لە دەق تێدەگات.

٣- نواندنی بەستەرەکانی ڕێزمانی دەق بەهۆی پۆلەڕەگەزی ڕێزمانی و پێکهاتەییەوە دەنوێنرێن، بەڵام نواندنی بەستەرەکانی لێکسیکی دەق بەهۆی پۆلەڕەگەزی لێکسیکی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ژمارە....) دەنوێنرێن.

٤- لەناو جۆرەکانی پێکەوەبەستنی ڕێزمانیدا، جۆری بەستن بەتایبەت بەستەرەکانی (و، کە) لە هەموویان چالاکترن، بەڵام لەناو جۆرەکانی پێکەوەبەستنی لێکسیکیدا (دووبارەبوونەوە، هاوواتا، دژواتا) لە هەموویان چالاکترن.

٥- لە نێوان دەقی قسەکردن و نووسیندا جیاوازییەکی بەرچاو بوونی هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی بەستەرەکانی ناو دەقەوە، هەردوو جۆرەکە هاوشێوەی یەکن و بەهۆی جۆرەکانی بەستەرەوە پێکەوەدەبەسترێن و بەرهەمدێن.

٦- دەوروبەری دەق و شێوەزمان یارمەتیدەرێکی باشی پێکەوەبەستنن لە دەقدا، کە پێکەوەبەستنیش ڕستن بەرهەمدێنێت و بنەمای دەقیانە بە دەق دەبەخشێت.

٧- دەقی کوردی و دەقی کارگێڕی لە ڕووی پێکەوەبەستن و جۆرەکانییەوە تا ڕادەیەک زۆر لەیەک دەچن و لە هەردووکیاندا پێکەوەبەستنی ڕێزمانی و لێکسیکی ڕۆڵی بەرچاویان لە پێکەوەبەستنی دەقەکەدا هەیە و بێ ئەم بەستەرانە هیچ کامێکیان بەرهەمنایەت.

٨- لێکدانەوە و تێگەشتن لە پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگی، یان ئەرکی لە دەقێکدا بەهۆی بەستنەوەی بە پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگی، یان ئەرکی تر لە دەقەکەدا دەبێت، کە بەهۆی سیستەمی پێکەوەبەستن پێکەوە بەستراونەتەوە و گوێگر یان خوێنەر بەهۆی ئەو وادانانەی لە مێشکیدا دایدەنێت ڕاڤەی دەکات و لێی تێدەگات.

## سەرچاوەکان

١- باتنی محمد ڕەزا، ١٩٩٣، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: حەسەنی قازی، چاپ و بڵاوکردنەوە: سوید.

٢- تۆفیق قیس کاکل،٢٠٠٢، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٣- حاجی مارف ئەورەحمان، ١٩٧٩، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ئێراق، بەغداد.

٤- حاجی مارف ئەورەحمان،٢٠١٤-أ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی). بەشی دووەم (جێناو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥- حاجی مارف ئەورەحمان،٢٠١٤-ب، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی). بەشی سێیەم (ئاوەڵناو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦- حاجی مارف ئەورەحمان،٢٠١٤-پ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی). بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- حەمەغەریب هێرۆ ئەحمەد، ٢٠١٤، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨- دزەیی عبدولواحید موشیر،٢٠١٥، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٩- سەفەوی کۆرش، ٢٠٢٠، وەرگێڕانی شیروان حوسێن خۆشناو، ناسینی واتا سازی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشبنیری ئاوێر، هەولێر.

١٠- عول محمد عمر ، ٢٠٠٨، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارووودا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١- عول محمد عمر، ٢٠١٧، پێواژۆ کردارییەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی ٣، ژمارە ٣، ئاب.

١٢- عول محمد عمر، ٢٠٢١، موحازەراتی مۆرفۆلۆژی- قۆناغی دووەمی بەشی کوردی- کۆلیژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

١٣- عەبدوڵا مەهاباد کامیل، ٢٠١٠، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤- عەزیز سامان جەلال، ٢٠١٤، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٥- عەلی بەکر عومەر، ١٩٩٢، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٦- عەلی تاڵیب حوسێن، ٢٠١٩، واتاسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٧- فەتاح محەمەد مەعروف، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- فەتاح محەمەد مەعروف، ٢٠١١، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٤)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٩- فەرهادی ساجیدە عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ڕستە و پاش رستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢٠- فەرەج شاخەوان جەلال، ٢٠١٥، شێوەکانی دووان لە دەقی زمانییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٧)، بەشی B.

٢١- قادر شێرزاد عەبدوڵا، ٢٠١٤، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیردا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٢- قادر شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٩، شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢٣- قادر كاروان عمر، ٢٠٠٨، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٢٤- کانەبی دلێر سادق، ٢٠٠٩، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢٥- محمد دارا حەمید، ٢٠٠٦، پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوریدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی ئیبن ڕوشت، زانکۆی بەغداد.

٢٦- محمد شەیدا ڕەشید، ٢٠١٦، شێواز لە شیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس"دا قۆناغی دوای بزوتنەوەی ڕوانگە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٧- محەمەد بابان عەبدولا عەزیز،٢٠٠٥، هایپۆنیم و هەندێ پێوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٨- محەمەدامین هاژە چیچۆ، ٢٠١٥، دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

٢٩- ملازادە ڕێبوار محمد، ٢٠٢١ زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.

٣٠- مەحویی محەمەد ، ٢٠٠١، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

٣١- مەحویی محەمەد و ئەحمەد نەرمین عومەر، ٢٠٠٤، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، لە بلاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٣٢- فاطمە بدر، معاذ الصباغ، أساسيات الإدارة، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية السورية، ٢٠٢٠.

33- Allen, J.P.B & Corder, S.Pit. (1974). Papers in Applied Linguistics**.** (Volume 2). Oxford University Press.

34- Bloomfield, L. (1973) Language. London: Compton Ltd.

35- Brown, G. & G. Yule (1983) Discourse Analysis**.** Cambridge: The university Press.

36- Callow, K. (1974) Discourse Consideration in Translating the Words of God. Michigan: Zudervan.

37- Carter, Ronald, Rebbeca, Hughes and Michael McCarthy. (2000). Exploring Grammar in Context**.** Cambridge University Press.

38- Cook, G. (1989) Discourse**.** Oxford University Press.

39- Crystal, D. (1991) A First Dictionary of Linguistics and Phonetis**.** 3rd ed. London: Longman.

40- De Beaugrande, R & Dressler, W. (1981) Introduction to Text Linguistics. London: Longman.

41- Droga, I. & Humphrey, S. (2002). Getting Started with Functional Grammar. Berry: Target Texts.

42- Eggnis, S. (1994). An Introduction to Systemic Functional Linguistics. New York: Pinter Publishers.

43- Gee, J. P. (1999) an Introduction to Discourse Analysis: Theory and Method. London: Routledge.

44- Halliday, M. A. K. (1973). Explorations in the functions of language. London: Edward Arnold.

45- Halliday, M.A.K. & R. Hassan (1976) Cohesion in English. London: Longman.

46-Halliday, M.A.K. (1985) an Introduction to Functional Grammar, London: Edward Arnold.

47- Halliday, M. A. K. & Mathiesan, C. (2004) Systemic Finctional Grammar. London: Longman.

48- Halliday, M.A.K (2007) Language and Education. London: Continuum.

49- Harmer, J. (2004). How to Teach Writing Pearson Educated Limited.

50- Hasan, R. (1984) "Coherence and Cohesive Harmony". In J. Flood (1984**)** Understanding Reading Comprehension. Delaware: International Reading association.

51- Hatch. E. (1992) Discourse and Language Education. Cambridge: The University Fress.

52- Hoey, M. (1991) Patterns of Lexis in Text. Oxford: Oxford University press.

53- Kress, G. (1985). Linguistics Process in sociocultural Practice . Geelong, Vic.: Deakin University Press.

54- Leech, G. & M. H. Short (1981) Style in Fiction. London: Longman.

55- Leech, G. (1974). Semantics. London: Pelican Original.

56- Liliane Haegeman & Jaqueline Gueron,**1999**. English Grammar. A Generative Perspective, Blackwell Publishers, Oxford, UK.

57- McCarthy, M. (2001). Isseus in Applied Linguistics. Cambridge University Press.

58- Nunan, D. (1993). Introducing Discourse Analysis. London: Penguin English.

59- Nuttal, C. (1982) Teaching Reading Skills in a Foreign Language. London: Heinemann Educational Books.

60- Palmer, E. R. (1981) Semantics. 2nd edn Cambridge University Press.

61- Palmer, E. R. (1988) Semantics. 2nd ed. Cambridge: Cambridge University Press.

62- Quirk, R.; S. Greenbaum; G. Leech & J. S. Vartik (1985) A Comprehensive Grammar of the English Language. London: Longman.

63- Richards, J. ; J. Platt; & H. Weber (1985) Longman Dictionary of Applied Linguistics. London: Longman.

64- Salkie, R. (1995) Text and Discourse Analysis. London: Routledge.

65- Sinclair, J. H. (1966) Beginning of the Study of Lexis. London: Longman.

66- TEUN. A. VAN DIJK. 1985. Handbook of discourse analysis, III: Discourse and dialogue. Orlando: Academic Press.

67- Trugott, E. C. & M. L. Pratt (1980) Linguistics for Students of Literature. New York: Harcourt Brace Jovanovich.

# الخلاصة

عنوان هذه الرسالة التماسك للنصي في اللغة الكردية: النصوص الإدارية نموزجاً النصوص قضايا مهمة وشاملة ومعقدة تحتاج إلى دراسة من زوايا مختلفة. النصوص ، فيما يتعلق بالقواعد والمعنى ، لها دور أساسي في علم اللغة لأنها تستخدم من قبل المتحدث / الكاتب والمستمع / القارئ. يعد التماسك أحد العوامل الرئيسية لإنتاج النص الذي هو محور هذه الرسالة. المواد والأمثلة للنصوص التي تم تحليلها مأخوذة من اللهجة الكرمانجية للغة الكردية المركزية وعلى وجه التحديد نوع النص المختار هو نصوص إدارية يتم دراستها وتحليلها بنظرية التماسك. على سبيل المثال ، بالنسبة للنصوص الإدارية ، تم جمع عدد من الأوامر الإدارية في جامعة السليمانية تحديدا كلية اللغات والاقسام الداخلية كبيانات وأمثلة لمواد دراسة هذه الرسالة.

من الناحية النظرية ، ينصب التركيز على مصطلحات ومفاهيم ونظريات نظام التماسك لنموذج هاليدى ( ١٩٨٥) للقواعد الوظيفية المنهجية. في هذه الرسالة ، النهج المعتمد هو التحليل الوصفي. تتكون الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة.

الفصل الأول بعنوان نهج التماسك النظري وهو الجزء النظري من الرسالة. في هذا الفصل ، يتم مناقشة وظائف هاليدى الوصفية للغة ، وعدد من الموضوعات الرئيسية بما في ذلك النظام المتماسك ، المفترض، الإفتراض المسبق، البنية ، التماسك ، التناسق ، وتحليل الخطاب ، بالإضافة إلى اللغات المنطوقة والمكتوبة. تم شرح التماسك وأنواعه (النحوي والمعجمي) بالتفصيل. بعد ذلك ، تم تقديم التماسك فيما يتعلق بالقواعد الوظيفية المنهجية لهاليدي ، بالإضافة إلى محللين لغويين آخرين الذين ناقشوا النصوص اللغوية بشكل عام والنصوص الأدبية بشكل خاص.

أما الفصل الثاني فقد خصص لأدوات التماسك في النصوص و وظائفها باللغة الكردية. هنا ، تم مناقشة أنواع التماسك النحوي (الإشارة ، الإستبدال ، الحذف ، أدوات العطف ... إلخ) والتماسك المعجمي (التكرار ، المرادفات ، المتضادات ، التلازم اللفظي ... إلخ) وفقًا لنموذج التماسك الخاص بهاليدي ( ١٩٨٥) .بعد ذلك ، في نصوص اللغة الكردية ، تم

عرض هذه الأنواع وتفصيلها مع مراعاة إستخدام الفئات الوظيفية (الفاعل ، والفعل ، والمتميم) والفئات المعجمية (الاسم ، الصفة ، الفعل ، العدد ... إلخ).

أما الفصل الثالث فإنه يخص بنظرية التماسك للنصوص الإدارية في اللغة الكردية. بعد تحديد وتقديم أنواع التماسك في الفصل الثاني ، حاولنا تطبيق هذه الأنواع من الأدوات المتماسكة في النصوص الإدارية. على سبيل المثال ، لأغراض التحليل ، يتم أخذ عدد من الأوامر الإدارية (مثل الأوامر الصادرة عن جامعة السليمانية ، وكلية اللغات والاقسام الداخلية) وتحديد أنواع نظام التماسك وتوضيحها.

تنتهي الرسالة بالخاتمة وملخصين باللغتين العربية والإنجليزية وقائمة المصادروالمراجع.

# Abstrac

This thesis is entitled *Cohesive Devices of Texts in Kurdish Language*: Administrative texts as acasestudy.

Texts are significant, vast and complicated issues that need to be investigated within various perspectives. Texts, in respect to grammar and meaning, has a crucial role in linguistics because they are used by speaker/ writer and hearer/ reader. One of the main factors of text production is cohesion which is the focus of this thesis. Materials and examples of analysed texts are taken from the Kurmanji dialect of central Kurdish and specifically the type of the text chosen are administrative texts which are cohesively investigated and analysed. For example, for administrative texts, a number of administrative orders such as Sulaimani University, college of languages and the Office of students' dormitories have been collected as data and examples for the materials of the investigation. Theoretically, the focus is laid on the terms, concepts and theories of cohesion system of Halliday's (1985) model of Systematic Functional Grammar. In this thesis, the adopted approach is descriptive analysis.

The thesis consists of an introduction, three chapters and a conclusion.

The first chapter is entitled "an approach to cohesion in terms of theory" which is a theoretical part of this thesis. In this chapter, Halliday's meta-functions of the language, a number of crucial topics including cohesive system, presupposed, presupposing, texture, cohesion and coherence, discourse analysis, as well as spoken and written languages have been discussed. Cohesion and its two types (grammatical and lexical) have been explained in detail. Afterwards, cohesion has been presented in connection to Halliday's Systemic Functional Grammar, as well as other linguists regarding linguistic texts in general and literary texts in particular.

The second chapter is devoted to the cohesive devices in the texts and their functions in Kurdish language. Here, the types of grammatical cohesion

(reference, substitution, ellipsis, conjunctions…etc. ) and lexical cohesion (repetition, synonyms, antonyms, collocations…etc.) have been discussed according to Halliday's model of cohesion (1985). Afterwards, in Kurdish language texts, these types are presented and elaborated while taking into account the use of functional categories (subject, verb and complement) and lexical categories (noun, adjective, verb, number…..etc.).

The third chapter deals with the cohesive devices of administrative texts in Kurdish language. After determining and presenting the types of cohesive devices in the second chapter, we attempt to apply these types of cohesive devices in administrative texts. For example, for the purpose of analysis, a number of administrative orders (such as orders issued by Sulaimani University, college of languages and the office of students' dormitories) are taken and the types of the devices are specified and explained.

The thesis ends with the conclusion, abstracts in both Arabic and English languages and a list of references.

## لیستی سەرچاوەی دەقە وەرگیراوەکان


١- ئیلیف شەفەق، وەرگێڕانی: کارزان کاوسێن، ٢٠١٧، چل ڕێساکەی ئەشق، چاپی سێیەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

٢- برایم ئەحمەد، ٢٠٠٢، ژانی گەل، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٣- بەختیار عەلی، ٢٠٠٧، ئێوارەی پەروانە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤- تەنزەکانی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵا.

٥- تەها ئەحمەد ڕەسووڵ، ٢٠٠٠، ڕێبەندان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٦- جەبار جەمال غەریب، ٢٠١١، پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٧- حسێن عارف، ١٩٩٠، ئەندێشەی مرۆڤێک، چاپی یەکەم، بەغداد.

٨- دیوانی قانع، ٢٠٠٥، چاپی شەشەم، چاپخانەی دالاهو، سلێمانی.

٩- دیوانی گۆران، ١٩٨٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ئێراق، بەغداد.

١٠- ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ، ٢٠٢٢، ژمارەکانی (٨٥٨٠، ٨٥٨١، ٨٥٨٢، ٨٥٨٣، ٨٦١٥)، سلێمانی.

١١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٢٢، ژمارەکانی (١٩٥٤، ١٩٥٥)، سلێمانی.

١٢- زاهیر زانا، زانست زانا، ٢٠١٢، کلیلی ژیان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٣- سادقی هیدایەت، وەرگێڕانی: عەبدولقادری دەبباغی، ١٩٨٦، حاجی ئاغا، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد.

١٤- سایتی پارێزگای سلێمانی، بابەتی ماوەت، http://slemani.gov.krd/

١٥- سایتی زانکۆی سلێمانی، https://univsul.edu.iq/

١٦- سایتی ئاوێنە، ٢٠٢٢/٣/٧. AWENE.COM

١٧- سۆران ڕەشید ئیمامی، ٢٠١٢، گەمەی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٨- شێرزاد حەسەن، ٢٠١٢، کۆ چیرۆک، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٩- شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٤، گۆڕستانی چراکان، چاپی دووەم، سلێمانی.

٢٠- عەتا نەهایی، ٢٠٠٧، گرەوی بەختی هەڵاڵە (دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢١- کنێر عەبدوڵا، ٢٠١٣، تۆم خۆشدەوێت ئەی تۆ؟! ، چاپخانەی بینایی، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢٢- گەلاوێژ، ٢٠١٨، بووکی ئاتە خان، چاپی نوێ، سلێمانی.

٢٣- گەلاوێژ، ٢٠١٨، لەسەر باڵی سیمرخ، چاپی نوێ، سلێمانی.

٢٤- گەلاوێژ، ٢٠١٨، ئەفسانەی کەلی ناوگردان، سلێمانی.

٢٥- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٥، زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی ٨ـەمی بنەڕەتی.

٢٦- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢١، زمان و ئەدەبی کوردی (پۆلی ١١ـەهەمی ئامادەیی.

٢٧- ماریۆ بارگاس یۆسا، وەرگێڕانی: جەلیل کاکەوەیس، ٢٠١٣، ئاهەنگی تەگەکە، چاپخانەی ڕجایی، تاران.

٢٨- محمد موکری، ١٩٩٨، سەگوەڕ، چاپخانەی داناز، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٩- میرزا محەمەد امین مەنگوڕی، ٢٠٢٠، دیوانی بەهەشتی دڵداری، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣٠- یوسف عیزەدین، ٢٠٠٩، وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٣١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣٧- ٣٦ هەمین خولی دەرچوانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢١.